٧ رۆژنامە

www.rozhname.com

رۆژنامەیەکی رۆژانە یە کۆمپانیای وشە دوریدەکات

No.518 Thu 23/ 7/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 518 پێنجشەممە 23/ 7/ 2009

پرۆفیسۆرێکی ئەمریکی:

ئەگەر گەندەڵەکانی ئێستای حکومەتی هەرێم بخرێنە زیندانەوە، کەس نامێنێت حکومەت بەرێوەبەرێت

٧

هێمن لهۆنی

پرۆفیسۆرێکی ئەمریکی رەخنەی توند لە پارتیو یەکێتی دەگرێتو پێیوایە ئەو دیموکراسیەتەی لە کوردستان هەیە پرۆپەتی لە کەموکوڕییو داوادەکات ئەمریکا بەتوندی چاودێریی هەڵبژاردنەکان بکات، کە بڕیارە لە (٢٥)ی ئەم مانگەدا بکرێتو نەهێڵێت کوردستان ببێتە «بارزانیستان».

پرۆفیسۆر جێری واینبینگەر، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی میشیگن، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی «کورتهێنانەکانی دیموکراسی کوردستان» لە گۆڤاری ویکلی ستانداردی ئەمریکی دەنووسێت: «هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی ئەم مانگە لە کوردستان گرنگە بۆ ئەمریکا، بۆئەوەی بۆی دەرکەوێت کە ئایا کوردستان هەنگاوی جدیی دەنێت بۆ دیموکراسی راستەقینە یان وەک جاران هەڵبژاردنێکی ساختە دەکاتو بەرەو سیستمێکی سەرۆکایەتی دیکتاتۆریی دەڕوات».

پرۆفیسۆرە ئەمریکییەکە باس لە گەندەڵییەکانی یەکێتیو پارتی دەکاتو دەڵێت: «کوردستان حکومەتێکی خراپ بەرێوەی دەبات، بەشێوەیەک ئەگەر گەندەڵەکان بخرێنە زیندانەوە، کەس نامێنێت ئەو حکومەتە بەرێوەبەرێت».

جێری لەسەر گەندەڵییەکانی حکومەتی هەرێم زیاتر دەنووسێتو دەڵێت: «حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنتراکتی نەوتی ئیمزادەکات، بێئەوەی خەڵکی ئەو هەرێمە ئاگایان لە بچووکترین شتی ناو ئەو کۆنتراکتە بێت».

پرۆفیسۆر جێری واینبینگەر، کە بۆ ماوەی چوارمانگ لە سلێمانی ژیاوەو لە زانکۆی ئەمریکی وانەی وتووەتەوە، ئەو قسانە بە «بێمانا» وەسفدەکات کە دەڵێت کوردستان تروسکەی هیوای دیموکراسیەو گەشەی ئابووری تێدایە، لەوبارەیەوە دەنووسێت: «نابێت ئیدارەی ئەمریکی پێیوابێت بەرزبوونەوەی بیناو باڵەخانەکان لە هەرێمی کوردستان مانای پێشکەوتنی ئابوورییە، چونکە پارەی تەندەرەکانو پرۆژەکان هەمووی بۆ گیرفانی حیزبە دەسەڵاتدارە گەندەڵەکانی کوردستانە، کە لەدوای شەڕی ناوخۆوە پێکەوە هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی بەرێوەدەبەن».

پرۆفیسۆر جێری واینبینگەر پێکهاتەی یەکێتیو پارتی بە مۆدێلی سۆڤیەت ناودەبات و دەڵێت: «پارتیو یەکێتی پێکهاتەیان وەک مۆدێلی سۆڤیەتەو مەکتەبی سیاسی بڕیار لە هەموو شتێک دەدات، کۆنترۆڵی ژیانی هەموو کەسێکیان کردووەو چواریەکی هاوڵاتییانی ئەو هەرێمەیان بە پارە گرتووە، هەرکەسێکو میدیایەک دژیان بێت نانی دەبڕن».

جێری داواکارییەک لە ئیدارەی ئەمریکا دەکاتە کۆتایی نووسینەکەیو دەڵێت: «لەپێناو ئەو هەموو قووربانییو خوێنەی کە رۆڵەکانمان داویانە بۆ عێراق، دەبێت ئەمریکا گشت هەوڵەکانی خۆی بۆ ئەوە بخاتە کار کە ئۆپۆزسیۆن دەرفەتێکی ئازادی بۆ بڕەخسێت لە هەڵبژاردنەکان لە کوردستان».

دادگای باڵای تاوانەکان: خەزرەجی تۆمەتبارەو دەبێت دادگایی بکرێت

هەستیار قادر

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بەردەوامە لە گەڕان بەدوای نزار خەزرەجی تۆمەتبار لە دۆسیەی ئەنفالو سەرۆکی دادگاکەش دەڵێت: «خەزرەجی تۆمەتبارەو دەبێت بهێنرێتە بەردەم دادگا».

لەپاش باڵاوکردنەوەی چەند بەڵگەنامەیەکی رەسمیی لە ژمارە (٥١٦)ی رۆژنامەدا، کە تێیدا هەریەک لە جەلال تاڵەبانی وەک سکرتێری یەکێتی، فوئاد مەعسوم وەک بەرپرسی نووسینگەی دەرەوەی یەکێتی، دڵشاد میرانی وەک نووسینگەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پارتی لەنێوان ساڵانی (٢٠٠١) بۆ (٢٠٠٢) ئاراستەی وەزیری دادی حکومەتی دانیمارکیان کردووە، فەریق روکنی یەک (نزار خەزرەجی) بە بێتاوان لە هەڵمەتی ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجەدا لە قەڵەمدەدەن، سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خەزرەجی تۆمەتبارەو دەبێت دادگایی بکرێت.

لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ رۆژنامە عارف شاهین، سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق رایگەیاند: «نزار خەزرەجی تۆمەتبارە لە دۆسیەی ئەنفالداو پێویستە دەستگیربکرێتو بهێنرێتە بەردەم دادگا بۆ لێپێچینەوەو ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا».

عارف شاهین ئاشکرایکرد، کە بەر لە سێ ساڵو لە دەستپێکی لێکۆڵینەوەی دادگا لە دۆسیەی ئەنفالدا، بریاری دەستگیرکردنی نزار خەزرەجی دەرکراوە وەک یەکێک لە تۆمەتبارەکانی ئەو تاوانەو دادوەرانی لێکۆڵینەوەش بەردەوامن لە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەو ئەنجومەنی باڵای دادگای عێراقیو پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئەنتەرپۆڵ) بە مەبەستی دۆزینەوەی لە هەر وڵاتێکدا بێت تا بگەڕێنرێتەوە بۆ عێراقو وتیشی: «چەندین وڵاتی وەک دانیمارکو ئیسپانیاو ئیماراتی عەرەبیمان ئاگادارکردووەتەوە کە ئەگەر خەزرەجی لەو وڵاتانە بێت، رادەستی عێراقی بکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆکی داواکاری گشتیی دانیمارکمان دواندووەو جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەوانیش وەک دادگای دانیمارک بەدوای خەزرەجیدا دەگەڕێنو لەلای ئەوانیش داواکراوە».

لەوبارەیەوە راپۆرتێکی پەیوەندیدار لە ل٤دا دەخوێننەوە

گۆڕان بزووتنەوەیەکی سیاسییەو...

ئازاد قەزاز

ل٦و٧

پێشنیازی عەرەبو تورکمانەکان بۆ کەرکوک رەتکرایەوە

نیان مەجید

عەرەبەکانی کەرکوک داوا لەسەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەن کە پەسەندکردنی مادەی (٢٤) کە دژی کورد بوو، دووبارەبکرێتەوە.

لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا پێشنیازی عەرەبو تورکمانەکانی کەرکوک کە داوای کردبوو بەپێی یاساو دەستوور رێگەچارەیەک بۆ هەڵبژاردنی شاری کەرکوک بدۆزرێتەوە، لەلایەن لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە رەتکراوەتەوە، هەروەها داوایانکردبوو لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە یەکسانی لەنێوان عەرەبو کوردو تورکمان دابەشبکرێت، ئەمەش لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە رەتکرایەوە.

خالید شوانی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەک لیژنەی یاسایی، هەڵسەنگاندنی ئەم پێشنیازەی عەرەبو تورکمانەکانمان کردو خستمانە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمانو ئەویش رەتیکردووەتەوە، کە ئەمجۆرە پێشنیازە لە دەرەوەی دەستووری عێراقەو ئەگەر عەرەبو تورکمانەکانیش ئیعترازیان بۆ ئەم بریارە هەبێت، ئەوا پێویستە پەنا ببەنە بەر دادگا بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم پێشنیازە، کە دەستوورییە یان دەستووری نییە، هەرچەندە ئەم پێشنیازە لە بەرنامەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیشدا نەبوو، هەربۆیە بڕیاردرا تاووتوێکردنی ئەم بابەتە بخرێتە دانیشتنی رۆژی پێنجشەممە».

خالید شوانی، وتیشی: «ئەگەر ئەو یاسایەش دەرنەکرێت، ئەوا داوا لە هەر سێ سەرۆکایەتی کۆمارو پەرلەمانو وەزیران دەکرێت مەرجی گونجاو دابنێن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەپێی هەمان یاسا کە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی دیکەی پێ ئەنجامدراوە».

خانم ڕەحیم:

بەرپرسی ڕێکخراوی ئاسوودە

بڵاوکردنەوەی وێنەی ژنان بۆ مەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردن، دوورە لە هەموو ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن

بکەیتەوە، ئەوە پەیوەندی بە حوڕییەتی شەخسییەوەیە».

بە بڕوای د. سامان فەوزی پسپۆڕی یاسای ڕاگەیاندنیش «بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە نایاساییەو کەسەکان خۆیان مافیان بەسەر وێنەکانی خۆیانەوە هەیە نەک کەسانی دیکە، وتیشی: «کچێک کە لە کاتی پشووداندا وێنەی بگیرێتو بڵاوبکرێتەوە ئەمە بەشێکە لە ژیانی تایبەتی خۆیو پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە نییە تا بڵاوبکرێتەوە، ئەمە هێرشکردنە بۆ سەر ژیانی تایبەتی ئەو کچە». ئەو پسپۆڕەی یاسا ئاماژەی بەوەشکرد، کە «ئەگەر وێنەکان لە کۆمپانیادا نەگیرابێت، ئەوا کۆمپانیای وشە بۆی هەیە سکاڵای یاسایی لەسەر گۆڤارەکە تۆمار بکاتو بیداتە دادگا».

یەکێک لەو دوو خانمەی گۆڤارەکە وێنەکەیانی بڵاوکردووەتەوە ڕایگەیاند: «شەرمەزارییە کەسێکی جاسوس دەست بۆ مۆبایلی کەسێکی دیکە ببات و ئەو وێنانەی تێیدایە بیبات، کە هەم مۆبایلەکەو هەم وێنەکانیش موڵکی شەخسین» هەروەک وتیشی، وێنەکان زۆر ئاساییو هیچ شتێکی نائاساییان تێدا نییەو هەم ئەو وێنەیەی کە پشوو دەدەمو هەم ئەو وێنانەی دیکەیش کە تەڵخکراون. «نیوەی وێنە بڵاوکراوەکان لە دەرەوەی شوێنی کارکردنن و لە خواردنگەیەک گیراون کە سێ یان دوو هاوڕێ پێکەوە دانیشتووین و بۆ یادگاری وێنەمان گرتووە. ئەگەر ئاسایی نییە کوڕو کچێک دەست بکەنە ملی یەکتری، لە کەیەوە دەستلەملانی دوو کچیش بووەتە کاری نائاساییو نەشیاو».

سەبارەت بە هەڵوێستیان بەرامبەر بەو کردارەی گۆڤارەکە ئەو خانمە وتی: «ئەوپەڕی داشۆرانەوەیە لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقیو مرۆڤانەو کوردانە، هەم بۆ ستافی گۆڤارەکەو هەم بۆ ئەو کەسەش کە لەپشتییەوەیەتی بە کۆمەکی دارایی و ئەو لایەنەی بۆی چاپدەکات، هەم ئەو کەسەش کە وێنەکانی لە مۆبایلەکەمەوە بردووە. لە هەموو ئەمانەش ئەولاوەتر ئەوەیە، کە سەرنووسەری گۆڤارەکە وتەبێژی حکومەتی هەرێمەو وتەکانی ئەو وتەی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمن».

لەبارەی کاردانەوەشیان بەرامبەر ئەو کردەوەیە، ئەو خانمە کە داوایکرد ناوەکەی بڵاونەکرێتەوە وتی: «ئێمە لە دوێنێوە لە ئامادەکاریداین بۆ دروستکردنی کەمپەینێک بە هاوکاری چەند پارێزەرو هەڵسوراوێکی کۆمەڵی مەدەنیو ڕۆژنامەنووسان، بۆ ئیدانەکردنو سنووردانان بۆ ئەم کارەو کردنەوەی دۆسییەیەک لە دادگاو لێژنەی داواکاریی گشتیی».

لەوبارەیەوە ڕوونکردنەوەی زیاتری خستە ڕوو و ڕایگەیاند: لە چوارچێوەی ئەو کەمپەینەدا ئەم کارانە دەکەین: ئاراستەکردنی داوایەک بۆ لێژنەی داواکاری گشتیی، کە دۆسییەیەک بۆ ئەو مەسەلەیە بکاتەوە هەم بۆ حوکمدان بە گوێرەی یاساو هەم بۆ ئیجراائاتی پێویست لەگەڵ ئەو کەسەی وێنەکانی لە مۆبایلەکانەوە بردووە، کە دەستبردنە بۆ موڵکی تایبەتی. لەگەڵ تۆمارکردنی داوایەکی یاسایی لەسەر سەرنووسەری گۆڤارەکەو ئەو کەسەی وێنەکانی لە مۆبایلەکەوە بردووە. هەرەوەها نووسینی نامەیەک بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ ڕێگرتن لە شکاندنی کەرامەتی ئینسانو دەستبردن بۆ ژیانی تایبەتی مرۆڤەکان بەناوی کاری ڕۆژنامەنووسیو لێپێچینەوە لە سەرنووسەری گۆڤارەکە. هەروەها کۆپییەکی نامەکە دەدەینە فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهان. هەروەها نامەیەک بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ سەندنەوەی مۆڵەت لە گۆڤاری بەڵگە.

لەگەڵ نووسینی نامەیەک بۆ ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ (هیومان ڕایتس وۆچ) سەبارەت بە دروستبوونی مەترسی لەسەر ژیانمانو پێشێلکردنی ئازادییو مافمان لەلایەن کەسێکەوە کە وتەبێژی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمەو کادیری لایەنێکی حیزبییە «ژیانی ئێمە لەلایەن حیزبو لیستێکی دیاریکراوەوە کراوەتە هۆکارێک بۆ شکاندنی بەرامبەر لە بانگەشەی هەڵبژاردندا»، سەرباری ئەمانەش لە پەیوەندیداین بۆ دروستکردنی کەمپەینێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان، ئەوانەی کە دەیانەوێت بێن بەدەم مەسەلەکەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی حیزبایەتی. هەروەها نامەی نارەزاییمان نووسیوە بۆ هەر یەک لە باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا لە عێراق، کە هەموو نارەزاییەکان هاوپێچ دەکەین لەگەڵ نامەکەدا، بۆ ئاگاداربوونیان لەو پێشێلکارییانەی وتەبێژی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمو ئەو کەسو لایەنەی لە پشتییەوەن کردوویانە بەرامبەر بە ژیانی تایبەتی ئێمەو مەترسییان بۆ سەر ژیانی داهاتوومان دروستکردووە.

بەڵگە، یان کلتووری ژنکوژیی؟!

هاوژین حەمە ڕەشید

سوکایەتیکردن بە ژنو ئەتککردنی ژنان بووەتە دیاردەیەکی قێزەونی ناو هەندێک ماڵپەڕو گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردیو کاری ژمارەیەک نا ڕۆژنامەنووسو نا نووسەرو نەفسنزمو نامرۆڤو دوور لە هەموو بنەماو ئەخلاقیاتێکی کاری ڕۆژنامەنووسی، بێ هەستکردن بە هیچ بەرپرسیارێتییەک ژن کراوەتە کاڵایەکی هەرزانو وەک ناموسی حیزبو خێڵو نەتەوەو خێزان بە درندانەترین شێواز مامەڵەو گەمە بە جەستەو کەرامەتی بەخستنەڕووی جەستەو شێواندنی کەسێتی بە جۆرەها شێواز بۆ لەکەدارکردن ناموسبردنی هەر تاکێک هەتا هەر سەرکردەو حیزبو گروپو بەرپرسو لایەنێک دەکرێت، وەک ئەوەی چۆن کلتووری ناموسپارێزیی کە ئەمڕۆ نەتەوەیەکی لە ئاستی نێودەوڵەتی پێ شەرمەزارە، تاکی مێینە دەکرێتەوە ناموسو وەک ئامرازێک بۆ ناموسبردن بەکاردەهێنرێت، دەسەڵاتی کوردیش کە ئەمڕۆ لە نێو بانگەشەی هەڵبژاردندا دەهۆڵو زورنای زامنی مافەکانی ژنانو یەکسانیو ڕۆڵی ژنان دەکوتێت نەک هەر بێدەنگە، بەڵکو زۆر لەو کارە نامرۆییە نارۆژنامەنووسییانە، کەسانێکی نابەرپرس لە دەزگا سیخوڕییەکانی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە لە پشتیانەوەیە، کە تەنانەت وایلێهاتووە ژنێک گەر وەزیرو ڕۆژنامەنووسیش بێت بۆی تابۆو حەرام بێت گەشتێکی دەرەوەی وڵات بکات، یاخود وێنەیەک بگرێت، هەوڵ بۆ دزینی دەدرێتو بە فۆتۆشۆپ دەگۆڕدرێتو چەندین بابەتی لەسەر بڵاودەکرێتەوەو لەڕێی کلتووری ناموسپارێزییەوە کار لەسەر کەرامەت شکاندنی دەکرێت، کە لەهەموو دنیا تاکەکان ئازادن لە دەوام یا لە هەر کوێیەک وێنە بگرن بەهەر پۆشاکو لەگەڵ هەرکەسێک بن، بەتایبەت تۆ کە کەسێک بیت ڕۆشنبیربیتو کار لەسەر بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە بکەیت وەک ئەوەی ئەرکی ڕۆژنامەنووسانە، بۆ نموونە لە نزیکترین وڵات کە لوبنانە خانمانی ئەم وڵاتە ئیسلامیە عەرەبیە خۆرهەڵاتییە بە پۆشاکی نیمچە ڕووتو دوا مۆدێلەکانەوە دەچنە سەرکارو کۆفیو چا لەگەڵ هاوکارە کوڕو پیاوەکان دەخۆنەوەو یەکتری لە باوەش دەکەن کەیەک دەبینن و زۆر ئاساییە وێنەبگرن و کەسیش تەماشاشیان ناکات، نەک ڕۆژنامەنووسو نووسەران کە ڕێبەری کۆمەڵگەن بێن ئەمە بکەنە ناموسو کەسێتی تاکەکانی پێبشکێنن. ئێمە لە خولێک بووین خانمە کارمەندەکانی دەزگاکە زۆر ئاسایی کە کوڕەکانی ئێمە دەیانگوت وێنەیەک بگرن پێکەوە بە پۆشاکە دوا مۆدێلەکانیانەوە کە کچانی داماوی ئێمە لەبەری بکەن لە دەوام هەر شاربەدەریان دەکەن دڵی کەسمانیان نەدەشکاندو وێنەیان دەگرت، بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لە بەرگی بەناو گۆڤارێکی بەڵگەدا بینیم بەراستی جێی شەرمەزاریە بۆ سەرنوونەسەرو خاوەن ئیمتیازەکەی کە ماوەیەکی زۆر لە دەرەوە ژیاوەو هەر نەبێت خۆی لەگەڵ چەندین خانمی ئەم وڵاتانە برادەربووەو ئەتەکێتی پێکەوە ژیانی سەردەمیانە دەزانێت، ماوەیەکیش لە بەرزترین شوێنی دەسەڵات وەک وتەبێژی حکومەتی ئەم هەرێمە بووە، دوور لە هەر بنامایەکی ئیتیکی کاری ڕۆژنامەنووسی چەند وێنەیەکی زۆر ئاسایی کە جێی پێکەنینن بە عەقڵی ڕۆژنامەنووسو بە ناو نووسەرێک کە بەوجۆرە تاکی مێینە ببینێتو خوێندنەوەی بۆ بکاتو بەو ئاستە سوکایەتی بە کەرامەتی تاکی مێینە بکات، کە نەک لیست، ئەو پارتەشی کە ئەو بانگەشەی بۆ دەکات خستووەتە هەڵیەکی زۆر گەورەو پڕ شەرمەزارییەوە بەرامبەر تاکی مێینەی ئەم کۆمەڵگەیە، کە پێویستە یەکەم وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم کە مۆڵەتی ئەم گۆڤارەی داوە، دووەم سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە لایەنی بەرپرسە لەهەر کارێکی بەدەر لە بنەماو ئەخلاقیاتی پیشەی ڕۆژنامەنووسی لەم کارە نامرۆییە قێزەونەو بە دەنگبێنو بە توندی سزای گۆڤارەکەو سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازەکەی بدەنو حکومەتو دەسەڵاتی سیاسیش باچیتر ڕێ بەوە نەدەن کەسانێکی بەکرێگیراو و نا ڕۆژنامەنووسو نەزان کە زەمینەی کلتووری ژنکوژی زیاتر خۆشدەکەن بەناوی ڕۆژنامەنووسو کاری ڕۆژنامەنووسییەوە ئەم پیشەیە ناشرینو نامۆ بکەن، چونکە دووکچو کوڕێک وێنە پێکەوە دەگرن یاخود کچێک پاڵدەکەوێت ئەمە چ بەڵگەیەکی گەندەڵییەو چ پەیوەندی بە گەندەڵییەوەیە، بۆ بەس لە ئابڕوبردنەکان ژن کەرەستەو ئامرازەو تاکەی ژن لەلایەن حیزبو دەسەڵاتی کوردی بەم ئاستە نامرۆییە ڕیسواو بەکوشت بدرێت، ئێمەی ژنیش نابێت چیتر ڕێبدەین ناموسی کەس بینو هەرکەسێکو لایەنێکیش بیەوێت بمانکاتە ناموسی خۆیو وەک ئامرازو کەرەسەیەکی ناموس بەکارمانبهێنێت بوێرانە بەرەنگاری بووەستینەوەو لەم سوکایەتی پێکردنە بە کەرامەتی تاکی مێینە بێدەنگ نەبین.

گەڕدنی سۆران، قەڵەمەکان ئازاتربوون

شازادە حسێن، دایکی سۆران وتیشی: «نازانم لایەنە ئەمنییەکان، بۆچی خۆیان لە ئاشکراکردنی بکوژانی کوڕەکەم دەدزنەوە، ئێستاش پێیانناخۆشە ئەم کۆمەڵە هاوپیشەیەی سۆران لێرە کۆبوونەتەوە «سۆران وەک ڕۆژنامەنووسێکی گۆڤاری لقینو بەرپرسی ئۆفیسی کەرکوکی گۆڤارەکە، ڕاپۆرتێکی دەربارەی «سۆزانییەکان کەرکوکیان داپۆشی» بڵاوکردەوەو لە ڕاپۆرتەکەدا نووسیبووی «بەڵگەمان لایە دەربارەی ئەو بەرپرسانەی کەرکوک کە گەورەترین مشتەری سۆزانییەکانن». کەسوکارو هاوڕێکانی لە گۆڤارەکە وا گومان دەبەن کە ناوبراو لەسەر ئەو ڕاپۆرتە شەهید کرابێت.

ئەحمەد میرە سەرنووسەری گۆڤاری لقین وتی: «بەداخەوەین تائێستا هیچ لایەنێکی دەسەڵاتداری کوردستان تەنیا وشەیەکیان لە بارەی شەهیدکردنی سۆرانەوە نەوت».

د.کەمال میراودەلی، کاندیدی سەرۆکی هەرێمو بەشداربووی مەراسیمەکە لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «کوشتنی سۆران یەکێکە لەو پەڵەڕەشانەی وایکردووە سیستمی سیاسی کوردستان بە سیستمێکی جەنگەڵیی دابنرێتو دەسەڵاتدارانی لەسەر دادگایی بکرێت تاکو بکوژانی ئاشکرا بکەن».

هەروەها ئەو کاندیدەی سەرۆکی هەرێم وتیشی: «خوێنی سۆران، میدیای کوردی بەدەرەوە ناساند».

پاش شەهیدکردنی سۆران، میدیا جیهانییەکانو ڕێکخراوە بیانییەکان ڕاپۆرتی تایبەتیان لەسەر بڵاوکردەوە، ساڵێک پاش شەهیدبوونیشی ڕێکخراوی ئەمنیستی ئەنتەرنەشنال ڕاپۆرتیکی دەربارەی شەهیدکردنی بڵاوکردەوەو ڕەخنەی ئەوەیان لە دەسەڵاتدارانی هەرێم گرت بەوەی تائێستا بکوژانی سۆرانیان ئاشکرا نەکردووە.

لەو مەراسیمەدا ڕێبین هەردی، نووسەرو ڕۆشنبیر وتی: «زۆر بەداخەوە ئێمە لە وڵاتیکدا دەژین خەڵک لەسەر وتارێک یان چاوپێکەوتنێک دەکوژرێت کە بەدڵی برادەران نەبێت، بەڵام کەس لە سەر دزیی و کوشتنی ڕۆژنامەنووسێک دەستگیر ناکرێت».

هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان چەندین دەزگای ئەمنی حیزبیو حکومیی هەنو بەرپرسەکانیشیان جەخت لەوەدەکەنەوە کە لایەنی ئەمنی پارێزراوە، بەڵام بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان، ئەمنییەتیان نەپارێزراوەو دووچاری هەڕەشەکردنو لێدان دەبنەوە لەسەر نووسینی ئەو بابەتانەی کە لەبەرژەوەندیی دوو حیزبە گەورەکەی کوردستان نین.

ئەو نووسەرە وتیشی: «من شەرمدەکەم کە نەوەی ئێمە بەو هەموو خەباتەوە نەمانتوانی دنیایەک بۆ ئەم گەنجە جوانانە دروستبکەین، بۆ ئەوەی کەس لە سەر نووسینو ئازادیی ڕادەربڕین نەکوژرێت».

هەروەها ڕێبین هەردی وتیشی: «ئەوە پەیامێکە دەیدەین بە دەسەڵاتداران کە بەکوشتنی قەڵەمێک ناتوانن نووسەرو ڕۆژنامەنووسەکان بترسێنن، چونکە دوای شەهیدکردنی سۆران، قەڵەمەکان ئازاتربوون».

بێخاڵ ئەبوبەکر:

سکرتێری ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان

بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە دەستدرێژییە بۆ سەر ئازادی تاکەکان، هاوکات تێپەڕاندنی سنووری ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنووسیشە

د. سامان فەوزی:

پسپۆڕی یاسای ڕاگەیاندن

بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە نایاساییەو کەسەکان خۆیان مافیان بەسەر وێنەکانیانەوە هەیە نەک کەسانی دیکە

زیرەک کەمال:

سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ڕۆژنامەنووسان

ئەو کچانەی کە وێنەیان لەو گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە، لەکاتی پشووداندان و لەبری ئەوەی ڕێزی ماندووبوونیان لێ بگیرێت، تەشهیریان پێکراوە، کە ئەمە ئەوپەڕی بێ حورمەتییە بەرامبەر بە ئینسان دەکرێت

ڕۆژنامە

ڕێکخراوەکانی ژنانو سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، نارەزایی بەرامبەر بڵاوکردنەوەی وێنەی چەند کارمەندێکی کچی کۆمپانیای وشە دەردەبڕن، کە بە مەبەستی ناوزڕاندنو وەک بە شێک لە بانگەشەی هەڵبژاردن دژ بە لیستی گۆڕان لە گۆڤاری بەڵگەدا بڵاوکراوەتەوەو ئاماژە بەوە دەدەن: کە «بەڕێوەبەرانی ئەو گۆڤارە لە هەموو ئەخلاقیاتێکی ڕۆژنامەنووسیو کۆمەڵایەتی بەدوورن».

لە دواییین ژمارەی گۆڤاری بەڵگەدا چەند وێنەیەکی کارمەندانی کچی کۆمپانیای وشە بڵاوکراوەتەوەو وەک بەشێک لە ناوزڕاندن خراونەتەڕوو، لەکاتێکدا وێنەکان، وێنەی زۆر ئاساییو یادگارینو لە مۆبایلی شەخسی خۆیانەوە دزراون، بەڵام دەموچاوەکان تەڵخکراون بۆ ئەوەی گومانیان بخرێتە سەر.

بێخاڵ ئەبوبەکر، سکرتێری ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان پێیوایە: بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە «دەستدرێژییە بۆ سەر ئازادیی تاکەکان هاوکات تێپەڕاندنی سنووری ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنووسیشە».

بێخاڵ وتیشی: «بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە بە مەبەستی بریندارکردنی شەخسیەتی کەسەکانو هاوکات بۆ کەمکردنەوەی دەنگی لایەنگرانی لیستی گۆڕانیشە، کە ئەمە بەدوورە لە هەموو ئەخلاقیاتێکی ڕۆژنامەوانی کە ژنێک لەکەدار بکەیت بە مەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ لیستێکی دیاریکراو، ئەمە ئەوپەڕی تەشهیرکردنە».

پاش کردەوەکەی گۆڤاری بەڵگە، نارەزاییەکی زۆر لەناو ڕێکخراوەکانی ژناندا دروستبوو بەشێوەیەک کە ژمارەیەکیان ئاماژە بەوە دەکەن، کە «ناکرێت ژن بکرێتە قوربانی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە سیاسییەکان».

هاوکات بە بڕوای بەرپرسی ڕێکخراوێکی داکۆکی لە مافەکانی ژنان «نابێت بە هیچ جۆرێک ژنان بە مەبەستی تەسفیەکردنی سیاسیو کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێن».

خانم ڕەحیم بەرپرسی ڕێکخراوی ئاسوودە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەداخەوە لە کوردستاندا ئیستیفزازکردنی ژنان بۆ مەبەستی سیاسیو کۆمەڵایەتی بووەتە مۆدێل، «ئەمە نە لە ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەوانیو نە لە ئەخلاقیاتی کۆمەڵایەتیدایەو نە ڕێگەپێدراوە»، هەروەک ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد «بەتایبەت ئەگەر ئەو ئافرەتە پێی خۆش نەبێت کە وێنەکەی بەوشێوەیە بڵاوبێتەوە، ئەوا دەچێتە خانەی ئەوپەڕی بێ ڕەوشتی کۆمەڵایەتییەوە».

بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە پێیوایە، کە ڕۆژنامەنووس دەست دەداتە قەڵەم دەبێت بزانێت بۆچی دەنووسێتو ئامانج لە نووسینی چییەو دەبێت بشزانێت مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو ئامرازانەدا بکات کە بۆ نووسینەکەی بەکاریدەهێنێت.

خانم دەڵێت: «پێویست ناکات ئافرەت بکرێتە ئامرازێک بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە ژن خۆی چەندین کێشەی دیکەی هەیەو پەراوێزخراوە، چ جای ئەوەی وێنەی لە گۆڤاردا بە مەبەستی کەمکردنەوەی سومعەی لایەنی بەرامبەر بەکاربهێنرێت».

زیرەک کەمال، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەڵێت: «ئینسان تووشی ڕشانەوە دەبێت کە ئەو کارە ناشیرینانەی ڕۆژنامەنووسان دەبینێت کە بەسەر یەکتری دەهێنن»، وتیشی: «ئەو کچانەی کە وێنەیان لەو گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە لەکاتی پشووداندانو بەهۆی کاری ڕۆژنامەنووسییەوە ماندوبوون لەبری ئەوەی ڕێزی ماندووبوونیان لێ بگیرێت، تەشهیریان پێکراوەو وێنەیان بڵاوکراوەتەوە، کە ئەمە ئەوپەڕی بێ حورمەتییە کە بەرامبەر بە ئینسان دەکرێت».

سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ڕۆژنامەنووسان وتیشی: «من بەشبەحاڵی خۆم کە ئەو ژمارەیەی گۆڤاری بەڵگەم بینی، نیگەران بووم لەوەی لە وڵاتێکدا دەژیم کە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا بکرێت، بەڵام بەداخەوە لە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیدا سنوورێک بۆ ئەوە دانەنراوەو دەبێت ڕێگەچارەیەک لەوبارەیەوە بگیرێتەبەر تا ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ مافەکانیاندا فێری ئەرکەکانیشیان ببن». هەروەک وتیشی: «ئینسان تووشی ڕشانەوە دەبێت، کە ئەو گۆڤارە دەبینێت ڕۆژنامەنووسێکی ئافرەت لەسەر قەنەفەیەک خەوتووە یان دوو کچ دەستیان کردووەتە ملی یەکتریو وێنەکانیان بڵاوکراوەتەوە، ئەمە ئەوپەڕی بێ حورمەتییە بە ئینسان دەکرێت، ئەوە کارێکی نەشیاوە بڵاوی

دوای شەهیدکر

فەلاح نەجم

کۆمەڵێکی ڕەشپۆش لە سوچی سەوزایی باخچەیەکدا دانیشتبوون، بەهێمنی فرمێسک بە چاوانیاندا دەهاتەخوارەوە، کاتێک لەو وێنەیەیان دەڕوانی کە لە باوەشیان گرتبوو، کۆمەڵێک ڕەشپۆشی دیکەش دوودوو لافیتەیەکیان هەڵگرتبوو، بەشێکی دیکەشیان بەناو باخچەکەدا بڵاوبووبوونەوە، ئەو کەسانەی لەوێبوون دڵنەواییان دەکردن، هاوڕێکانی تیشێرتێکیان لەبەردابوو وێنەیەکی سۆرانی لە سەربوو. ئەوان هاتبوونە ئەوێ بۆ ئەوەی بەشداری لە یادی شەهیدکردنی سۆرانی مامە حەمەدا بکەن، دایکیشی دەیوت: «هەرگیز ئەو کوڕەمم لە یاد ناچێت، چونکە ئەو شەوەی کوشتیان لەماڵ نەبووم».

ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢١) لە ساڵیادی تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە، بەرپرسی ئۆفیسی کەرکوکی گۆڤاری لقین-دا، گۆڤارەکە هەستا بە سازدانی مەراسیمێکی ڕێزلێنان بە بەشداری کەسوکاری شەهیدو ژمارەیەک ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووس لە باخچەی نالی لە شاری سلێمانی، ڕێپێوانێک لەو باخچەیەوە بۆ بەردەرکی سەرا ڕێکخرا.

ساڵێک لەمەوپێش چەند کەسێک بەشەو هێرشیانکردە سەرماڵی سۆرانی مامە حەمە لە کەرکوکو لەوێدا شەهیدیانکردو تا ئێستا لایەنە ئەمنییەکان بکوژانی ئەو ڕۆژنامەنووسەیان ئاشکرا نەکردووە، ستافی گۆڤارەکەو کەسوکاری سۆران لەو مەراسیمەدا داوای ئاشکراکردنی بکوژانی سۆرانیان کرد.

شازادە حسێن کە دایکی ئەو ڕۆژنامەنووسە شەهیدکراوەیە، لەگەڵ زۆرێک لە خزمەکانیدا جلی ڕەشیان پۆشیبوو، بەردەوام دەگریان، بەو گریانەوە توانی بە ڕۆژنامە بڵێت: «خوا هەقی کوڕەکەم بسەنێت لەوانەی پلانی کوشتنەکەیان داناو لەوانەشی کە کوشتیان».

تائێستا لایەنە ئەمنییەکان هیچ زانیارییەکیان لە بارەی بکوژانی ئەو ڕۆژنامەنووسەوە بڵاونەکردووەتەوەو بەپێی وتەی سەرنووسەری ئەو گۆڤارەی سۆران کاری تێدا دەکرد، لایەنە ئەمنییەکان هیچ لێکۆڵینەوەیەکی جدییان دەربارەی شەهیدکردنی سۆران نەکردووە، بەم هۆیەشەوە بنەماڵەی ئەم شەهیدە هەمیشە بەگومانن لە دەزگا ئەمنییەکان.

ڕوونکردنەوەیەک
لە بەڕێوەبەرێتیی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکانەوە

لە لاپەڕە دووی ژمارە (٥١٥) بەرواری ٢٠٠٩/٧/٢٠ ڕۆژنامەکەتاندا بە مانشێتێکی گەورە نووسراوە، مووچەی وارسی شەش ئەنفالکراو دەبڕرێتو نزیکەی نۆ ملیۆن دینار غەرامە دەکرێت، بەپێی یاسای ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە مافو ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان، محەمەد نوری دوو کوڕی بەناوی (اشرفو خلف) ئەنفالکراون، هەروەها بوکەکەیو سێ کوڕەزای ئەنفالکراون، بەڵام ناوبراو دوو مووچەی بۆ دابینکراوە بە ژمارە (٢٧٧٨)و (٢٦٦١٥) لە خانەنشینی چەمچەماڵ، لەکاتێکدا بەپێی یاسا ناوبراو تەنیا دەتوانێت ببێت بە وارسی کوڕەکانی نەک بووکو کوڕەزاکانی، بۆیە تەنیا بەپێی ڕاپۆرتی سەرۆکایەتیی چاودێریی دارایی ژمارە (٣٢٥) بەرواری ٢٠٠٨/٨/١٤ مووچەی بووکو کوڕەزاکانی نایاساییەو لێیوەردەگیرێتەوە بە شێوەی مانگانە کە بڕەکەی ٦,٨٥٠,٠٠٠ شەش ملیۆنو هەشت سەدو پەنجا هەزارەو بە شێوەی (اقساط) مانگی ٦٠,٠٠٠ شەست هەزار دیناری لێوەردەگیرێتەوە.

١. ئەوەی شایەنی باسە هەموو ئەو ڕوونکردنەوەیەمان گەیاندووە وتووە، پێمانوتووە کە لە یاسای شەهیداندا کەس مافی غەرامەکردنی نییەو ئەو پارەیەی لە ناوبراو وەردەگیرێتەوە غەرامە نییە، بەڵکو بە نایاسایی وەریگرتووە، لەبەر ئەوەی ناوبراو بۆی هەیە بەپێی یاسا تەنیا یەک مووچەی هەبێت.

٢. لە دواندنی وارسی شەهید (ئەرکان جمعە گوڵمراد) لە تەلەفزیۆنی (KNN) کە گوایە مووچەکەی بڕاوە، وارسی شەهید سێ مووچەی بۆ شەهید وەرگرتووە، لە حکومەتی عێراقو لە ئیدارەی پێشووی سلێمانیو ئیدارەی پێشووی هەولێر، ناوبراو ئاگادارکراوەتەوە یەکێک لە مووچەکانی سلێمانی، هەولێر هەڵبژێرێت.

٣. بۆ هەموو لایەکی ڕووندەکەینەوە کە مووچەی شەهیدان بە هیچ جۆرێک نابڕێت ئەگەر شەهیدە نەمرەکان وارسی یاساییان هەبێت، هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ هەر حاڵەتێک پێیانبگات دەتوانن ڕاستەوخۆو مەیدانی بە دواداچوون بۆ ڕاستییەکان بکەن.

لەگەڵ ڕێزدا...

ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرێتیی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان

حاکم قادر: لەهەڵبژاردنـــدا هـــەر کەسێک لـــــە ئاسایش‌و پۆلیس بێلایەنی لەدەستبدات، سزادەدرێت

سازدانی : رۆژنامە

حاکم قادر حەمەجان، دەڵێت، هەر کەسێک (لە هێزەکانی ئاسایش) بێلایەنی لەدەست بدات بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت‌و سزا دەدرێت. نابێت ئاسایش لەکاتی دەوامی ڕەسمیدا چالاکی بانگەشەکاری بۆ هیچ لایەن‌و لیست‌و گروپێک بکات.

بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەدا خەڵک دڵنیا دەکاتەوە «کەئاسایش وا لێدەکەن لەبەرامبەر خەڵکی‌و دڵسۆزاندا بەرێزو هاوکارو ڕێنوێن بێت، بەڵام لەبەرامبەر تیرۆریستان‌و تێکدەراندا، بەهێزترو پۆلاییەنتر بێت».

ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە ئەوان بۆ ئارامی خەڵک کاردەکەن‌و «ئەوەی پێویست بێت لە ڕێوشوێنی ئەمنی جێبەجێی دەکەین، بەڵام ئەوەیان ناڕاست‌و بوختانە کەهەر کەسێک بێتە ئاسایش چوونە دەرەوەی قورس بێت».

ڕۆژنامە: تاچەند گەرەنتی دەدەن کەهێزەکانی ئاسایش بێلایەن بن لەم هەڵبژاردنەدا؟

* هەڵبژاردن پرۆسەیەکی گرنگ‌و دیموکراتییانەیە، بێگومان مافی هێزەکانی ئاسایش لەدەنگدان مافێکی یاسایی‌و سروشتییە، بەپێی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای ئاسایشی حکومەتی هەرێم لەگەڵ نوێنەری‌کۆمسیۆنی باڵای‌هەڵبژاردنەکان، دەرکەوت کە کۆمسیۆن کارەکانیان بەباشی ڕێکخستووە، کاری ئاسایشیش تەنیا دەنگدانی خۆیانە لەڕۆژی خۆیداو پاراستنی ئارامی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بەبێلایەنی. دیارە ئەوەی پەیوەندی بەم هەڵبژاردنەوە هەیە ڕێوشوێنەکانی کۆمسیۆن زۆر وردو درشتن، کە ڕێگانادرێت هیچ کەس‌و لایەنێک پێشێلکاریی بکات.

ڕۆژنـــامـــە: مـیـکـانـیـزمـی بێلایەنبوونەکە چۆنە، واتە هیچ خولێک یان ڕێنماییەک هەیە بۆ چۆنێتی بێلایەن بوونیان؟

*میکانیزمەکە زۆر ڕوون‌و ئاشکرایە، ئێمە فەرمانگەیەکی حکومین، بۆ هەر ئاڵۆزیی‌و کێشەیەک کەهیوادارین‌و وای دەبینین ڕوونـەدات، ئەوا بەپێی یاساو ڕێنماییەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. هـەروەک هەموو هەوڵێک دەدەیـن کە توندوتیژیی ڕوونەدات، پشت بەخواش ئەوە ڕوونادات، چونکە زیانی گەورەمان لەتوندوتیژی ناوخۆ بینیوەو هەقە هەموان ڕێز لەئیرادەی میللەتەکەمان‌و یاسا بگرین. هەڵبژاردن وەک جەژنێکی نەتەوەیی‌و دیموکراسی بۆ خزمەتی گشتیی ببینن.

ڕۆژنامە: پلانی پاراستنی خەڵک لەلایەن ئاسایشەوە بەتایبەت بۆ کاتی هەڵبژاردن چییە؟

* پلانێکی کاریگەرو کارایە، ئێمە کار بۆ ئەوە دەکەین کەپاراستنی خەڵک ئەولەویەتی خۆی پێ بدەین، چونکە ئـەوە ئەرکە سەرەکییەکەی ئێمەیە، لەکاتی هەڵبژاردنیشدا پلانی تایبەتمان هەیە بۆ پارێزگاریکردن لەهاوڵاتییان‌و ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێکی مەترسیدار ئەگەر خوانەکردە هاتە سەر ڕێمان.

داواکـاریـن دوور لە توندوتیژیی پرۆسەکە بەڕێوەبچێت، بەپێچەوانەوە کاری یاسایی ئەنجامدەدرێت بەرامبەر سەرپێچیکارو پێشێلکاران.

ڕۆژنـــامـــە: چ سزایەکتان هەیە بۆ ئەو کارمەندانەی کەبێلایەنی لەدەستدەدەن، تائێستا هیچ کەسێک ڕووبەڕووی ئەو سزایە بووەتەوە؟

*هەرکەسێک بێلایەنی لەدەست بدات، بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت‌و سزا دەدرێـت. نابێت ئاسایش لەکاتی دەوامی ڕەسمیدا چالاکی بانگەشەکاریی بۆ هیچ لایەن‌و لیست‌و گروپێک بکات، بەڵام لەدەرەوەی فەرمانگەو لەو کاتانەدا کە دەوامی نییە، ئەوە خۆی سەربەستە.

ڕۆژنامە: لەماوەی ڕابردوودا خەڵک بەگشتیی ترسیان لەمامەڵەکردن لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشدا هەبووە، تا چەند کارتان بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ترسە کردووە؟

* ئـێـمـە لـەسـەرەتـای دەستبەکاربوونمانەوە کە چوار مانگێکە کاردەکەین لەئاسایشدا، کارەکانمان بەو ئاراستەیەیە کەبیکەینەوە بەدەزگاو دامەزراوەی خەڵک، بێگومان کردنەوەی دەرگـای زیندانەکان‌و یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ دادگاو ڕێزگرتن لەمافە مەدەنییەکان‌و چەندین هەنگاوی دیکە بۆ ئەو مەبەستەیە کەپەیوەندییەکانی نێوان هاوڵاتییان‌و ئاسایش بەهێزبکەین، دڵنیاتان‌دەکەینەوەکەئاسایش‌والێدەکەین کەلەبەرامبەر خەڵک‌و دڵسۆزاندا بەرێزو هاوکارو ڕێنوێن بێت، بەڵام لەبەرامبەر تیرۆریستان‌و تێکدەراندا، بەهێزترو پۆلاییەنتر بێت. ئاشکراشە کەپەیوەندی خەڵک‌و ئاسایش پەیوەندییەکی ئۆرگانی‌و حەیاتییە، چونکە ئەرکمان پاراستنی سەروسامان‌و هێمنی هاوڵاتیانە.

ڕۆژنامە: لەماوەی ڕابـردوودا هەندێک لایەن وێنەی ئاسایش‌و مامەڵەکردنیان بەشێوەیەکی ناشیرین بۆ خەڵک گواستووەتەوە، بەتایبەت لەکاتی گرتن‌و زیندانیکردنی هاوڵاتییاندا، وەک ئاگادارین هەوڵی ڕەواندنەوەیتان داوە، چ ڕێوشوێنێکی دیکە هەیە بیگرنە بەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەرکەکانتان؟

*بێگومان ئەو هەڵەو کەموکورتییانە هەبووە، بەڵام پلانی ئێمە بۆ گۆڕینی هەمووی دەستی پێکردووە، ئێستا لەزیندانەکاندا هیچ کەسێک نییە بێ بڕیاری دادوەرو دادگا گیرابێت، کەس نییە بەچاودێری چاودێرانی لۆکاڵ‌و بیانی، کە تایبەتن بەدیل‌و گیراوەکان لەڕێکخراو و ناوەندە جیاجیاکان هێڵرابێتەوە. هەربۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەستمان پێـکـردووە بـۆ ڕاپـۆرتـە گرنگەکەی ئەمنستی ئەنتەرناسیونالیش ئێمە زۆر بەوردیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، دڵنیابن ئەو وێنەیە ڕاست دەکەینەوەو چاکی دەکەین. بەپێی بەندەکانی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان.

ڕۆژنامە: دەوترێت ئەوەی بچێتە ئاسایشەوە ئیتر حسابێکی دیکەی بۆ دەکرێت‌و مەلەفی بۆ دەکرێتەوەو هاتنە دەرەوەی قورسە، بۆچی ئەم وێنەیە لای خەڵک دروستبووە، بەمامەڵەکردنی کارمەندەکانتاندا چوونەتەوە لەو بارەیەوە؟

* ئەو مەسەلەیە ڕاست نییە، ئێمە بۆ خزمەتی ئارامی‌و ئاسایشی خەڵک کاردەکەین، ئـەوەی پێویست بێت لە ڕێوشوێنی ئەمنی جێبەجێی دەکەین، بـەڵام ئـەوەیـان نـاڕاسـت‌و بوختانە کەهەر کەسێک بێتە ئاسایش چوونە دەرەوەی قورس بێت. دیارە ئەوانەی لەئاسایش کاردەکەن، هەموویان ڕۆڵەو تێکۆشەری ئەم میللەتەن‌و لەپێناو پاراستنی هاوڵاتییاندا تێدەکۆشن دژ بەتیرۆریستان‌و تێکدەران، واتە ئەرکەکەیان ئەرکێکی نەتەوەیی‌و نیشتمانییە، ئەرکیان جێبەجێکردنی یاساو پاراستنی سەروەری یاسایە.

ـــــــۆنە بۆئەوەی حکومەتەکەی تەمەڵ نەبێت

گرنگترین گرفت لەو گرفتانە، گرفتی تاوانی کۆچبەرە مەغریبییەکان بوو لەو وڵاتە.

سەبارەت بە لێکچوونی ڕەوشی کوردستان لەئێستادا لەگەڵ سەردەمی دەرکەوتنی فۆرتاین لە هۆڵەندە، ڤۆلگ تەنیا ئاماژەی بە کارەکانی فۆنتاین کردو وتی: «ئەوەی لە هۆڵەندا ڕوویدا ئـەوەبـوو ئـەوکـات خـەڵـک تینوی سەرکردایەتییەکی نوێ بوو، مستەر فۆرتاین بەلای زۆرێک لە خەڵکەوە ئەو سەرکردەیە بوو، چونکە خەڵک لە پارتەکانی دیکە بێزاربووبوون‌و متمانەیان لای خەڵک نەمابوو. مستەر فۆرتاین بەڵێنی چارەسەرکردنی چەند مەسەلەیەکی بە دەنگدەران دا، کە بەلایانەوە زۆر گرنگ بوو وەکو مەسەلەی تـاوان، یـان مەسەلەی کۆچبەران لە هۆڵەندا».

کەسێک کـە چیرۆکی مستەر فۆرتاین دەبیستێت، ڕەنگە یەکسەر بیر لەوەبکاتەوە کە باشە خەڵکی هۆڵەندا چۆن پارتە کۆنە خەباتگێڕەکانی هۆڵەندایان بۆ کەسێکی نەناسراو وەلانـا، دەبێت خەڵکی هۆڵەندا چ شتێکیان لە ئایدۆلۆژیاو حیزبایەتی بەلاوە گرنگتر بووبێت؟

د.ڤۆلگ دەڵێت: «لە ڕابـردوودا کاتێک باپیرت دەنگی بە پارتی سۆسیال دیموکرات داوە، باوکیشت دەنگی بە سۆسیال دیموکرات داوەو دەبـێـت تـۆش دەنـگ بـە سۆسیال دیموکرات بدەیت، ئەمە گۆڕا، ئیدی خەڵک ژیانی خۆی بـەلاوە گرنگتر بوو، وەک لە ئایدۆلۆژیاو حیزبایەتی، چونکە ژیان گۆڕا، بەتایبەتی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکان لەناوچوون. ئیتر خەڵکی مێشکی خۆیان گـۆڕی. بۆ نموونە ئەگەر ئەمجارە دەنگیان بە سۆسیال دیموکرات دابێت، جاری داهاتوو دەنگ بە لیبراڵ دیموکرات دەدەن‌و ڕەنگە لە هەڵبژاردنێکی دیکەدا دەنگ بە پارتەکەی مستەر فـۆرتـایـن یـان پـارتـی مەسیحی دیموکرات بدەن».

زۆرجـار لێرە پەرلەمان بەوە تۆمەتباردەکرێت، کـە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک نییەو زیاتر جێبەجێکاری بڕیاری مەکتەب سیاسی حیزبەکانە، بۆیە تا ئێستا نەیتوانیوە تەنانەت متمانە لە وەزیرێکیش وەربگرێتەوە.

بەڵام، دکتۆر ڤۆلگ دەڵێت: جار هەبووە پەرلەمانی ئێمە متمانەی لە سەرۆکی حکومەت وەرگرتووەتەوەو حـکـومـەتـی بـەتـەواوەتـی هەڵوەشاندووەتەوە. بۆ نموونە ئەو دەڵـێـت: دواینجار بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک لەسەر ڕووداوەکـانـی نـاوچـەی ئـارامـی سیبلی نیتزا لە بۆسنا بووە هۆی ئەوەی پەرلەمانی هۆڵەندا تەواوی کابینەی حکومەت هەڵبووەشێنێتەوە.

پاشان دەڵێت: «پێموایە، دەبێت لە کابینەی هەموو حکومەتێکدا وەزیرێک یاخود جێگری وەزیرێک دەست لەکار بکێشێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو بەرپرسە متمانەی پەرلەمان لەدەستدەدات‌و کاتێک پـەرلـەمـان هـەسـت بکات وەزیرێک بەباشی کارەکانی ناکات، ئەوا پۆستەکەی لێدەسێنێتەوە».

سەرەتای ئەرکە قورسەکە

هیوا جەمال

ڕاستە گرنگە کام لە لیستەکان زۆرینە دەهێنن، یان کورسی باش لەم هەڵبژاردنەدا دەچـنـنـەوە، بـەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کـە کـێ بەڵێنەکانی دەباتە سەرو لەبەردەم «خـواو میللەتەکەیدا شەرمەزار نابێت».

مـاوەی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابـــردوو کاندیدەکانی سەرجەم لیستەکان ئەرکی زۆریـان لەسەرشان بـوو، لـەوەدا کە بانگەشە بکەن‌و لایەنی بەرامبەریان چۆن لەسەریان قسەدەکات‌و چۆن هەڵیاندەسەنگێنێت، ئەگەرچی ئەو ماندوبوونە هەموو کاندیدەکانی نەگرتەوەو لەهەر لایەنێک ژمارەیەک دەبینران‌و دووبارە دەبوونەوە، کە پێدەچێت ئەمە ئاماژەیەکی سەرەتایی‌و نزیک بێت بەوەی کە ئەوانەی لە داهاتووشدا دەبنە نوێنەرمان لە پەرلەمان‌و بەدەنگ داوکارییەکانمانەوە دێن‌و داکۆکیی لە مافەکانمان بکەن، هەر هەڵسوڕاوەکانی ئێستابن.

هیچ کـام لە لیستەکان بێ بەرنامەو بەڵێندان بـە خـەڵـک نەهاتنە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە، بەڵێنەکانیش کەم نەبوون‌و جێبەجێکردنی بەشێکی زۆریشیان ئاسان نین، بەڵکو پێویستی بە کارکردن‌و لەخۆبووردنی زۆر دەبێت، بۆیە لەدوای چوونە پەرلەمانی ئەو کاندیدانە، ئەرکە قورسەکەیان دەستپێدەکات، کە بردنەسەری بەڵێنەکانە.

دەکرێت لێرەوە چەند پێشنیازێک بکەم، هەم بۆ نوێنەرانمان لەپەرلەمانی داهاتوو، هـەم بۆ خۆمانی هـاوڵاتـی کە بەڵێنمان پـێـدراوە: بۆ نوێنەرانمان لەپەرلەمان، هەریەکەیان ئەو پلاتفۆرمەی کە لەماوەی یەک مانگی ڕابـردوودا بـەردەوام لەگەڵ خۆیدا دەیگێڕاو بۆ خەڵکی دەخوێندەوە، لەماوەی چوار ساڵی داهاتوودا بەردەوام لەبەردەستیدا بێت‌و جێبەجێی بکات، پێویستە نوێنەرەکانمان لە پەرلەمان، کە هەریەکەیان یان چەند دانەیەکیان نوێنەری ناوچەیەکن، لە ناوچەکەی خۆیاندا نووسینگەیەک بکەنەوە بۆ گوێگرتنی بەردەوام لە خەڵک وەک ئەوانەی خولی دووەم (هەموویان نا) نەکەن، کەس نەیدەناسین، دەبێت باش بزانن کە ئێوە دەچنە پەرلەمانی کوردستان حەسانەتان هەیەو لە قـەدەری ئیلاهیی نەبێت لە دەستی مرۆڤ پارێزراون، بۆیە ترس فرێبدەن‌و بەوپەڕی بڕوا بەخۆبوونەوە بەرگریی لە مافەکانمان بکەن، ئەگینا بزانن کە چوارساڵی دیکە نزیکەو ساڵی ئێستا بەری کورتە.

بۆئەوەی نوێنەرانمان بیریان نەچێت کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون، حەقوایە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەردەوام چاودێرییان بکەن، (کە ڕێکخراوی ئاسک لە چوارساڵی ڕابردوودا بە فیعلی ڕاپۆرتی خۆی لەسەر چاودێریکردن بڵاوکردەوە)، بەڵام ڕێکخراوێک ڕەنگە نەتوانێت بە وردیی فریای هەموو بەڵێنەکان بکەوێت، بۆیە ئەو هەزاران ڕێکخراوەی کە بەناوی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەیەو لەشکرێک لە کەسانی بەتوانا کاریان تێدا دەکەن، پێویستە ئەو ڕۆڵە بۆ خەڵک ببینن.

پێویستیشە خەڵک خۆی ئەم بەڵێنانەی لەبیرنەچێتەوەو بۆ هەموو بەڵێنەکان بەردەم حکومەت بگرن‌و نوێنەرەکانیان لە پەرلەمان هەراسان بکەن، ئەگەر بەدەنگیانەوە نەچوون یان بەڵێنەکانیان لەبیرکرد.

کەواتە ئەرکی نوێنەرانمان لە پەرلەمانی داهاتوودا قورسترە لە دوو خولی ڕابردوو، بەتایبەت کـە دەنـگـو ڕەنـگـی جـیـاواز بەشێوازێکی باش‌و کاریگەریی زۆرەوە هاتوونە مەیدان، کە وا چاوەڕێدەکرێت ئەم خولەی پەرلەمان (خولی سێیەم) ببێتە پەرلەمانێکی ڕۆشنگەرو درەوشاوەو وەک ڕۆژانـی بانگەشەی هـەڵـبـژاردن هەموو دانیشتنەکان گەرموگوڕ بێت.

«ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد پێیوایە خەزرەجی کەسێکی بێتاوانە، بۆ لە یاسا شاردوویانەتەوە؟»

پشتیوان سەعدوڵڵا

بەرپرسی ناوەندی چاک لە کوردستان نـزار خەزرەجی بە یەکێک لە تۆمەتبارە سەرەکییەکانی ئەنفالو کیمیاباران دادەنێتو دەڵێت: ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردو دەسەڵاتدارانی عێراق پێیانوایە خەزرەجی کەسێکی نیشتمانپەروەرەو بێتاوانە، بۆ لە یاسا شاردوویانەتەوەو نایخەنە بەردەم دادگا.

بەپێی ئەو بەڵگانەی لای رۆژنامە کە هەریەک لە (جەلال تاڵەبانی، فوئاد مەعسوم، دڵشاد میرانی) پاکانەیان بۆ نزار خەزرەجی، سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سووپای عێراق کردووەو بە کەسێکی نیشتمانپەروەر وەسفیانکردووە.

نـزار خـەزرەجـی، کـە لـە سـەردەمـی هەڵمەتەکانی ئەنفالو کیمیاباران‌ی گەلی کـوردد‌ا سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بووە، لە کۆتایی نەوەدەکاندا لە عێراق هەڵاتو رووبکردە کوردستانو دواتـرو لە ساڵی (٢٠٠١) لە وڵاتی دانیمارک رەوانـەی دادگا کراو لە ئێستاشدا لە دەرەوەی عێراقە.

عومەر محەمەد، بەرپرسی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردنو جینۆسایدی گەلی کورد (چاک) لە کوردستان رایگەیاند: بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی کە دەست ناوەندەکەمان کەوتووەو بەپێی بەڵگەنامەکان، جگەلەوەش دادگـای بـاڵای تاوانەکانو دادگای دانیمارک فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرکردووە، نزار خەزرەجی کە لە کاتی هەڵمەتەکانی جینۆسایدی کوردد‌ا سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بوو، «تۆمەتبارێکی ئەو تاوانانەیەو دەبێت بدرێتە دادگاو سزا بدرێت».

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، چەند بەرپرسێکی کورد پاکانە بۆ خەزرەجی دەکەنو بە کەسێکی بێتاوانی دادەنێن، عومەر محەمەد ئەو هەنگاوەی بەرپرسانی کـورد مەحکوم دەکـاتو بە پێچەوانەی هەموو بەهاکانی ئینسانیو یاساییەکانی وەسفدەکاتو دەڵێت: «هەر کوردێک ئەگەر لە هەر پلەوپایەیەکدا بێت پاکانە بۆ خەزرەجیو تۆمەتبارەکانی دیکە بکات، ئەوە کارێکی خراپەو پێچەوانەی بەها نیشتمانییەکانەو ئێمە بە پێچەوانەی هەستو شعوری قوربانییان، ئـەوانـەی زینـدوون تەماشیان دەکەینو بەپێچەوانەی بەهای ئەو قوربانییانەی کە بەهۆی سیاسەتی رژێمی بەعسو ئەو ئەفسەرە پایە بەرزانەوە قوربانییانداوە، بۆیە ئەو هەنگاوە مەحکوم دەکەینو بەکارێکی زۆر نایاسایی دادەنێین، چی سەرۆک کۆمار یان هەر بەرپرسێکی دیکە بەپێی بەندی چوارەمی پەیماننامەی دادگای نێودەوڵەتی هیچ دەسەڵاتدارێک بۆی نییە داڵـدەی ئەو جۆرە تۆمەتبارانە بداتو پاکانەیان بۆ بکات، یان تاوانەکانیان بۆ سووک بکات، «چونکە ئـەم جـۆرە تاوانانەی نـزار خەزرەجیو کەسانی وەک ئەو تاوانی نائاساییەو دەچنە خانەی تاوانی جینۆسایدەوەو هەرکەسێک پاکانەیان بۆ بکاتو پەنایان بداتو پێچەوانەی بەرنامەکانی مافی مرۆڤـو دادگایە».

هەروەک بە بڕوای ئەو ئەوە گەلی کورد نییە بـەدوای بەڵگەدا بگەڕێت بۆ ئەوەی تاوانباری بکات، بەڵکو دەبێت خەزرەجیو ئەوانی دیکە بێنە بەردەم دادگاو بێتاوانی خۆیان بسەلمێنن.

جەلال تاڵەبانی لە نامەکەیدا باس لەوە دەکـات، کە نـزار خەزرەجی عێراقییەکی نیشتمانپەروەر بووە، بەرپرسەکەی ناوەندی چاک، لەوبارەیەوە وتی: «رەنگە بە لۆژیکی ئەو دەسەڵاتدارانەی کە پاکانە بۆ تۆمەتباران دەکەن، واتا ئەو ئەفسەرانەی سوپای عێراق کە بەشدارییان لە تاوانی ئەنفالو کیمیابارانی کورددا کردووە، خەڵکانێکی نیشتمانین، کەواتە ئەوانەی کە ئەنفالکراونو کوژراون خەڵکانێکی نا نیشتمانینو خەڵکانێکی خیانەتکارن، کە ئەمەش دووبارەکردنەوەی هەمان لۆژیکی رژێمی بەعسە».

هەروەها وتیشی: «ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کـوردو دەسـەڵاتـدارانـی عێراق پێیانوایە خەزرەجی پیاوێکی شەریفو بەرێزەو کەسێکی نیشتمانپەروەرو بێتاوانە بۆ نایهێننەوە بۆ عێراقو نایدەنە دەست دادگا، من ئەو پرسیارەیان لێدەکەم، بۆ خەزرەجیان لە یاسا شاردووەتەوەو نایخەنە بەردەم دادگا، تا لە دادگا بەپێی یاسا داکۆکی لێ بکەن».

لە نامەکەی دڵشاد میرانی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتییدا ناوبراو هێرشدەکاتە سـەر ئـەو کـەسو لایـەنـانـەی کـە داوای دادگاییکردنی خەزرەجییان کردووەو تێیدا هاتووە: «ئێمە بە تەواویی بڕوامان وایە ئەم کەمپەینە بۆ لاوازکردنی سومعەی جەنەرالٌ خەزرەجییەو دەستی رژێمی سەدامە».

عومەر محەمەد، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، دەسـەڵاتـدارانـی کوردستان کـام کەسی دڵسۆزو نیشتمانپەروەریان بەدەستی رژێمو بێگانە نەزانیوە، تەنانەت ناوەندی چاکو دەرسیم دیبەگەیی ئەو تێکۆشەرەی کە نزار خەزرەجی بردووەتە بەردەم دادگا بە نۆکەری بەعسیان دانا، بۆیە هیچ غەریب نییە دەسەڵاتدارانی کورد ئەو دەنگانە بە نۆکەر دابنێن، کە داوا دەکەن وەفیق سامەڕاییو خەزرەجیو تاوانبارانی ئەنفالو موستەشارو جاشە کوردەکان ببرێنە بەردەم دادگاکان.

راشیگەیاند: بەداخەوە تائێستا بەشێک لە دەسەڵاتدارانی کورد داڵدەی تۆمەتبارانی جینۆسایدی کوردیان داوەو پاکانەیان بۆ کـردوون، بەبێ ئەوەی گوێبدەنە هەستو شعوری کەسوکاری قوربانییان.

مالیکیو ئۆباما، ئاش لە خەیاڵێکو ئاشەوان لە خەیاڵێک

شاڵاو فەتاح

بۆ یەکەمجار لـەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە شارو شارۆچکەکانی عێراق، نوری مالیکی سەردانی ئەمریکای کردولەگەڵ باراک ئۆباما‌ی سەرۆکی ئەمریکا کۆبووەوە. عێراقو ئەمریکا دەیانەوێت کە پەیوەندییە ناسەربازییەکانیان بەشێوەیەکی باش پیشانبدەن، بـەڵام ئـەوەی تێبینی دەکرێت، لەم سەردانەشدا داواکارییەکانی ئۆباماو مالیکی زۆر لێکجیاوازبوون، بەرپرسانی ئەمریکا دووبارە قسە لەسەر «باشترکردنی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی عێراقو پێشخستنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەکەن»، بەڵام بەرپرسانی عێراق بـاس لـەوە دەکـەن کە ئـەم سـەردانـەی مالیکی «بـۆ پێشخستنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان بەغداو واشنتۆنە» هەر دوای کۆبوونەوە لەگەڵ ئۆباما، مالیکی ئامادەی کۆنفرانسی بەرهەمهێنان دەبێت لە وەزارەتی بازرگانی ئەمریکا.

ئەم سەردانەی مالیکی بوونی ناکۆکی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو عێراق دووبـارە بەیاندەکات، مالیکی دەیەوێت پەیوەندییە دوو لایەنەکان زیاتر لە چوارچێوەی ئابووریو بەرهەمهێنانو پـەروەردەیـیـدابـن، بـەڵام ئـیـدارەی ئەمریکا سوورە لەسەر ئەوەی ئیدارەی مالیکی پێویستە زیاتر جەخت لەسەر پێشخستنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقداو ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بکات، حکومەتی عێراقیش بۆ زیاتر لە جارێک ئەوەی راگەیاندووە، ئەو کێشانە ناوخۆیینو وڵاتێکی دەرەکی بۆی نییە تەدەخولیان تێدابکات.

عەلی دەباغ، وتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراق رایگەیاند: «ئەم سەردانە زۆر گرنگە، چونکە هەوڵی دانانی چوارچێوەیەکی مەدەنییە نەک سەربازی بۆ پەیوەندییەکانی نێوان عـێـراقو ئەمریکا»، پێشترو لە وەڵامی پلانی بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دەباغ نارەزایی خۆی پیشانداو وتی: «ئەو کێشانە ناوخۆیینو حکومەتی عێراق زۆر ناڕازییە لە دەستێوەردانی هەر دەوڵەتێکی دەرەکی».

عەلی موسەوی، راوێـژکـاری نوری مالیکی، لە بارەی ئامانجی سەردانەکەوە بە ئاژانسی فرانس پریسی راگەیاند، ئەم سەردانە «هەلێکە بۆ پێشخستنی گفتوگۆکان لـە بـواری ئـابـووریو پیشەسازییو پەروەدەییدا»، موسەوی بە هیچ جۆرێک باس لە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی یان کێشەکانی نێوان کوردو شیعەو سوننە ناکات.

بەشێوەیەکی گشتیی حکومەتی عێراق باسی کێشە ئەمنییەکانو پێشخستنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا ناکات، ئەم سەردانەش بە سەرەتای دەستپێکردنی پەیوەندی دوولایەنەی نێوان دوو وڵاتی سەربەخۆ دادەنێت.

لەلایەکی دیکەوە، ئیدارەی ئەمریکا هێشتا دەیـەوێـت تەرکیز بخاتە سەر پێشخستنی پرۆسەی سیاسیو باری ئەمنی عێراقو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کوردو سوننەو شیعە.

رۆژنامەی لاس ڤێگاس سەنی ئەمریکی رایگەیاند: «ترسی ئەمریکا لە خاویی پـرۆسـەی سیاسیو ئاشتبوونەوەی نیشتمانی عێراقە، ئەمەش کۆنترۆڵی گفتوگۆکانی نێوان مالیکیو ئۆباما دەکات». رۆبێرت گیبسی سکرتێری رۆژنامەوانی کۆشکی سپی لە بارەی باسکردنی پرۆسەی ئاشتەوایی لە عێراقدا وتی: «بێگومانم ئەوە بەشی زۆری گفتوگۆکان داگیردەکات».

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە، ئۆباما دووبـارە تەرکیزدەخاتەوە سەر کێشە ناوخۆییەکانی عێراقو باس لە پێشخستنی پرۆسەی سیاسی عێراق دەکات، سەعد ئەلهادی، شیکاروانی سیاسی لە زانکۆی بەغدا، وتی: «مالیکی داوا لە ئیدارەی ئۆباما دەکـات کە فشار بخاتە سەر حکومەتی هەرێم تا چارەسەرێک بۆ کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا بدۆزنەوە».

هـەر لـەبـارەی گفتوگۆکانی نێوان مالیکیو ئۆباما، بەرپرسێکی ئەمریکا بە ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرزی راگەیاند: کە لە گفتوگۆکاندا «بە عێراق نااڵێین چی بکات»، بەڵکو «قسە لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییەکی درێژخایەن لەگەڵ عێراق دەکەین»، بەڵام ئەم بەرپرسە بێئاگایی خۆی دەربڕی لەوەی ئیدارەی ئۆباما گفتوگۆ دەربارەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دەکات یان نا.

لە بارەی ترسی کێشە ناوخۆییەکانی عـێـراق، گـۆڤـاری تایمی ئەمریکی لە راپۆرتێکدا لەژێر ناونیشانی «بۆچی دەکـرێـت بـوتـرێـت شـەڕی نـاوخـۆی داهاتوو لەنێوان کوردو عەرەبدایە»، بە درێژیی باس لە بەرزبوونەوەی ئاستی کێشەکان لەنێوان ناوەندو هەرێمدا لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان دەکـات، بەتایبەت کەرکوک. تایم هۆکاری کێشەکە بۆ نەوت دەگەڕێنێتەوەو پێیوایە، بوونی نەوتێکی زۆر لەو ناوچانە وای لە هەردوولا کردووە کە سازشنەکەن لەسەر ئەو ناوچانە.

دوا سەردانی جۆزێف بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکاش بۆ فشارخستنە سەر گشت لایەنە عێراقییەکان بوو بۆ پێشخستنی پـرۆسـەی سیاسیو ئاشتبوونەوەی نیشتمانی. بە جۆرێک لە گفتوگۆکانی نێوان بایدنو سەرکردە عێراقییەکاندا باس لە ئاشتکردنەوەی بەعسییەکانو فشارخستنە سەر کوردەکان کراوە.

وەک دەبینرێت جیاوازی هەیە لەنێوان داواکانی عێراقو ئەمریکا لەسەر رۆڵی حکومەتی عـێـراقو پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو عێراق، حکومەتی عێراق دەیەوێت پەیوەندییەکان وەک دوو وڵاتی سەربەخۆبێت، پەیوەندییەکان بچنە ئاستی هاوپەیمانێتیەکی بەهێزی بواری ئابوورییو پەروەردەییەوە، بەڵام ئیدارەی ئۆباما هێشتا دەیەوێت رۆڵی «برا گەورە» ببینێت لە عێراقداو فشاربخاتە سەر حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان.

پەرلەمانتارێکی هۆڵەندی: کوردستان پێویستی بە ئۆپۆزسی

نامۆ عەبدوڵڵا

پەرلەمانتارێکی بەئەزموونی هۆڵەنداو راوێژکاری پەرلەمانی چەندین وڵات بووە، لەوانە عێراق. ساڵی (١٩٩١) دوای تەواوبوونی شەڕی کەنداو بۆ یەکەمجار سەردانی کوردستانی کردووە، دووجاری دیکەش سەردانی کوردستانی کردووە، لە یەکەمیاندا، ساڵی (٢٠٠٦) بانگهێشتکرا تـا وانـە بـە ئـەنـدام پەرلەمانەکانی کوردستان بڵێتەوە، لەبارەی ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ میدیادا بکەن. ئەمساڵ بۆ سێیەمجار سەردانی کوردستانی کردو لەدیدارێکی رۆژنامەدا سەرنجو تێبینییەکانی خۆی لەبارەی کوردستانو رۆڵـی پەرلەمانی داهاتوو و گرنگی ئۆپۆزسیۆن خستەڕوو.

خێغت ڤۆلک، کە ئێستا بەرپرسی لیژنەی ژووری بازرگانییە لە پەرلەمان بـۆ بـاکـووری رۆژئـــاوای هۆڵەندا، ناتوانێت خەیاڵبکات وڵاتێک دیموکراسی بێتو پەرلەمانەکەی ئۆپۆزسیۆنی تێدا نەبێت، لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەدا کە ئایا ئۆپۆزسیۆن تاچەند گرنگە بۆ کوردستان، وتی: «ئۆپۆزسیۆن زۆر گرنگە، چونکە ناهێڵێت حکومەتەکەی تەمبەڵ بێت».

ڤۆلک دەڵێت: «ئێمە چەند پارتێکی ئۆپۆزسیۆنمان هەیە لە پەرلەمان کە زۆر کاریگەرن. ئەو کاریگەرییەش ئەوەیە کە ئەوانەی ئەمڕۆ ئۆپۆزسیۆنن لەوانەیە لە هەڵبژاردنی داهـاتـوودا حکومەت پێکبهێنن، بۆیە حکومەت هەمیشە زۆر بەجدی لایەنی ئۆپۆزسیۆن وەردەگرێت».

خێغت ڤۆلک

ڤـۆڵـک، وەکـو کەسێکی بێلایەن، هەرچەندە نەیدەویست سەرنجی زۆر لەسەر ئـەم بـارودۆخـە هەستیارەی کـوردسـتـان بـدات، بـەڵام نەیتوانی خۆشحاڵی خۆی بشارێتەوە بۆ ئەم هەڵبژاردنەی کوردستان کە رۆژی شەممە (٧/٢٥)ی داهاتوو ئەنجامدەدرێت. ئـەو وتـی: «بـەوردیـی سەرنجی رۆژنامەکان لەوبارەیەوە دەخوێنمەوە.»

لەکاتێکدا هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی کـوردسـتـان بەپێی وتـەی زۆربـەی چاودێران جیاوازە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی رابردوو، بەوەی لیستێکی نوێ سەریهەڵداوە بەناوی لیستی گۆڕانو تەحەدای سیستمی سیاسی ئێستای کوردستان دەکات، کە دوو بنەماڵە باڵیان بەسەردا کێشاوە.

چەند ساڵێک لەمەوبەر رووداوێکی تـارادەیـەک لەم شێوەیە لە هۆڵەندا رووید‌ا. کەسێکی نوێ، بەناوی مستەر فۆرتاین، لە پڕ وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز سەریهەڵدا. وەڵامی بۆ کۆمەڵێک گرفتی سەرەکی هۆڵەندا خستەڕوو، هەروەها بەڵێنی چارەسەرکردنیدان کە

ژمــارە (518) پێنجشەممە 2009/7/23
hewal.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

ـــــــدا ببێتە گشتگیرو هەموو بوارەکانی ژیان بگرێتەوە

له قورئاندا هاتووه، نزیکەی (٣٠) سی جار دەبێت. له هەموو ئەو ئایەتانەدا ئەوە دەگەیەنێت، کە چۆن هەمیشە باوان لەبەردەم گۆڕاندا ڕێگرن. ئەمەشیان لـەوەوە دێت کە یەکەم ناهوشیارنو دووەمیش بەرژەوەندییان بە گۆڕان تێکدەچێت. بیانووەکانیشیان ئەوەیە کە ئەوان باوانی خۆیان هەروا دیوەو هەردەیانەوێت لەسەر ئەو ڕێبازەی باوانیان بمێننەوە. ئەگەر جوان دیقەت لەم ئایەتە بگریت، لەو بۆچوونەم باشتر تێدەگەیت. ئەم ئایەتە دەیەوێت بڵێت: کە مەسرەفگەراکانن دەیانەوێت لەسەر ڕێبازی باوانیان بمێننەوە، کە ئەمڕۆکە زاراوەی گەندەڵی بۆ بەکاردەهێنرێت: **(وكذالك ماارسلنا من قبلك في قرية من نذير الا قال مترفوها اناوجدنا ءاباءنا على امة وانا على ءاثارهم مقتدون ــ زخرف-٢٣)ه**

لـە هەمانکاتدا قـورئـان ئـەوەش دووپاتدەکاتەوە، کە ئەگەر ئێوە لە ڕاستی لابـدەن ئـەوا قەومێکی دی شوێنتان دەگرنەوە کە لە ئێوە ناچن: **(وان تتولوا يستبدل قوما غيركم ثم لا يكون أمثالكم ــ محمد-٣٨)ه**

لەم بۆچوونەدا پێغەمبەر محەمەد (د.خ) دەبێتە ئەو ئەنتی باوانەی کە نەتەوەی عەرەب لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی دیکە دەبـات، کە دەتوانین بڵێین وەرچەرخانێکی مەزن بوو لە مێژووی عەرەبدا. ناشتوانین بڵێین ئەم گۆڕانکارییە تەنیا لە ئاستی عەقیدەدا بووە، واتە لە فرە خواییەوە بۆ یەکخوایی، نەخێر، بەڵکو سیاسەتو ئابووریشی تێوەگلاوەو گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. هەروەک گۆڕانی ئایین، گۆڕانی سیاسی لێدەکەوێتەوە، دەشێ گۆڕانی سیاسیش گۆڕانی ئایینی لێبکەوێتەوە.

ڕۆژنـامـە: کەواتە، ئایا بزاڤی گۆڕانی ئێستای کوردستان، ئەنتی باوانی لێدەکەوێتەوە؟ رابەری ئەم گۆڕانە ئەو خەسڵەتانەی ئەنتی باوانی لەخۆگرتووە؟ ئەگەر ئەو خەسڵەتانەی تێدایە، چ ئەنتی باوانێک جێبەجێ دەکات؟

* هەرچەندە لە نزیکەوە نەوشیروان مستەفا ناناسمو بۆ تاقە جارێکیش نەمبینیوەو لەگەڵیدا نـەدواوم، بۆیە سەختە بتوانم کەسێتی ئەو بەڕێزە بناسێنمو هەڵیسەنگێنم. بەڵام هەوڵدەدەم لە دووریشەوە بێت دەربارەی شتێک بڵێم، ئەو کەسانەش کە لە نزیکەوە دەیناسن، دەتوانن یارمەتیم بدەنو لەو هەڵانەی کردوومە، راستم بکەنەوە.

یەکەم شت ئەوەیە دەبێت بپرسین، ئایا نەوشیروان خۆی گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟، من دەڵێم ئەگەر لە سەردەمی شاخیشەوە نەبووبێت، ئەوا هەژدە ساڵ کەم نییە کە کەسێک گـۆڕان بەسەر هزرو بۆچوونیدا بێت. چەند جارێکیش بیستوومانە کە نەوشیروان مستەفا لە حیزبەکەی تۆراوەو لە ئەدای حیزبەکەی نارەزایی دەربڕیوە. دیارە لەو هەژدە ساڵەداو بە چەشنێکی کتووپڕی گۆڕان بەسەر ئەودا نایەت، تا هەر کە ناڕازی بـوو، مانای وایـە سەرلەبەر لـەوان جیادەبێتەوە. ئاسان نییە مرۆڤ هەروا بە شـەوو ڕۆژێـک بتوانێت بڕیارێک بدات کە دەست لە هەموو ئەو دۆستو هاوڕێیانەی بـەردات، کە زیاتر لەنیو سەدە دەبێت دروستی کردبێت. ئەمە جگە لـەوەی دەسـت لە دەسەڵاتێک هەڵگرێت کە نزیکەی نیو سەدەیە پێکەوەی دەنێت. سـەرەڕای ئەوەی ئەم زەمەنە سەرمایەیەکی ڕەمزیی پێبەخشیوە، کە دەکـرێـت بکەوێتە مەترسییەوە، گەر ئەو وەڵامـی ئەو گۆڕانە بداتەوە کە بەسەریدا هاتووە.

ئەم دۆخە سایکۆلۆژییە، ترسێکی مەزن دەخولقێنێت، کە تێپەڕاندنو ڕەوینەوەی، ململانێیەکی سەخت دەوروژێنێتو کاتی زۆریش دەخوازێت تا مرۆڤ بتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات.

دیـــــارە ئـــەم بـــڕیـــارەی کە یەکلاییکردنەوەی نەوشیروان ئاشکرا دەکـات، هەژدە ساڵی خایاندووەو بە بۆچوونی من بۆ کەسێک کە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر خۆیدا بهێنێت، زۆر نییەو کاتێکی ئاساییە. هەرچەندە زۆرێک لە ڕۆشنبیران لە پێش نەوشیراونەوە، ڕەخنەی قوڵو زانستیانەیان ئاراستەی دەسـەڵاتـی کـوردی کـردووە، بەڵام وەک وتـم ئـەو سەرمایە ڕەمزییەی کە نەوشیروان بەدەستی هێناوەو دەتوانێت ئەم ڕۆڵەی لەم بزاڤەدا ببینێت، ڕۆشنبیرێک ناتوانێت ببینێت. کەواتە هەقی خۆیەتیو پیرۆزی بێت. ئەوەی بۆ نەوشیروانیش گرنگە ئەوەیە، کە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر بکاتە چاودێر بەسەر خۆیەوە، تا بەردەوام لە مەترسییەکانو ئەگەرەکانی هەڵەکردن هوشیاری بکەنەوە، چونکە سەرقاڵی دەسەڵاتو جەنجاڵی سیاسەت، مرۆڤ بەلاڕێدا دەبات.

نەوشیروان لەبری ئەوەی پەلاماری دەســەڵات بـدات، کەچی دەستی لە دەسەڵات هەڵگرت، چونکە بەشەرعیی نازانێت. ئەو دەسەڵاتەی هەڵوەشاندەوەو هەوڵی ئەوە دەدات، کە دەسەڵاتێک بە حەڵاڵی لە جـەمـاوەرەوە وەربگرێت. ئەم خەسڵەتەیان واتە هەڵوەشاندنەوەو دروستکردنەوە، خەسڵەتێکی دیارو بەرچاوی ئەو مرۆڤانەیە کە دەگەنە دۆخی ئەنتی باوان، چونکە ئەو مرۆڤە قایل نابێت بە شتێک کە هی خۆی نەبێتو لە خۆیەوە هەڵنەقوڵابێت.

لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ئەم مرۆڤانە بەرگەی دوالیزمی نێوان وێنەی ڕۆحی خۆیانو ڕەفتارکردن بە ئاراستەیەک کـە گـوزارشـت لـەو وێـنـەیـەی خۆی نەکات، ناگرن. بۆیە یان دەبێت ڕۆحی خۆی بگۆڕێت یان ڕەفتاری بگۆڕێت. چونکە دەنگی ویژدانی بەردەوام بانگی دەکـات، مرۆڤی ڕاستگۆش بەرگەی ئازارو هاواری ویژدانی ناگرێت، بۆیە لە کۆتاییدا هەموو ئەو بەرژەوەندییانەی بوونەتە ڕێگر لە گۆڕانیدا، دەخاتە لاوەو ویژدانی ئاسوودە دەکات. مرۆڤی لەم چەشنە ئەگەر مودەتێکیش لەناو خۆڵو تۆزی زەمانەدا نووقم بووبێت، هەر دێتەدەرەوەو خۆی دەتەکێنێتو بانگەشەی ئەنتی بـاوان دەکـات. ئەم ئەنتی بوونە نەک هەر دژ بە باوانە، بەڵکو لە هەمانکاتدا دژبوونەوەشە بەخود. چونکە ئەو مرۆڤە، چەندین ساڵە کاراکتەرەی ئەو باوانەی هەڵگرتووە، هەر بۆیە ئەنتی باوان کارێکی ئاسان نییە، چونکە جگە لە باوان ئەنتی خودی خۆشیەتی. ئـەوەی لە نەوشیروان مستەفا دەیبینینو دەیبیستین، ئەوەیە کە موجامەلەی خەڵکی بۆ مەرامی تایبەتی خۆی ناکاتو خۆشی بە سووکی ناخاتە بەردەست نەتەوەکانی دەوروبەری. لە هەمانکاتدا بوێرە. یەکەم لەوەدا بوێرە کە هەق دەڵێتو دووەمیش توانی دەست لە بەرژەوەندییەکانی هەڵگرێتو گەندەڵیش لیکی تەماحی پێنەڕێژێت.

ئەم خەسڵەتانەی پێشوو ئەوەی لێ دەدرەوشێتەوە، کە نەوشیروان هەست بە مرۆڤەکانی دەوروبەریشی بکات. لە یەکێک لە وتارەکانیدا شتێکی درکاند کە بەلای منەوە زۆر گەورە بوو. ئەویش چارەسەری گۆڕینی پێگەی چینایەتی بوو. ئەم مرۆڤە جیا لە بەرپرسەکانی دی، قسەی قەبەو فەلسەفەی زەبەللاح لێنادات، بەڵکو باس لە ئازارەکانی مرۆڤێک دەکات، کە ئەو مرۆڤە خۆی نازانێت بۆ لەو چینە هەژارەدا هاتووەتە دنیاوە.

کـــاری بـــەرپـــرس دابینکردنی خزمەتگوزارییە، نەک فەلسەفە لێدان. ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم ئەم مرۆڤە واتە نەوشیروان، پرۆسەی ئەنتی باوان جێبەجێدەکات، کە تابڵێی ئەم پرۆسەیە بۆ ئـەم قۆناغەی کـورد گرنگەو پڕ بایەخە.

ڕۆژنامە: ئەو ئەنتی باوانەی تۆ پێتوایە ئەمڕۆ نەوشیروان مستەفا دەیـەوێـت جێبەجێی بکات بە چ شێوازێکەو تا چەند گشتگیرە؟

* بە بۆچوونی من ئەنتی باوانی (سیاسی) پرۆژەی نەتەوەییە، چونکە دەیەوێت سیاسەتی کورد بە ئاراستەیەکی دیکەدا بەرێت، هەر بۆیە نەیارەکانی دەڵێن خەریکی ئینقیلابە. بۆئەوەی نەتەوەی کورد گەشەی نەتەوایەتی خۆی کامڵ بکات، ئەنتی باوانێکی ئایینیشی گەرەکە. ئەمەیان ئەرکی نەوشیروان نییە، چونکە ئەو لەم بوارەدا ئەزموونی نییەو لە ژیانیشیدا خەمی لەمجۆرەی نەبووە. گەر لەگەڵ نەوشیروان مەولانا خالیدێکی نەقشبەندیش ببوایە، پرۆژەی گۆڕان کامڵتر دەبوو.

ڕۆژنامە: لە وەڵامەکانتداو لە چەند نووسینێکی دیکەتدا ئەوە دیارە، کە ئازاد قەزاز بەو گۆڕانەی لە کوردستان هەیە، گەشبینە، بۆچی؟

* یەکەمجارە لە مێژووی سیاسی کـوردداو کـە قـەوارەیـەکـی سیاسی خەریکە جێ بە قەوارەیەکی دیکەی سیاسی لەق دەکـات، بێئەوەی چەکی تێدا بەکاربێت. یەکەمجارە جەستەی کورد دووکەرت ناکرێت بەناوی جاشو پێشمەرگەوە. یەکەمجارە ئەجێندای وڵاتانی دەوروبەری کورد، دەستیان لەو قەوارە نوێیەدا نییە. یەکەمجارە دەسەڵاتی کوردی بەدەستی جەماوەری کورد خۆی، دەگۆڕێت. یەکەمجارە باوانی کورد کاریزمای خۆی لە دەستدەداتو پیرۆزییان لێدەسێنرێتەوە. یەکەمجارە سەرکردەکانی کورد، واتە بـاوان، لە جەماوەرەکەیان دەپاڕێنەوە، چونکە تائێستا هەر منەتیان بەسەردا کردوون. یەکەمجارە لەناو کوردا ئەنتی باوان سەرهەڵدەدات، چونکە تا ئەمڕۆکەش هەر دووبارەکردنەوەی وێنەکانی ڕابردوو بوو. یەکەمجارە لاوان بەمرادەیە، دژی باوانیان وەستاونەتەوە. تائێستا لاوان لەلایەن باوانیانەوە ئاراستەکراونو بۆ بەرژەوەندی باوان قوربانییان داوە. هەستدەکەم ئەوەی کە چاوەڕوان بووم لە داهاتوویەکی دووردا ڕووبـدات، وا هەنووکە ڕوودەدات. یەکەمجارە لەناو شاردا نەک لەناو شاخدا، گۆڕان ڕوودەدات. یەکەمجارە دڵـم ئۆقرە دەگرێتو ئاسوودە دەبێت بەرامبەر بزاڤێکی کوردی، کە هەرگیز ئەم هەستەم بەرامبەر بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد نە لە شاخو نە لە شار نەبووە. دەتوانیت بۆچوونی من لەمبارەوە لە کتێبی (ڕۆحی کورد) دا بخوێنیتەوە.

ڕۆژنامە: ئاخۆ هەوادارانی ئەم لیستە دەتوانن ئەم پرۆسەیە تاسەر بەرن؟

ئومێدەوارین کە نائومێدمان نەکەن. ئەگەر ڕابەری ئەم بزاڤە گەیشتووەتە دۆخـی ئەنتی بـاوان، بـەو هیوایەی هەوادارانیش بەجدی گوێ لە دەنگی ویژدانیان بگرن، چونکە بەڕاستی هەندێک گوتاری لیستی گۆڕان، جێگەی سەرنجی بەندەیەو بە مەترسی دەزانم بۆ ئایندەی خۆیان، ئەمجۆرە گوتارانەیان لە حەماسەتو سۆزێکی ڕووتـەوە هەڵقوڵاوە کە لە داهاتوودا لەسەریان دەکـەوێـت. ئەمجۆرە حەماسەتانە، وەختی خۆی نەیارەکانیشیان تێیکەوتنو وا ئێستا لەسەریان کەوتووە. ئەوەی کە دڵـم پێیخۆشە ئەوەیە کە ڕەنگە سەرۆکی لیستی گۆڕان، چونکە خۆی گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لەم بوارانەدا خاوەن ئەزموونە، لەو مەترسیانە ورد دەبێتەوەو هیوادارم لێی وردبێتەوە.

یەکەمجارە لە مێژووی سیاسی کوردداو کە قەوارەیەکی سیاسی خەریکە جێ بەقەوارەیەکی دیکەی سیاسی لەق دەکات، بێئەوەی چەکی تێدا بەکاربێت. یەکەمجارە جەستەی کورد دووکەرت ناکرێت بەناوی جاشو پێشمەرگەوە. یەکەمجارە ئەجێندای وڵاتانی دەوروبەری کورد، دەستیان لەو قەوارە نوێیەدا نییە. یەکەمجارە دەسەڵاتی کوردی بەدەستی جەماوەری کورد خۆی، دەگۆڕێت. یەکەمجارە باوانی کورد کاریزمای خۆی لە دەستدەداتو پیرۆزییان لێدەسێنرێتەوە. یەکەمجارە سەرکردەکانی کورد واتە باوان لە جەماوەرەکەیان دەپاڕێنەوە، چونکە تائێستا هەر منەتیان بەسەردا کردوون

تائێستاشی بێتەسەر پرۆژەی سیاسی سەرکردەکانی کورد ئاوێتەی بەرژەوەندی ئەجێندای وڵاتانی دەرودراوسێ بووەو بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد هەمیشە زیانی گەورەی پێگەیشتووەو ئامانجەکانی نەتەوەییەکان شکستیان هێناوە

ئازاد قەزاز

گۆڕان بزووتنەوەیەکی سیاسییە، پێویستە لە داهاتووشـــ

سازدانی: ئومێد کەریم

ڕووناکبیر ئازاد قەزاز لە دیمانەیەکی ڕۆژنامە بیرو بۆچوونی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانو بزووتنەوەی گۆڕان دەخاتە ڕوو، ئەو ڕایدەگەیەنێت: «گەشبینم بە بزاڤی گۆڕان» بە بۆچوونیئەو ڕووناکبیرەبزووتنەوەی گۆڕان لە ئێستادا بزووتنەوەیەکی سیاسییەو پێویستە لە داهاتووشدا ببێتە گشتگیرو هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بگرێتەوە، ئەو ڕووناکبیرە پێیوایە، بزووتنەوەی گۆڕان جێبەجێکردنی بیردۆزەی (ئەنتی باوانە) کە ئازاد لە چەند کتێبێکیدا باسی لێکردووە.

ڕۆژنامە: وەک ڕۆشنبیرێک لە تاراوگەوە چۆن دەڕوانیتە ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کوردستان بەهۆی هەڵبژاردنەکانەوە دروستبووە؟

* زۆر دەمێکە لە بارودۆخی کوردستانی باشوور بێ ئومێدبووم، چونکە جگەلە سەپاندنی دەسەڵات هیچ ڕووناکایی گۆڕانێکم تێدا بەدی نەدەکرد، ئەوەندەی موجامەلەکردنی یەکتری هێزەکانم بەدیدەکرد، هێندە گۆڕانکاریی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتم نەدەدی، هێندەی ئەو هێزانە دانیان لە کورسی دەسەڵات گیردەکرد، ئەوەندە خەمیان نەبوو کە مرۆڤی دەرەوەی دەسەڵات چ ئازارێک دەچێژێت. هێندەی تەماح پاڵنەریان بووە، هێندە ئەخلاق بزوێنەریان نەبووە. هێندەی ترس لەیەکدی وروژاندوونی، چارەکێکی ئەو ترسی خۆشەویستیان بۆ یەکدی نەیخرۆشاندوون. بەکورتییەکەی هەرچی هەستو نەستی پۆزەتیڤی ناو مرۆڤایەتیان بووە، لەژێر چەپۆکی هەستو نەستی نێگەتیڤی مرۆییاندا نالاندوویەتیو بووەتە هۆی دەرهاویشتنی ڕەفتاری نادروستی ئەوانو کۆمەڵگەی کوردستانی باشووریان شێواندووە. ئەمەو جگەلەوەی ستراکتوری پەیوەندییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەش وا لەبەر یەکدی هەڵوەشابوو، مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیەدا هەرگیز هەستی بە ئاسوودەیی نەدەکرد، واتە هەر بە تەنیا دەسەڵاتی سیاسی نەبوو، بەڵکو ستراکتوری کۆمەڵایەتیش گەندەڵ بووبوو.

ئەم دیمەنە شێواوەی کوردستانی باشوور، منی گەیاندە ئەوەی کە بڵێم بارودۆخی کورد، بە چاکسازییو ڕیفورم نایەتەوە سەرخۆی، مەگەر بە پرۆسەیەکی سایکۆلۆژییو ئاوێتە بە پرۆژەیەکی سیاسی کە سەرلەبەری نەستەکۆی کورد بگۆڕێت، ئینجا دەربازمان بێت. خۆ لەوەش ئاگادارم کە سەرلەبەری نەست، بەیەکجار ناگۆڕێتو کاری زۆرو ڕۆژگاری درێژ دەخوازێت، واتە پرۆژەیەکی سیاسی کە چوارچێوەیەکی وا ببەخشێت تا مرۆڤ بتوانێت هێدی هێدیو بەتێپەڕبوونی کات، پێکهاتەی دەروونیو کۆمەڵایەتیو کلتووری خۆی بگۆڕێت بۆ ئەوەی هەمان ئەو مرۆڤانەی دوێنێ، کە بوونەتە بەربەستی گۆڕانکاریی، دروست نەبنەوە. ئەو پرۆژەیەم ناوناوە (ئەنتی باوان)، کە لە کتێبی سایکۆپۆلیتیکدا هەندێک ڕوونکردنەوەم لەسەر داوە.

ڕۆژنامە: لە زۆر جێگەدا باست لە تیۆرەی ئەنتی باوان کردووە مەبەستت لەم تیۆرەیە چییەو دەتوانین بڵێین لە ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا بەرجەستەبووە؟

*ئەنتی باوان لای من ئەوە دەگەیەنێت، کە مرۆڤ دەرەنجامی کەڵەکەبوونی زانیاریو کۆمەڵێک ئەزموونی مێژوویی و گۆڕانی فیکریی و ڕاگوێزانی ڕۆحی، ئەو مرۆڤە دەگەیەنێتە دۆخێکی ئەوتۆ، بەتەواوەتی خۆی لە باوانی جیا دەکاتەوەو دەیەوێت لەوان نەچێت، چونکە ئەو جۆرە باوانە وێنەیەکی دزێوی ئەوتۆیان لای ئەو مرۆڤە خوڵقاندووە، کە خۆی بە شەرمەزار دەزانێت، گەر لە باوانی بچێت. بۆیە یان ئەوەتا گۆشەگیر دەبێت، یاخود ڕێبازێکی دی زۆر جیاواز لە باوانی دەگرێتەبەر، کە لای باوان وا پێدەچێت ئەو نەوەیە بە تەواوەتی لە باوانی هەڵگەڕابێتەوە. باوەڕیشمو وایە گەر لەمجۆرە مرۆڤە هەڵنەکەوێتو پاشانیش پانتاییەکی فراوانی ئەو کۆمەڵە نەگرێتەوە، لای ئێمە گۆڕانکاری وەدی نایەت. گەر هێزێکی سیاسی مەعریفی لەم چەشنە سەرهەڵنەدات، ئەوا بەردەوام باوان نەوەی نوێ بۆ خۆیان دەقۆزنەوەو لەبن چەپۆکی خۆیاندا، وێنەی خۆیانیان لێ دووبارەو سێبارە دەکەنەوە. گەر قۆناغێکی وەرچەرخان نەیەتە ڕێیانو ئاراستەی ئەو باوانە بگۆڕێت، ئەوا گشت گۆڕانێک، دەبێتە گۆڕانێکی ڕووکەشیو دروشمو هێندە نابات، شتە گۆڕاوەکان دەگەڕێنەوە دۆخی نەگۆڕاوی خۆیان. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە گۆڕان یان ڕەشە یان سپییە، یان بە یەکجار ڕوودەدات یان هەر ڕوونادات. نەخێر، مەبەست ئەوەیە کە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دێتە گۆڕێ، بە کۆمەڵێک فاکتەرو بنەماو ڕێسای دەروونیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووری دەورە دراوە، مرۆڤ دەبێت هوشیارانە مامەڵەی لەتەکدا بکات. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، ئەم بۆچوونەم جۆرە خوێندنەوەیەکە، دەرەنجامی ئەو هەگبە زانستیو ئەزموونەی کە هەڵم گرتووە، واقیعی کوردستانی باشووری پێ دەبینم. دیتنی دیکەو خوێندنەوەی دیکەش دەرەنجامی ئەزموونی دیکەو زانستی دیکە، ڕەنگە خوێندنەوەیەکی دیکە بخوڵقێنێت، یان لانیکەم مەترسی کەمتر ببینێت لە کاتی خوێندنەوەی بۆ گۆڕانی هەمان کۆمەڵە

ڕۆژنامە: ئەگەری ڕووداننی (ئەنتی باوان) لە ئێستای باشووری کوردستاندا تا چەند لە ئارادایە؟

* ئەگەر لە ئارادایە، بۆ ئەمەش دەبێت چەند پرسیارێک بکەین: ئەو مرۆڤە کێیە؟ ئەو مرۆڤەی دەگاتە دۆخی ئەنتی باوان، دەبێت چۆن بێتو هەڵگری چ کاراکتەرێک بێت؟ ئەو مرۆڤە لە چ ڕوویەکەوە گەیشتووەتە دۆخی ئەنتی باوان؟ ئایا ئومێدبەخشە؟

سەرەڕای سڵکردنەوەم لە مشەخۆرانو بەرژەوەندخوازان، لەوەی کە بزاڤی هەنووکەی کوردستانی باشوور، بە ئاقارێکی نادروستدا بەرن، بەڵام ئەو ئومێدەشم هەیە کە ئەمجارەیان گۆڕانێکی بەرچاوو گرنگ لە دۆخی هەم سایکۆلۆژی، هەم سیاسی کوردی باشووردا ڕووبدات. هەرگیز لە ئاست ئەو گۆڕانانەی لە مێژووی کورددا ڕوویداوە نە دڵخۆشی کردووەو نە بەهی خۆمم زانیوە. بەڵام ئەم گۆڕانەی ئەمجارەیان لەڕووی نەوعییەوە لەهەموو ئەوانی پێشوو جیاوازترە.

لە وتارێکی پێشوومداندا چەمکێکی دیاردەی گۆڕانمان خستە بەر دیدی خوێنەرو گرنگی ئەو دیاردەیەمان لەم ساتەوەختەدا خستەڕوو. لەوێدا وتمان کە خودی مرۆڤ کائینێکی گۆڕاوی دینامیکییەو ئەو کاراکتەرە لەناو کۆمەڵیشدا ڕەنگدەداتەوە. لەوێشدا ئەوەمان خستە بەرچاو کە مەرج نییە تاکێک ئەو گۆڕانەی بەسەردا بێتو ئینجا خەڵکی شوێنی بکەوێت. دەشێ مرۆڤەکان لەو دەورووبەرو ژینگەیەدا ئەو گۆڕانەیان بەسەردا بێتو هاوڕاو و یەکدەنگ بن، بەڵام بە بۆچوونی من نۆ خەسڵەتی گرنگ وا دەکات مرۆڤێک ببێتە ڕابەری ئەو بزاڤەو ئەوجا بەو خەسڵەتانە بگاتە دۆخی ئەنتی باوان، حەزدەکەم لێرەدا باسیان بکەم:

ئازاد قەزاز

یەکەم: دەرەنجامی ئەو مێژووەی لەو ڕێگەیەی دی بەسەری بردووە، سەرمایەیەکی ڕەمزیی بۆ کۆدەبێتەوە.

دووەم: بەهۆی ئەو سەرمایە ڕەمزییەوە، شەرعیەتی دەسەڵات لە دەورووبەرەکەیەوە وەردەگرێت.

سێیەم: لەڕووی فیکریی و ڕۆحییەوە گۆڕانی بەسەردا دێت.

چوارەم: لە دەربڕینی بۆچوونەکانیدا بوێرە.

پێنجەم: لە تەک خۆیو ئەو باوەڕەی کە هەڵیگرتووە ڕاستگۆیە.

شەشەم: بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەی ناکەتە قوربانیی دەسەڵاتی خۆی.

حەوتەم: هاوتاو هاوخەمی چینی هەژارانەو پۆز بە مەزهەرەوە لێنادات.

هەشتەم: مرۆڤێکی هەستیارەو هەست بە مرۆڤەکانی دی دەکات.

نۆیەم: موجامەلەی نەتەوەکانی دەورووبەری ناکات لە پێناوی دەسەڵات، بەڵکو ڕێزیان لێدەگرێتو خۆشی لە ئاستی ئەواندا بەکەم نابینێت.

تێکڕای سەرکردەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد تائێستا، دوو خەسڵت کردوونی بە سەرکردە، ئەوانیش سەرمایەی ڕەمزییو شەرعیەتی وەرگرتنی دەسەڵات بوون. بەم پێیە بزاڤی کوردی بزاڤێکی گۆڕانکاریی نەبووە، بەڵکو بزاڤی وەرگرتنی دەسەڵات بووەو لەو پێناوەدا جەنگاوە. هەر بۆیەش لە کتێبی سایکۆپۆلیتیکدا سەرکردەکانی کورد ناودەنێم جەنگاوەر، نەک شۆڕشگێڕ.

مەبەستم لە شەرعیەت وەرگرتنی دەسەڵاتی سەرکردەکانی کورد، ئەوە نییە کە دەسەڵاتەکەیان لەڕووی یاساییەوە شەرعی بێت. نەخێر، شەرعیەتەکە لەوەدا بووە کە زۆرینەی جەماوەر لەو دەسەڵاتە بێدەنگ بوون، جا یان ئەوەتا ناهوشیار بوون، یان بەرژەوەندی بێدەنگی کردوون، ڕەنگە ترسیش لەوەی کە بێ سەرۆک بمێننەوە یان بەرژەوەندییان لەدەست دەرچێت، هۆکارێکی دیکە بووبێت بۆ ئەوەی ئەو سەرکردە کوردییانە تەمەنی دەسەڵاتیان هێندە درێژ بووە. سەرمایەی ڕەمزی دەشێ سەرمایەی سیاسی بێت، سەرمایەی ئایینی بێت، سەرمایەی کۆمەڵایەتی بێت یان سەرمایەی نەتەوەیی بێت، کە ئەو مافە بەو کەسە دەدات تا ئەو سەرکردایەتییە وەربگرێت. تاهەنووکەش سەرکردەکانی ڕزگاریخوازی کورد خۆیان ئەو سەرمایەیان نەخوڵقاندووە، بەڵکو بە وەرەسە بۆیان ماوەتەوە. خۆت لێرەدا بەڕاوردێک بکە لە نێوان شێخ مەحمودی حەفیدو مەولانا خالیدی نەقشبەندی، تێدەگەیت بۆ حەفید دەبێتە سەرکردەو نەقشبەندیش دەبێت سلێمانی جێبێڵێتو لە غەریبیدا سەربنێتەوە.

بەهەرحاڵ ئەگەر هەر مرۆڤێک بەو دوو خەسڵەتە ببێتە سەرکردە، دەبێتە جەستەیەکی ڕووتو کۆمەڵێک غەریزە کە جگە لە خۆتێرکردنو خۆ جوانکردن چیتریان لەدەست نایەت، چونکە ئەو حەوت خەسڵەتەی دیکەن کە مرۆڤ دەکەنە مرۆڤو مرۆڤەکانی دیکەش دەتوانێت ببینێت. سەرکردە گەر ئەو حەوت خەسڵەتەی تێدا نەبێت لەگەڵ دوو خەسڵەتەکەی دیکە، جگە لە کارەسات هیچی دیمان بۆ فەراهەم ناهێنێت. ئەمەو جگە لەوەی کە تائێستاشی بێتەسەر پرۆژەی سیاسی سەرکردەکانی کورد ئاوێتەی بەرژەوەندی ئەجێندای وڵاتانی دەرودراوسێ بووەو بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد هەمیشە زیانی گەورەی پێگەیشتووەو ئامانجە نەتەوەییەکانی شکستیان هێناوە.

بۆیە بۆ گۆڕینی ئەم مێژووە درێژەی نەتەوەی کورد، کە لەمجۆرە سەرکردانە دەخوڵقێنێت، پێویستمان بە دوو جۆر ئەنتی باوان دەبێت، ئەوانیش ئەنتی باوانی سیاسیو ئەنتی باوانی ئایینییە. مەبەستمان لە ئەنتی باوانی سیاسی، ئەو سیاسەتەی گیراوەتەبەر بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان، بە ئاراستەیەکی دیکەدا ببریتو لەو سیاسەتەی باوان نەچێت. مەبەستمان لە ئەنتی باوانی ئایینی ئەوەیە، کە ئەو باوەڕەی ئەو نەتەوەیە لەسەری ڕاهاتووەو بوار خوڵقاندنی مەعریفەیەکی دیکەی نوێ نادات، بە ئاراستەیەکی دیکەدا ببرێت تا ترس لە بیرکردنەوەیەک کە لەوەی پێشوو ناچێت، بڕەوێنێتەوە. مەرج نییە ئەم ئەنتیانە سەد دەرسەد نوێ بێت لە هیچ کاتو شوێنێک نەگوترابێتو نەبیسترابێت، نەخێر گرنگ ئەوەیە کە لەو کاتو شوێنەدا ئەو باوانە هەڵوەشێنێتەوەو بەڕێچکەیەکی دیکەدا ئەو مرۆڤگەلە بەرێت کە بە خەیاڵی باواندا نەهاتبێت. ئەگینا هیچ بیرێک نییە نوێیەکی ئەوتۆ پووختە بێت کە بەبیری کەسدا نەهاتبێت. گرنگ گۆڕینی ئاراستەو ڕێبازە، تا بتوانرێت مرۆڤی نوێ بەرهەم بێت.

لە کتێبی سایکۆپۆلیتیکو هەندێک وتاری خۆمدا، یەکێک لەوانەی کە بە ئەنتی باوان ناساندوومە، پەیامبەر محەمەد (د.خ) بووە. بۆیە ئەو بە نموونە دەهێنمەوە، چونکە ئەو مرۆڤە لە ناوماندا ناسراوەو بۆ خوێنەر ئاسانترە لە مەبەستمان تێبگات. لێرەدا شتێکی دیکە لەسەر محەمەد (د.خ) دەڵێم، کە لە نووسراوەکانی دیکەدا بۆی نەچووم.

وشەی باوان بەمانای ئەنتی باوان کە

ئەوەی بۆ نەوشیروان گرنگە ئەوەیە، کە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر بکاتە چاودێر بەسەر خۆیەوە، تا بەردەوام لە مەترسییەکانو ئەگەرەکانی هەڵەکردن هوشیاری بکەنەوە، چونکە سەرقاڵی دەسەڵاتو جەنجاڵیی سیاسەت، مرۆڤ بەلاڕێدا دەبات

ـــووری کوردستان

ئەوانیش دەسەڵاتەکانی (ئەنجومەنی وەزیـران، سەرۆکایەتیی هەرێم)ن. هەر وەک لە مادەی (٥٩)دا دەڵێت (دەســەڵاتــی جێبەجێکردن لە: سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانو ئەنجومەنی وەزیــران پێکدێتو دەسەڵاتەکانیشیان بەپێی دەستوورو یاسا پیادە دەکەن) هەروەها لە مادەی (٦٠) دا باسی دەسەڵاتی فەرمیی سەرۆک دەکات کە دەسەڵاتی یەکەمی جێبەجێکردنەو فەرماندەی هێزی چەکداری کوردستانە. لێرەدا دەبێت هەڵوێستەیەک بکەین، هێزی چەکدار پرسێکی زۆر هەستیارە، بە تایبەتی بۆ ئەو وڵاتو کۆمەڵگەیانەی خاوەن کلتوورێکی بەهێزی ئاشتیو ئارامیو دیموکراتی نینو هێزەچەکدارەکانیش لە ئەرزی واقیعدا هێزێکی نیشتمانی قانوونی نین، بەڵکو هێزی میلشیایین، هەر بۆیە بەشێکی زۆری حاکمە سیاسییەکانی خۆرهەڵات دەیانەوێت لەرێگەی فەرماندەییکردنی هێزی چەکدارەوە گەرەنتی دەسەڵاتخوازی خۆیان مسۆگەر بکەن. سەبارەت بە رەهەندە قانوونییەکەی بەپێی سیستمی پەرلەمانی فەرماندەی چەکدار لای سەرۆک وەزیرانە، بوونی هێزی چەکدار لای سەرۆکی هەرێم لاوازکردنو کەمکردنەوەی دەوری سەرۆک وەزیرانە لەلایەکو لەلایەکی دیکەشەوە رەهەندێکی دەسەڵاتخوازیشی تێدایە. پرسیارەکە ئەمەیە، بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان چ کێشەیەکی هەیە هێزی چەکدار سەر بەسەرۆک وەزیران بێت؟ لێرەدا دەبێت زۆر بە راشکاوانە ئاماژە بە خاڵێکی سیاسیو قانوونی بکەین، بوونی سەرۆک لە سیستمی دیموکراتیو پەرلەمانیدا بۆ ئەوەیە وەکو هێزی بێلایەنی دڵسۆز بۆ گەلو نەتەوە رۆڵی ناوبژیوان ببینێت، هەوڵبدات کە کێشەیەک لە وڵات دروستبوو، رۆڵی هاوکارو کار ئاسانکەر ببینێتو باوکێکی بێلایەن بێت، سەرۆک بۆ ئەوەیە لە رووی رەمزییەوە نوێنەرایەتیی سیاسیو دبلۆماسیی وڵات بکات. بۆ ئەوەیە سەرۆک هێزێکی پارسەنگی پاراستنی ئارامیی سیاسیی وڵات بێتو بێلایەنانە تەماشای دەسەڵاتەکان بکاتو هاوسەنگی دەسەڵاتەکان فەراهەم بکات، نەک وەکو ئەوەی هەرێم پاوانی دەسەڵات بکات. مادەی (٦٢) دەڵێت (سەرۆکی هەرێم یان جێگرەکەی لە پۆستەکەیان لادەبرێن ئەگەر دادگای دەستووری بە تاوانکاری دانا لە ئاکامی تۆمەتبارکردنیانەوە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، بەشکاندنی سوێندی دەستووری، یان پێشێلکردنی سامناکی دەستوور، یان ئەنجامدانی خیانەتی گەورە) بەپێی ئەم مادەیە سەرۆک یان جێگرەکەی لە چەند حاڵەتێکدا لادەبرێن وەکو روونکراوەتەوە کە سنووری لادانەکەی زۆر سنووردارە. ئەمە جگە لەوەی بۆ تەفسیرکردنو شیکردنەوەی هەر یەکێک لەو بابەتانە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ یاساکانی دیکە بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی مانای قانوونی هەریەکێک لەو حاڵەتانە تێبگەین، کێشەی گەورەی سنووردارکردنی لابردنی سەرۆکو جێگرەکەی لە چەند خاڵێکدایە، یەکەمیان پۆستی سەرۆکو جێگرەکەی تێکەڵکردووە بەو شێوەیەی بەهەمان ئەو شێوازەی سەرۆکی پێ لادەبرێت، بەهەمانشێوەش بۆ جێگرەکەی بەکاردەهێنرێت، ئەمە لە کاتێکدا جێگرەکەی هەمان دەسەڵاتی ئەوی نییە. خاڵی دووەم، بەپێی دەستوورەکە سەرۆک دەسەڵاتی زۆری هەیە وەکو ئەو حاڵەتانەی ئاماژەیان پێکراوە، ئەمە لەکاتێکدا بۆ سیستمی پەرلەمانی دەبێت سەرۆک دەسەڵاتێکی رەمزی هەبێت، واتە دژایەتیو ناکۆکی، راستر ئیزدیواجیەتی تێدایە، لەلایەک سەرۆک دەسەڵاتیکی زۆری پێدراوە بە ئاراستەی سەرۆکایەتی، لەلایەکی دیکە کە دێتە سەر سزادانو لابردنی، لەم کاتەیاندا سزای سەرۆکێک دیاری دەکرێت بەو شێوەیەی کە لە سیستمێکی پەرلەمانیدا بێت.

جاڕدانی نائاسایی (حالة طوارىء)

هەرلە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێمدا، سەرۆک مافی جاڕدانی باری نائاسایی هەیە. هەر وەک لە مادەی (٦٥) برگەی هەشتدا هاتووە (جاڕدانی باری نائاسایی، بەراوێژکردنو رێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە حاڵەتی (شەڕ، داگیرکردن، یاخیبوون، ئاژاوە، کارەساتی سروشتی، یان بڵاوبوونەوەی پەتا، یان هەر حاڵەتیکی دیکەی لە ناکاو، بە مەرجێک ماوەکە لە مانگێک پتر نەبێتو درێژکردنەوەی دواتریش بە رەزامەندی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماوەیەک کە دەبێت بۆ هەر درێژکردنەوەیەک، لە سێ مانگ تێنەپەڕێت، حوکمەکانی حاڵەتی نائاساییش بە یاسا رێکدەخرێن) سەرەتا دەبێت قسە لەسەر ئەوە بکەین وەکو بنەمای ئەسڵی حاڵەتی نائاسایی بە مانا یاساییەکەی خۆی لەو روداوانەدا بەرجەستە دەکات کە لە دوو شوێنەوە سەرچاوە دەگرن (سروشت) کە لەدەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەوە روودەدەن (قوە قاهرە)ن، وەکو بومەلەرزە، لافاوێکی زۆر گەورە، ئاگرکەوتنەوەیەکی گەورە، جۆری دووەمیان رووداوە مادییەکانن وەکو داگیرکاری وڵاتو هتد. ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکەین، ئەم پرسە دوو لایەنەیە، دیوێکی ئیجابی هەیە ئەگەر بە نیەتێکی باشو ئەسڵی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بۆ ئەوەیە سەلامەتی بپارێزرێتو رێگە لە زیان بگرێتو ئارامیو سەلامەتی بگێڕێتەوە، دیوە سلبییەکەشی ئەوەیە کە دەتوانرێت لەژێر ئەو ناوانەی هێنامانن بکرێتە پاساو بۆ مەبەستی سیاسی دەسەڵات بەکاربهێنرێت. هەر بۆیە لە ئێستای دیموکراتیدا پرسی باری نائاسایی زۆر بە وردی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێتو زۆر سنووردارکراوە. ئەویش بۆ ئەوەی بەو هۆیەوە بە خراپ ئەو مافە بەکارنەهێنرێت. سەبارەت بە کوردستان، سەرەتا چەند حاڵەتێک دیاریکراون کە جێگەی پرسیارن وەکو (یاخیبوون، ئاژاوە) باشە مانای ئەمانە چین، ئەگەر سبەینێ خۆپیشاندانێکی گەورەی نارەزایی سیاسی بوو، ئایا ئەمە بە چی ئەژمار دەکەن؟ ئاژاوە! واتە چەمکی ئاژاوە روون نییەو مەتاتییە، سەرۆک دەتوانێت هەر نارەزاییەک بە ئاژاوە ئەژمار بکاتو حاڵەتی نائاسایی رابگەیەنێت، ئەمە جگە لەوەی مادەکە لەسەرەتادا بەشێوەی دیاریکردنو سنووردارکردنی باری نائاسایدا ئاماژە بە چەندین جۆری باری نائایسایی دەکات، بەڵام لەکۆتاییدا دەرگا بە تەواوی دەکاتەوەو دەڵێت هەر حاڵەتێکی دیکە!! کێشەی ئەم مادەیە جگە لەوەی باسمانکرد لە مشتومڕێکی گرنگدایە. ئەویش نابێت بارِی نائاسایی مافی سەرۆک بێت، بەڵکو دەبێت لەدەسەڵاتی پەرلەماندا بێت، ئەمیش بۆ ئەوەی لەلایەن کەسێکەوە لە ئەگەری خراپ بەکارهێنان بپارێزینو دووری بخەینەوە. هەر بۆیە ئەم دەسەڵاتە بۆ پەرلەمانە نەک سەرۆک. بەم شێوەیە ئەم مادەیە هەڕەشەیەکی جدیە بۆ سەر پەراوەی ژیانی ئازادانەی سیاسیو کێبرکێی دیموکراتی.

لە برگەی نۆیەمی هەمان مادەدا، سەرۆک مافی لێبوردنی تایبەتی زیندانیانی هەیە. لە راستیدا پرسی لێبوردن بەشێکە لە زانستی تاوانناسی وەکو زانستێکی سەربەخۆی قانوونی. بەو مانایەی لێبوردن لە تاوان پرسێکی زۆر ئاڵۆزو مەترسیدارە پەیوەندی بە مافو عەدالەتو سەروەریی یاساییو هەیمەنەی قانوونەوە هەیە. ئەمە یەکێکە لەو حاڵەتانەی کە سەرۆک دەستدەخاتە کاری دادگاو بەرکەماڵکردنی عەدالەتەوە، ئەو دەتوانێت لێبوردنی تایبەت دەربکاتو بەمەش دەتوانێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاریبهێنێت، واقیعی کوردستان ئەو نموونانەی زۆرە، پرسی لێبوردن لە تاوان بووەتە بابەتێکی سیاسی، دەسەڵاتداران بۆ کڕینی سۆزی خەڵک لە بۆنە تایبەتییەکانی (جەژن)و هتد، لێبوردن دەردەکەن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تاوانبار بەبێئەوەی بە قۆناغی تەواوی چاکسازیدا بڕوات بەتاوانەوە دێتەوە کۆمەڵ. ئەمە جگە لەوەی هەیمەنەی عەدالەت کەمدەکاتەوە، لەراستیدا لە سیستمی پەرلەمانیو دیموکراتیدا دەسەڵاتی لێبوردن بە یاسا رێکدەخرێتو پێویستی بەدەنگدانی پەرلەمانە، بەمانایەکی دیکە لە دەسەڵاتی پەرلەمانداییە، نەک وەکو ئەوەی دەستووری کوردستان کە ئەو مافەی بەسەرۆک بەخشیوە.

دادگای دەستووری

یەکێکە لە دامەزراوە دادوەرییە زۆر گرنگەکان، کە لەچەندین رووەوە ئەو گرنگیەی دەردەکەوێت ئەویش وەکو لە مادەی (٩٦)دا ئاماژەی بۆ کراوە کە خۆی لە دادگاییکردنی سەرۆکو شیکردنەوەی دەستووری قانوونەکانو پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنو راپرسییەکانو زۆر ئەرکی دیکەدا دەبینێتەوە، بەپێی برگەی دووەمی مادەی (٩٢) کە دەڵێت (سەرۆکی هەرێم بەراوێژکردن لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری ئەندامانی دادگای دەستووری دەپاڵێوێت) بەپێی ئەم مادەیە سەرۆک هەڵیاندەبژێرێت، واتە مافەکە بۆ ئەوە ،بەڵام بەراوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری، واتە ئەنجومەن رەهەندی مافی راوێژپێکردنی هەیە. دەبێت لێرەدا بپرسین ئەگەر دادوەرێک سەرۆک بیپاڵێوێت توانای ئەوەی هەیە سەرۆک لاببات؟ باشە ئەی دەوری پەرلەمان چییە، لەراستیدا دەبێت ئەنجومەنی دادوەری خۆی بیانپاڵێوێتو پەرلەمانیش پەسەندی بکاتو سەرۆکیش بە تەنیا مەرسومێکی بۆ دەربکات. نەک خۆی دیارییان بکات (بیانپاڵێوێت). کاتێکیش دەڵێین ئەندامانی دادگای دەستووری دەبێت بە تەنیا لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە بپاڵێورێن بۆ دوو مەبەستە، یەکەم بۆ بەرجەستەکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییو پێدانی سەروەریی بە ئەنجومەنی دادوەری، دووەمیان بۆ ئەوەیە گەرەنتی ئەوە بکرێت کە دادگای دەستووری خاوەن ئیرادەو بڕیاری ئازایانەی خۆی بێتو گەرەنتی سەروەریی یاسا بکات.

دەستەو کۆمسیۆنە سەربەخۆکان

دەروازەی شەشەمی دەستووری کوردستان تایبەتە بە دەستەو کۆمسیۆنە سەربەخۆکان، بێگومان دوو دەستەی زۆر گرنگ هەن، ئەوانیش (کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانو دیوانی دەستپاکی)ن، بۆ ئەوەی ئەم دوو دامەزراوەیە سەربەخۆ بنو نەکەونە ژێر کاریگەریی هیچ شتێکەوە. هەربۆیە زۆر گرنگە ئەو دەزگایە ناوەندی بن نەک هەرێمی، واتە فیدراڵی بن. ئەمەش بە پلەی یەکەم لەبەرژەوەندیی شەفافیەتی کوردستانە، بەڵام وەکو لە مادەی (١٠٧) دا هاتووە، کە دەڵێت

(یەکەم، بە یاسایەک ئەمانەی خوارەوە دادەمەزرێن:

١. دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنو راپرسی لە کوردستان _عێراق.

٢. دیوانی دەستپاکیو چاودێری دارایی.

جگە لەو کێشەیەی باسمانکرد، بەپێی ئەم دەستوورە دیوانی چاودێریی دارایییو دەستەی دەستپاکی تێکەڵکردووە، بە مانایەکی دیکە لەسەر دوو ئاست دەستەی دەستپاکی فەرامۆشکراوە، یەکەمیان، بەتێکەڵکردنی بە دیوانی چاودێریی دارایی. دووەمیان مامەڵەی هەرێمیکردنیان بە بەشێک لە کوردستان واتە لێسەندنەوەی رەهەندی ناوەندیبوونی. بەستنەوەی ئەو چەند دەزگا گرنگانە بۆ کوردستان بێلایەنیو سەربەخۆیی ئەدای ئەو دەزگایانە دەخاتە ژێر پرسیارەوەو ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە نیەتێکی جدی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە کوردستان نییە.

سەرۆکی هەرێم کە لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت بە سیستمی زۆرینەی سادە (اغلبية البسيطة) دەردەچێت وەک لە مادەی (٨) یاسای ژمارە (١) سەرۆکایەتیی هەرێم ساڵی (٢٠٠٥)دا هاتووە. ئەمە لە کاتێکدا لە سیستمی وڵاتانی زۆرێکی دونیای دیموکرات دەبێت بە شێوازی سیستمی زۆرینەی رەها بێت (اغلبية المطلقة) بێت واتە سەرۆک (٥٠+١) بێنیتو ئەگەر رکابەرەکان نەگەیشتنە ئەو رێژەیە، ئەوا هەڵبژاردن دووبارە دەکرێتەوە بۆ ئەوەی سەرۆک شەرعییەتو متمانەی لایەنی کەمی نیوەی میللەتی هەبێت، نەک وەک ئەوەی کوردستان کە سەرۆک بە زۆرینەی سادە براوە دەبێت

خوێندنەوەیەک بۆ دەست

نەک دەبێت دەستوور هەبێت، بەڵکو دەبێت بەجدی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستوور، بە ڵام پرسیارەکە ئەمەیە، کام دەستوور؟ یان بە مانایەکی دیکە، ئایا هەموو دەستوورێک دەبێتە هۆی پاراستنی مافـو ئازادییەکانو بیناکردنی دیموکراسی؟ ئایا مێژووی دەستووری بەشێک لەگەلان پێمان نالێت بەشێک لەرژێمە ستەمکارەکان بە ناوی دەستوورەوە دۆزەخێکی جێگیریان بەرهەمهێناوە. هەر بۆیە ئەم تێبینیو خوێندنەوانە بەو ئاراستەیە کە ئەم دەستوورەی ئێستا ناتوانێت رژێمێکی دیموکراسی راستەقینەی مافپارێز بەرهەمبهێنێت

بۆچی دەستووری کوردستان خراپە؟

مافناس: هاوڕێ تۆفیق

بوونی دەستوور بۆ هەر هەرێمو وڵاتێک پێداویستییەکی گرنگە، لە رێگەی دەستوورەوە شێوازی حوکمڕانی وڵات دیاریدەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی گرنگی دەستوور دەتوانین لە دوو ئاستدا دیاری بکەین، ئاستی دەرەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی شەرعییەتی دەستووری بە رژێمی سیاسی بداتو دونیای دەرەوەش وەکو قەوارەیەکی خاوەن سەروەرو شەرعییەتی دەستووری بیناسێتو مامەڵەی لەگەڵدا بکات، لەسەر ئاستی ناوەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی گەرەنتی بۆ مافەکان دیاری بکاتو پرسە سەرەکیو ستراتیژییەکان جێگیربکاتو بەمەش ئارامیی سیاسیو کۆمەڵایەتی بۆ ناوخۆ فەراهەم بکات. سەبارەت بە دەستووری کوردستان پێشئەوەی خوێندنەوەی بۆ بکەینو قسە لەسەر بابەتەکانی بکەین. کۆنسێپتێک هەیە باسی ئەوە دەکات دەستوور بۆ کوردستان گرنگەو ئەوانەی رەخنە دەگرن دەیانەوێت کوردستان لە قۆناغی بۆشایی دەستووریدا بمێنێتەوەو خاوەن دەستوور نەبێت. بێگومان دەستوور بۆ کوردستان پێداویستییەکی قانوونیو سیاسیی زۆر گرنگە، واتە نەک دەبێت دەستوور هەبێت، بەڵکو دەبێت بەجدی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستوور، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە، کام دەستوور؟ یان بە مانایەکی دیکە، ئایا هەموو دەستوورێک دەبێتە هۆی پاراستنی مافـو ئازادییەکانو بیناکردنی دیموکراسی؟ ئایا مێژووی دەستووری بەشێک لەگەلان پێمان نالێت بەشێک لەرژێمە ستەمکارەکان بە ناوی دەستوورەوە دۆزەخێکی جێگیریان بەرهەمهێناوە. هەر بۆیە ئەم تێبینیو خوێندنەوانە بەو ئاراستەیە کە ئەم دەستوورەی ئێستا ناتوانێت رژێمێکی دیموکراسی راستەقینەی مافپارێز بەرهەمبهێنێت، نەک بۆ ئەوەی کوردستان دەستووری نەبێت. گرنگی دەستوور بەشێکی سەرەکی لە ناوەرۆکو جەوهەرەکەیدایە، بەشەکەی دیکەی لەو رێگەو شێوازانەدایە کە دەستوورەکەی پێدادەنرێت، هێزی شەرعییەتی دەستووری بەتەنیا بە متمانەو دەنگدانی هاوڵاتیانەوە ناوەستێت، بەڵکو لەو هێزە رەمزیو رۆحییەشەوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆمەڵگە وەکو وزەیەکی کۆمەڵایەتی پێیدەبەخشێت، دەستوور چەندە وەسیقەیەکی قانوونییە، دوو ئەوەندە وەسیقەیەکی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی گەورەیە. بەشێک لە هێزی دەستوور لەو هۆشیارییەوە سەرچاوەدەگرێت کە خەڵک بە دەستوورەکەی دەبەخشن. ئەو هۆشیارییەی هاونیشتمانیان لە مانای برگەو مادەکانی تێگەیشتوونو بە ئیرادەیەکی زانراوو هۆشیارەوە لێیتێگەیشتوون.

دەستوور وەکو ئاشکرایە یاسای سەرەکی یان بە دەربڕینێکی دیکە یاسای باڵایە، یان وەکو دەوترێت دایکی یاساکانە. قوتابخانەو میتۆدی جیاواز هەن کە پێناسەو قسە لەسەر دەستوور دەکەن، یەکێک لە پێناسە گشتییەکان دەڵێت، دەستوور بریتییە لە کۆمەڵە یاسایەک تایبەتە بە دیاریکردنی جۆری حوکمڕانی وڵاتو ئەرکو مافی هاوڵاتیانو ئازادییە گشتیو کەسییەکانو دیاریکردنی پەیوەندییەکانو پسپۆرییەکانی دەسەڵاتە. هەروەها لە زانستی یاسادا بابەتەتێکی دیکەمان هەیە بە ناوی پلەبەندی یاسا کە مەبەست لێی بەهێزی هێزی یاسایی ئەو یاسایە بۆ یاسایەکی دیکە بەشێوەیەک کە دەستوور پاشان تەشریعی ئاسایی، رێساکاریو رێنماییو ئەوامر دەگرێتەوە. کە هی یەکەمیان کە (دەستوورە) هێزی یاسایی لە هەموو ئەوانەی دیکە زیاترە، بە مانایەکی دیکە نابێت هیچ یەکێک لەوانەی دیکە لە رووی پرەنسیپەوە پێچەوانەی دەستوور بن. گرنگی دەستوور لە چەند خاڵێکی گشتیدا دەتوانین بە کورتی ئاماژەیان بۆ بکەین، یەکەمیان رەنگدانەوەی ویستو ئیرادەی گشتیی گەلە لە دیاریکردنی مۆدێلی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریی وڵات کە ئەمەیان لەرووی رەهەندی دیموکراسییەوە گرنگیی زۆری هەیە. دووەم دەبێتە هۆی ئەوەی گەرەنتی مانەوەی دامەزراوەو بنەماگشتییەکانی حوکمکردنی وڵات بکاتو بیپارێزێت، ئەمە لەکاتێکدا هێزی سیاسی، یان پێکهاتەیەک کە دەسەڵات دەگرنە دەست مافی ئەوەیان نەبێت دەستکاری شێوە گشتییەکەی حوکم بکەن کە ئەم خەسڵەتە رەهەندی ئارامگیریو پارێزراوی دامەزراوەکانی وڵاتو کۆمەڵگە دەکات. لێرەوە گرنگی بوونی دەستوور بۆ رەوشی کوردستان بەدەر دەکەوێت.

لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین شیکردنەوە بۆ چەند بابەتو برگەو مادەیەکی دەستوورەکە بکەین. بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی لە پرۆژەی دەستووری کوردستاندا تەبەنیکراوە، دەتوانین بڵێین چەند کێشەیەکی بنەڕەتی هەیە، یەکەمو جەوهەریترینیان پەیوەندی بە ناوەرۆکی دەستوورەکەوە هەیە، دووەمیان پەیوەندی بە کاتو بەرواری پێشکەشکردنی دەستوورەکەو زانیاریی هاوڵاتیان لەسەریو سێیەمیان پەیوەندی بە رەهەندی شەرعییەتی پەسەندکردنی دەستوورەکەوە هەیە، لەم نووسینەدا قسە لەسەر خاڵی یەکەمیان دەکەین کە پەیوەندی بە ناوەرۆکی دەستوورەکەوە هەیە. لێرەوە ئاماژە بە چەند خاڵو برگەو بابەتێکی دەستوورەکە دەکەین ئەوانیش:

یەکەم : بنەما سەرەکییەکان

دەروازەی یەکەمی دەستووری کوردستان تایبەتکراوە بە بنەما سەرەکییەکان لە مادەی (١)دا هاتووە (کوردستان_عێراق، هەرێمێکە لە نێو دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، سیستمە سیاسییەکەی پەرلەمانی کۆماریو دیموکراتییەو پشت بە فرەلایەنی سیاسیو بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات لەرێگەی هەڵبژاردنی گشتی راستەوخۆی نهێنیو دەورییەوە دەبەستێت)

بەپێی ئەم مادەیە مانەوەی کوردستان لە رووی سیاسیو قانوونیو ئیداریەوە وەکو هەرێمێک لە دەوڵەتی عێراقدا بەندە بە مانەوەی رژێمی فیدراڵی پەرلەمانی، دیموکراتی، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە سیستمی حوکمڕانیی کوردستان پەرلەمانی نییە. بەپێی دەستووری کوردستان شێوەی حوکمڕانیی کوردستان لە دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، دادوەری، جێبەجێکردن) پێکهاتووەو دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتووە، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی باڵای جێبەجێکردنە هەر وەک لە مادەی (٦٠) ی دەستووری کوردستاندا هاتووە، واتە سەرۆکی هەرێم خاوەنی دەسەڵاتی زیاترە لەسەرۆک وەزیران. ئەمە جگە لەوەی سەرۆکی هەرێم فەرماندەی هێزی چەکدارو دەزگای ئاسایشە وەک لە هەمان مادەی (٦٠)دا دیاریکراوە، بەو شێوەیە سیستمی حوکمڕانیی کوردستان سیستمێکی نیمچە سەرۆکایەتییە. بەو مانایەی لە هەرێمی کوردستان لە یەککاتدا سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش بوونیان هەیە، ئەمە لە کاتێکدا لە سیستمی سەرۆکایەتیدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوونی نییە. هەڵبژاردنی ئەم سیستمەش بە پێچەوانەی شێوازی حوکمڕانیی عێراقەوەیە کە سیستمێکی پەرلەمانییە.

بەشێک لە بنەما سەرەکییەکانی دەستووری کوردستان بۆخۆی پێچەوانەی دەستووری عێراقە، لەرووی پرەنسیپی (سمو الدستور) نابێت دەستووری هەرێم لەرووی بنەماسەرەکییەکانەوە ناکۆک بێت لەگەڵ دەستووری فیدراڵیدا، کەواتە ئەمە بۆخۆی کێشەیەکی دەستوورەکە دەکەین ئەوانیش:

یەکەم : بنەما سەرەکییەکان

دەروازەی یەکەمی دەستووری کوردستان تایبەتکراوە بە بنەما سەرەکییەکان لە مادەی (١)دا هاتووە (کوردستان_عێراق، هەرێمێکە لە نێو دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، سیستمە سیاسییەکەی پەرلەمانی کۆماریو دیموکراتییەو پشت بە فرەلایەنی سیاسیو بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات لەرێگەی هەڵبژاردنی گشتی راستەوخۆی نهێنیو دەورییەوە دەبەستێت)

بەپێی ئەم مادەیە مانەوەی کوردستان لە رووی سیاسیو قانوونیو ئیداریەوە وەکو هەرێمێک لە دەوڵەتی عێراقدا بەندە بە مانەوەی رژێمی فیدراڵی پەرلەمانی، دیموکراتی، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە سیستمی حوکمڕانیی کوردستان پەرلەمانی نییە. بەپێی دەستووری کوردستان شێوەی حوکمڕانیی کوردستان لە دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، دادوەری، جێبەجێکردن) پێکهاتووەو دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتووە، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی باڵای جێبەجێکردنە هەر وەک لە مادەی (٦٠) ی دەستووری کوردستاندا هاتووە، واتە سەرۆکی هەرێم خاوەنی دەسەڵاتی زیاترە لەسەرۆک وەزیران. ئەمە جگە لەوەی سەرۆکی هەرێم فەرماندەی هێزی چەکدارو دەزگای ئاسایشە وەک لە هەمان مادەی (٦٠)دا دیاریکراوە، بەو شێوەیە سیستمی حوکمڕانیی کوردستان سیستمێکی نیمچە سەرۆکایەتییە. بەو مانایەی لە هەرێمی کوردستان لە یەککاتدا سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش بوونیان هەیە، ئەمە لە کاتێکدا لە سیستمی سەرۆکایەتیدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوونی نییە. هەڵبژاردنی ئەم سیستمەش بە پێچەوانەی شێوازی حوکمڕانیی عێراقەوەیە کە سیستمێکی پەرلەمانییە.

بەشێک لە بنەما سەرەکییەکانی دەستووری کوردستان بۆخۆی پێچەوانەی دەستووری عێراقە، لەرووی پرەنسیپی (سمو الدستور) نابێت دەستووری هەرێم لەرووی بنەماسەرەکییەکانەوە ناکۆک بێت لەگەڵ دەستووری فیدراڵیدا، کەواتە ئەمە بۆخۆی کێشەیەکی دەستووری گرنگەو دەتوانین تانەی نادەستووری لێبدەین، هەروەها لەرووی سیاسییەوە کوردستان پێویستی بەسەرۆکێکە کە لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیار بێتو پەرلەمانیش چاودێری کارەکانو ئەدای بکات، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە کوردستاندا دەسەڵاتەکان بە هاوسەنگی دابەش بکەین، ئەم دابەشکردنە هاوسەنگەش بۆ ئەوەیە ئەگەر یەکێک لە دەسەڵاتەکان تووشی لادانو خراپەکاری هات، دەسەڵاتەکانی دیکە فریای بکەون، بەمانایەکی دیکە موجازەفە نەکەین بەوەی دەسەڵاتێکی زۆر لە دامەزراوەیەکدا کۆبکەینەوە کە بەلادا رۆیشت، ئەوا بەهۆی خراپیبوونی ئەوەوە هەموو کۆمەڵگەش توشی هەڵدێر بکات، ئەمە جگە لەوەی دەمانەوێت هاوسەنگی هێز رابگرین، کە ئەوە بۆخۆی رێگەیەکە لە رێگاکانی زەمانەتی پەراوەی دیموکراسی. سەبارەت بە چۆنێتیی هەڵبژاردنی سەرۆک، بەپێی دەستووری فیدراڵی عێراق سەرۆک لەلایەن پەرلەمانەوە بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامان دەردەچێت وەکو لە مادەی (٦٧)ی دەستووری فیدراڵی ئاماژەی بۆ کراوە، ئەمە لە کاتێکدا بە پێی مادەی (٦١) ی دەستووری هەرێم سەرۆک راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، سەیرتر لەوە، سەرۆکی هەرێم کە لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت بە سیستمی زۆرینەی سادە (اغلبیة البسیطة) دەردەچێت وەک لە مادەی (٨) یاسای ژمارە (١) سەرۆکایەتیی هەرێم ساڵی (٢٠٠٥)دا هاتووە. ئەمە لە کاتێکدا لە سیستمی وڵاتانی زۆرێکی دونیای دیموکرات دەبێت بە شێوازی سیستمی زۆرینەی رەها بێت (اغلبیة المطلقة) بێت واتە سەرۆک (٥٠+١) بێنیتو ئەگەر رکابەرەکان نەگەیشتنە ئەو رێژەیە، ئەوا هەڵبژاردن دووبارە دەکرێتەوە بۆ ئەوەی سەرۆک شەرعییەتو متمانەی لایەنی کەمی نیوەی میللەتی هەبێت، نەک وەک ئەوەی کوردستان کە سەرۆک بە زۆرینەی سادە براوە دەبێت.

دەسەڵاتەکان

دەروازەی سێیەمی دەستووری کوردستان تایبەتە بە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوانیش (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەریی) هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆیکرد لە کوردستان دوانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەیە، کە

گرنگی دەستوور لە چەند خاڵێکی گشتیدا دەتوانین بە کورتی ئاماژەیان بۆ بکەین، یەکەمیان رەنگدانەوەی ویستو ئیرادەی گشتیی گەلە لە دیاریکردنی مۆدێلی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریی وڵات کە ئەمەیان لەرووی رەهەندی دیموکراسییەوە گرنگیی زۆری هەیە. دووەم دەبێتە هۆی ئەوەی گەرەنتی مانەوەی دامەزراوەو بنەماگشتییەکانی حوکمکردنی وڵات بکاتو بیپارێزێت، ئەمە لەکاتێکدا هێزی سیاسی، یان پێکهاتەیەک کە دەسەڵات دەگرنە دەست مافی ئەوەیان نەبێت دەستکاری شێوە گشتییەکەی حوکم بکەن کە ئەم خەسڵەتە رەهەندی ئارامگیریو پارێزراوی دامەزراوەکانی وڵاتو کۆمەڵگە دەکات. لێرەوە گرنگی بوونی دەستوور بۆ رەوشی کوردستان بەدەر دەکەوێت

ـــــەتی بەرهەمهێن



ئەزموونی کردەی سیاسەت لە کوردستان لەم چەند ساڵانەی دواییدا پێماندەڵێت کە سیاسەت بە گەورەترین قەیرانی مێژوویی خۆیدا تێپەڕدەبێت. ئەم قەیرانە دەرئەنجامی ئەو بزاوتە ناوەکیانەیە کە سیاسەت لە دووتوێی پراکسیسی خۆیدا لەناو حیزبەکان و لەناو کۆمەڵگە بەرهەمیهێناوەو بکەرەکانیشی چیدی ناتوانن لەو بەرپرسیارێتیە خۆدزەبکەن کە هەندەسەی ئەو سیاسەتەیان دارشتووەو بێپەروا هەڵسوکەوتی لەگەڵدابکەن، چونکە ئەمڕۆ بەرهەمەکانی ئەو سیاسەتە رووبەڕووی مشومڕی توندی ناو خەمی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بووەتەوە. بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەدایکبووە کە چیدی بە گوتاری بەرگریو پاراستنی بوون رازی نابێت

حیزب بۆ دروستکردنی نەتەوەو دەسەڵاتداریتی لۆکالی کوردی.

ئەزموونی کردەی سیاسەت لە کوردستان لەم چەند ساڵانەی دواییدا پێماندەڵێت کە سیاسەت بە گەورەترین قەیرانی مێژوویی خۆیدا تێپەڕدەبێت. ئەم قەیرانە دەرئەنجامی ئەو بزاوتە ناوەکیانەیە کە سیاسەت لە دووتوێی پراکسیسی خۆیدا لەناو حیزبەکان و لەناو کۆمەڵگە بەرهەمیهێناوەو بکەرەکانیشی چیدی ناتوانن لەو بەرپرسیارێتیە خۆدزەبکەن کە هەندەسەی ئەو سیاسەتەیان دارشتووەو بێپەروا هەڵسوکەوتی لەگەڵدابکەن، چونکە ئەمڕۆ بەرهەمەکانی ئەو سیاسەتە رووبەڕووی مشومڕی توندی ناو خەمی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بووەتەوە. بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەدایکبووە کە چیدی بە گوتاری بەرگریو پاراستنی بوون رازی نابێت، کێشەکانی بەوە چارەسەرناکرێت پێیانبگووترێت: ئێمە ئێستا لە مێژووداینو لەناو جیهاندایو دەبێت بەختەوەر بین، چونکە پرسی ئەم بزووتنەوە فیکریو کۆمەڵایەتییە پرسە لە ماناکانی بوون لەناو جیهاندا، گەڕانە بەدوای بەهاکانی ئازادی لەناو ئەم مێژووەخۆکردە.

قەیرانی سیاسەت لە کوردستان بە پلەی یەکەم ونبوونی وەزیفەی یەکەمی سیاسەتە. مەبەست لە وەزیفە سەرەکییەکانی سیاسەت بە مانا ئیدارییەکەی نا، بەڵکو بە مانا فەلسەفیو ئۆنتۆلۆژییەکەی، بەمانای ئەوەی کاری سیاسەت لە فەلسەفەی دیموکراسی بەرهەمهێنانی ئازادییە، بیناسازی خۆشگوزەرانییە بۆ مرۆڤەکان. کاری سیاسەت پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی پلۆراڵە، کۆمەڵگەیەک کە لە یەک گشت پێکنەهاتبێت، بەڵکو لە کۆی چەندین پێکهاتی ئەتۆمی کۆمەڵایەتی کە هەریەکەیان شوناسو خەمو بەرژەوەندی تایبەت بە خۆی هەیە. کاری سیاسەت بنیادنانی پەیوەندییەکی کۆمۆنیکاتیڤە لە نێوان دەسەڵاتو کۆمەڵگە کە ئاخافتنو گفتوگۆکردنو دیالۆگ خەسڵەتی سەرەکی بێت، قسەکردن ببێتە ئەو فاکتەرە گرنگەی ناو سیاسەت کە لەسەر دروستکردنی بەردەوامی رایەڵەو پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتو کۆمەڵگە کاردەکات.

پاش هەژدە ساڵ لە سیاسەتکردنی هەرەمیانەی حیزبیانە، کۆمەڵگەی کوردستان کار لە بنیادنانی پەیوەندییەکی نوێو گۆڕان دەکات لەنێوان سیاسەتو دەسەڵات. بەمانایەکی دیکە خەڵک قسەدەکات، ئەمەش قۆناغێکی گرنگی نوێی گەڕانەوەی مانا راستەقینەکانی سیاسەتە بۆ ناو کایەی سیاسەت. ئەم هێزە نوێیەی ناو کۆمەڵگەی ئێمە دەستکاری وەزیفەکانی سیاسەت دەکات، بەپلەی یەکەمیش سیاسەت لە پرۆسەی بەرخۆرییەوە دەکات بە پرۆسەی بەرهەمهێنان. سیاسەت بۆ ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیە لە قۆناغی ئەمڕۆدا شەهید بەرهەمهناهێنێت، بەڵکو شاهیدو چاودێری کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنێت، تاکی هۆشمەند دروستدەکات کە خوازیاری بەشداربوونە لە نەخشاندنی سیاسەتو مێژووی کۆمەڵگەکەی خۆی. تاکێک کە وەکو شاهیدێکی هۆشمەند بەسەر پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاربکات، هۆشمەندبێت بەرامبەر بەوەی کە دەیبینێتو دەیبیستێتو تیای دەژی، تاکێک کە خواستی گۆڕانو چاککردنی ژیان ببێت بە بەشێک لە هەستی هاونیشتمانیبوونو بەرپرسیارێتیو ئێتیکی سیاسیی.

ئەوەی لە ئێستادا لە کۆمەڵگەی کوردستان دەیبینین دوو گوتاری جیاوازو ناکۆک بەیەکە. گوتارێکیان دەڵێت ئێمە بەرهەمهێنەری چەمکی سیاسەتین لە کوردستان، سیاسەتێک کە ئیش لەسەر سەروەرێتی رابردوو دەکات بۆئەوەی داهاتوو کۆنتراکت (قۆنتەرات) بکات. ئەم گوتارە خۆی بە خاوەنی مێژووی شەرعیەتی شۆڕشگێڕانە دەزانێتو هەرکەسێکیش لەم رابردووە بەشدارنەبووە نابێت بە بەشێک لە داهاتوو، گوتارێک کە پێماندەڵێت ئێمە دەبێت مەمنوون بین کە ئێستا لەناو جیهانداینو ئامادەبوونمان لەم جیهانە هێشتا لە ترسناکیدایەو پێویستی بە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێیە. لەم گوتارەش هێزێک بەدیدەکرێت کە دەیەوێت رابردوو لەوێشەوە مێژوو بکات بە مولکی شەخسیی خۆی. هەر کاتێک هێزێک رابردوو بکات بە مولکی شەخسی، دەبێت لەوە بترسین کە دەیەوێت داهاتووش لەسەر منالەکانی تاپۆبکات. گوتاری دووەمیشیان تێپەڕبوونی گوتاری گەڕانەوەیە بۆ جیهانو ئامادەبوونە لەناو جیهان. ئەم گوتارە نوێیە خوازیاری گۆڕانە لە گوتاری بوونو مانەوە لەناو جیهانو گوڕینی بە گوتاری گەڕان بەناو جیهان، گەڕان بەدوای ماناکانی بوون لەناو جیهان، گەڕان بەدوای ئازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی، گەڕان بەدوای بوونێک کە مێژووی خۆی دروستبکات، بوونێک کە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گروپەکانی کۆمەڵگەو پلورالییەکەی وەربگرێتەوە.

گەورەترین ترسی هێزو بکەرە سەرەکییەکانی سیاسەت لە کۆمەڵگەی کوردی دروستبوونی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە کار لەسەر ئەوە بکات جارێکی دیکە مانا سەرەکییەکانی سیاسەت بگەڕێنێتەوە ناو چەمکی سیاسەتکردن. واتە سیاسەت لە دەمراستییەوەو لە وەزیفەی چەند کەسێک یان گروپێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتییەوە بگۆڕێت بۆ پرۆسەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی بەشداربوونو پەش هەبوون، سیاسەت لە دۆڵی بێدەنگییەوە بگوازرێتەوە ناو وەزیفەی قسەکردنو کۆمۆنیکاسیۆن لە مەجالی گشتیدا. بەرهەمی ئەم پرۆسەیەش گەڕانەوەی بەهاکانی چەمکی هاوڵاتیبوونە بۆ ناو کایەی سیاسەت، چونکە بەبێ هاوڵاتیبوون ناتوانین باس لە سیاسەت بکەین. ئەم پرۆسەیەش بەبێ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی پلورال مەحەڵە.

پلورالیتی پێشمەرجی سیاسی نییە، بەڵکو ئامانجێکە کە سیاسەت بە مانا دیموکراسییەکەی کاری لەسەر دەکات. بەبێ بوونی پلورالیتی خودی سیاسەت لە سیاسەتکردن دەکەوێت. پلورالیتی مانای کارکردنی سیاسییە لەناو کایەی گشتبووندا، نەک تاکڕەوێتی. لە هەر شوێنێک سیاسەت کەوتە ناو داوی تاکڕەوی و خۆئاخافتنی سیاسی، زەمینەسازی بەرهەمهێنانی ستەمگەرایی دەکەوێتە کار. سیاسەت تەنیا لەو شوێنەدا دەتوانێت ئەزموونی خۆی بکات کە بەشداربوون لەناو رووبەری گشتیدا یەکسانیانە بۆ هەموو هێزێکی کۆمەڵایەتی فەراهەمبێت. سیاسەت لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا وەزیفەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم وەزیفەیە پێینابەخشرێت، بەڵکو پێیدەنەخشێنرێت. دروستکردنی بینای سیاسی پرۆسەیەکی دەستەجەمعیە، نەک تاکبڕیاری، بڕیارێکی گشتییە، نەک پەراوێزخستنی جیهانبینی گروپێک یان هێزەکۆمەڵایەتییەکان، ئامادەیی تێگەیشتنە نەک گوێنەبیستیو فەرامۆشکردنی دەنگەکانی دیکە، بوونی گیانی دیالۆگە، نەک بێزمانیو تاکڕەوی لە بیرو کردارو بڕیار. لەهەر وڵاتێک پرۆسەی بەرهەمهێنانی سیاسی نەگۆڕدرا بۆ سیاسەتێکی بەرهەمهێن، کە ئەنجامی دیالۆگێکی ناوەکی نزیککردنەوەو گونجاندنی بیروبۆچوونە جیاوازەکانە بۆ بەرهەمێکی سیاسی، ئەوا درزو دابڕان بەرهەمدەهێنێتو لە هەندێک جاریشدا کۆتایی بە دیالۆگو ئاخاوتن وەکو کەرەسەی سەرەکی سیاسەت دێتو دەگۆڕێت بۆ وەگەڕخستنی توندوتیژییو ستراتیژێک بۆ ئازاردانی یەکتریو بەکارهێنانی زەبروزەنگو لەخراپترین حاڵەتدا خراپکردنی بەرهەمەکەو هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی بیناسازی سیاسیی کۆمەڵگە.

هەر گۆڕانێک لە دونیای ئێمەدا دروستببێت دەبێت هەڵگری فیکرو فۆرمی نوێی ئیشکردن بێت لە سیاسەت. قۆناغێکی نوێ لە تێگەشتن بۆ سیاسەت چەکەرەی کردووە کە پێماندەڵێت: ئێمە چیدی بەدوای جیهانێکدا ناگەڕێین بۆ ئەوەی نیشتمانی تێدا بدۆزینەوە، بەڵکو ئیش لە بنیادنانی نیشتمانێک دەکەین کە جیهانی خۆمانی تێدا دروستبکەین، نیشتمان لە رووبەرێکی جوگرافییەوە بگۆڕێت بۆ رووبەرێکی سیاسی – کۆمەڵایەتیو کلتووری رەنگاورەنگ، خواست بۆ ژیان بگۆڕێت بۆ ئیرادەی دروستکردنی ئازادی، تەنهابوونو دابڕانو تاکڕەوێتی بگۆڕێت بۆ پێکەوەژیانو پلورالیزمو قبووڵکردنی جیاوازی. گوتارێکی نوێ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لەدایکبووە کە چیدی پرسی (لەناو جیهاندا بوون) پرسی گەڕان نییە بەدوای پنتێک لەناو ئەم جیهانە بۆ بوونمان، بەڵکو گەڕانە بەدوای ماناکانی ئازادیو عەدالەت بۆ بوونمان لەناو ئەم جیهانە.

لەهەر وڵاتێک پرۆسەی بەرهەمهێنانی سیاسی نەگۆڕدرا بۆ سیاسەتێکی بەرهەمهێن، کە ئەنجامی دیالۆگێکی ناوەکی نزیککردنەوەو گونجاندنی بیروبۆچوونە جیاوازەکانە بۆ بەرهەمێکی سیاسی، ئەوا درزو دابڕان بەرهەمدەهێنێتو لە هەندێک جاریشدا کۆتایی بە دیالۆگو ئاخاوتن وەکو کەرەسەی سەرەکی سیاسەت دێتو دەگۆڕێت بۆ وەگەڕخستنی توندوتیژییو ستراتیژێک بۆ ئازاردانی یەکتریو بەکارهێنانی زەبروزەنگو لەخراپترین حاڵەتدا خراپکردنی بەرهەمەکەو هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی بیناسازی سیاسیی کۆمەڵگە

لە بەرهەمهێنانی سیاسەتەوە بۆ سیاسـ

کـــردەی سیاسەتکردنی حیزبە کوردییەکان ماوەی هـــەژدەســـاڵـــە تووشی چـەشـنـێـک لـــە فـــەزای مەستبوون بووە، کە تەنیا بکەرەکانی دەتوانن چێژی لـێـوەربـگـرن. سیاسەت شانازی بە قۆناغێکەوە دەکـــات کە نـــەوەی نوێ پێیناموێیە، ئەویش قۆناغی مەستبوونی شۆڕشگێڕانەو بانمێژوویکردنی ئەم بوونەیە. شۆڕشگێڕێتی کاراکتەرێکی کۆمەڵایەتی نییە کە دەسەڵات بیبەخشێت بەخۆی، خەسڵەتێکی بایەلۆژی نییە کە کەسانێک هەیانبێتو کەسانێکی دیکە لێی بێبەری بن، ستایلێکی کۆمەڵایەتی نییە کە هەندێک گروپ یان کەسانێک شانازی پێوەبکەن بەو مۆدێلەش خۆدابڕانی کۆمەڵایەتی دروستبکەن. شۆڕشگێڕێتی دەبەخشرێت بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوسا لە فۆرمی ئاشتییانەی خواستی گۆڕان بێت لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات، یان بە فۆرمی توندوتیژی. شۆڕشگێڕبوون لە دەرەوەی مێژوو نییە، بەڵکو لەناو مێژوودایە

ئاراس فەتاح

گەر مێژووی سیاسەت تاوەکو قۆناغی ڕاپەڕین لە کوردستان پرۆسەی بەردەوام بەرهەمهێنانەوەی گەڕانەوەی (بوون) بووبێت بۆ ناو جیهانو گەڕانیش بووبێت بۆ دۆزینەوەی ڕووبەرێک لەناو جیهان، ئەوا لە دوای ڕاپەڕینەوە ماناکانی سیاسەت گۆڕانی قووڵیان بەسەردا دێت. لەم قۆناغە نوێیەدا سیاسەت چیدی بە تەنیا هەڵگری گوتاری بەرگریکردن لە بوونو پاراستنی بوون نییە، بەڵکو لەپاڵ ئەم گوتارە گوتارێکی نوێ سەرهەڵدەدات کە دەیەوێت بەدوای ماناکانی (بوون)دا بگەڕێت بۆ ئەم بوونە لەناو جیهان. لەم قۆناغەوە گۆڕانێکی قووڵ لە دیدی کورد بۆخۆیو لەسەرخۆی سەرهەڵدەدات، واتە گوتاری پاراستنی بوونو گەڕانەوە بۆ ناو جیهان دەگۆڕێت بۆ گوتاری ئامادەبوونو بەخشینی مانایەک بەو بوونە لەناو جیهان. دیدێکی نوێ بۆ چەمکی مێژوو لەدایک دەبێت. چەمکی بەمێژووکردن تەنیا مانای گەڕانەوە نییە بۆ ناو جیهان، بەڵکو مانای گەڕانە بۆ ئازادی لەناو جیهان. گۆڕان لە تێگەشتن بۆ مێژوو مانای گۆڕانە لە تێگەشتن بۆ ئازادی، مێژوو بەمانای هاوئاهەنگبوونی (بوون) بە ئازادی. لێرەوە پەیوەندی نێوان مێژوو و ئازادی وەکو پەیوەندی نێوان زمانو گراماتیکی لێدێت. واتە چەندە زمان ڕێکخستنی پیتە لەناو وشەو وشە لەناو ڕستە بۆ بەخشینی مانایەک بە ڕستە، ئاوهاش ئامادەبوون لە مێژوو ڕێکخستنی ماناکانی گراماتیکی ئازادییە لەناو جیهان.

قۆناغی دوای بەعس (پۆست – بەعسیزم)، قۆناغی گۆڕانە لە چەمکی پاراستنی بوونەوە بۆ هەڵاوێردنی چەشنی بوون، واتە هەڵبژاردنی فۆرمی پێکەوەژیانو ماناو چەشنی ژیانو ئازادی، ناوەڕۆکی پەیوەندی نێوان سیاسەتو کۆمەڵگە دەستنیشاندەکات. ئەم شەڕە، ململانێیەکی ناوەکییە کە کۆمەڵگەی کوردی لەناو خۆیدا بەرهەمیدەهێنێتو چیدی هاوکێشە بەناوبانگەکەی (کـارل شمید) کارناکات، کە سیاسەت تەنیا لە پەیوەندی نێوان دۆستو دوژمندا دەبینێتەوە. ئەوەی لە ئێستا چەمکی سیاسەت گۆڕانی بەسەردا هاتووەو سیاسەتکردنی حیزبییانە لە کوردستان لێیتێناگاتو لە مانا قووڵە فەلسەفییەکانی بێئاگایەو ناتوانێت بچووکترین خوێندنەوەی تیۆری بۆ بکات، گۆڕانە لە ماناو وەزیفەکانی سیاسەت لە قۆناغی گەڕانەوە بۆ ناو جیهانو بۆ قۆناغی بەخشینی مانایەک بەو بوونە یان ئامادەبوونە لەناو جیهان، واتە ئیشکردنە لەو چەمکە کە چیدی سیاسەت پرۆسەی بەردەوام بەرهەمهێنانەوەی بوون نییە لە گەڕانەوە بۆ ناو جیهان، بەڵکو بەرهەمهێنانی بەهاو ماناکانی ئازادییە بۆ بوونمان لەناو ئەم جیهانە. ئەم گۆڕانە بنجبەستکردنی گوتاری یەکبوونە لە جیاوازی، نەک کوشتنی جیاوازییەکان لەپێناو هێشتنەوەی گوتاری بەرگریکردنو پاراستنی بوون. ئەم گۆڕانە گەڕانە بەدوای دادپەروەرێتی کۆمەڵایەتیو قبوولکردنی جیاوازیو پلورالیتیو بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەک کە ناسنامەی شۆڕشگێڕبوون نەکات بە پێوەر بۆ هاوڵاتیبوون، ڕێساو ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی نوێی دەوێت کە چەمکی هاوڵاتیبوون تەریبو هاوتا نەکات بە بەئەندامبوون لەناو حیزبێکدا.

کردەی سیاسەتکردنی حیزبە کوردییەکان ماوەی هەژدەساڵە تووشی چەشنێک لە فەزای مەستبوون بووە، کە تەنیا بکەرەکانی دەتوانن چێژی لێوەربگرن. سیاسەت شانازی بە قۆناغێکەوە دەکات کە نەوەی نوێ پێیناموێیە، ئەویش قۆناغی مەستبوونی شۆڕشگێڕانەو بانمێژوویکردنی ئەم بوونەیە. شۆڕشگێڕێتی کاراکتەرێکی کۆمەڵایەتی نییە کە دەسەڵات بیبەخشێت بەخۆی، خەسڵەتێکی بایەلۆژی نییە کە کەسانێک هەیانبێتو کەسانێکی دیکە لێی بێبەری بن، ستایلێکی کۆمەڵایەتی نییە کە هەندێک گروپ یان کەسانێک شانازی پێوەبکەن بەو مۆدێلەش خۆدابڕانی کۆمەڵایەتی دروستبکەن. شۆڕشگێڕێتی دەبەخشرێت بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوسا لە فۆرمی ئاشتییانەی خواستی گۆڕان بێت لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات، یان بە فۆرمی توندوتیژی. شۆڕشگێڕبوون لە دەرەوەی مێژوو نییە، بەڵکو لەناو مێژوودایە، بەڵام کێشەی سیاسەتمەدارانی کورد لەوەدایە کە چەمکی مێژوو بە ڕابردوو تێدەگەن، مێژوو کورتدەکەنەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی کە خۆیان بەشداربوون لە دروستکردنو نووسینەوەی، ئەوان مێژوو دەکەن بە لاپەڕەیەک لە یادەوەرییەکانی دوێنێی خۆیان، دوێنێیەک کە بە نەمری دەمێنێتەوەو بۆ هەمیشە پیرۆزەو بەهاکانی خۆی وننناکات.

دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانە هەمیشە مەیلێکی ستراتیژی تیایدا دەبزوێت کە دەیەوێت نرخی بەرهەمهێنانی ئازادی دیاریبکات. ئەم نرخە تێچوونێکی مێژوویی لە پشتییەوە کاردەکات کە تەنیا بکەرەکانی دوێنێ دەتوانن بیکڕن. هەموو ئەوانەی دی، کە گیرفانی مێژوویان پێ نییە بۆ کڕینی ئەم ڕابردووە، دەچنە دەرەوەی ئەم بازنەی هەڵسەنگاندنە بانمێژوویی چەمکی شۆڕشگێڕێتییەوە. واتە مێژوو دەبێتە مێژووی ڕابردووی ئەو کەسانەی کە لەناو پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەم ئازادییەدا کاریانکردووە. مۆنۆپۆلکردنی ئەم کایەیە مانای مۆنۆپۆلکردنی چەمکی شۆڕشگێڕێتی لە مێژوو و سنوورداركردنی ماناکانی ئازادییە. ئەم خۆبەمێژووزانە دوو ئەرکی سەرەکی هەیە: یەکەم، شەرعییەت لە کردەی سیاسییەوە دەکات بە کارەکتەرێکی سیاسی سیاسەتمەداران، واتە سیاسەت لە کردەیەکی بەردەوام لە گۆڕانو پەیوەندییەوە لەناو فەزای گشتی کۆمەڵگە دەگوازێتەوە بۆ ناو پێدراوێکی بانمێژوویی کە کەس ناتوانێت وەدەستیبهێنێت، چونکە مێژووی گروپێکی دیاریکراوەو لەوێشەوە ڕەوایەتی سیاسی وەردەگرن. دووەمیان دابەشکردنی ئەم مێژووە باجەکەی گەورەیە بۆ ئەوانەی کە بەشدارنەبوون تیایدا، بۆیە دابەشکردنی سامان دەبێتە مافێک کە تەنیا ئەوانە هەیانە کە خاوەندارێتی ئەم مێژووەن. باشترین فۆرمی دەسەڵاتدارێتیش کە دەسەڵاتی دوو حیزبی شۆڕشگێڕی کوردی بەرهەمیانهێنابێت بریتییە لە پرنسیپی پەنجا بە پەنجاو لەم دووابیەشدا ڕێککەوتنی ستراتیژی لە دابەشکردنی وەرەسەی شۆڕشگێڕانەی دەسەڵات. گەر بە زمانی (ماکس ڤێبەر) قسەبکەین دەبێت بڵێین (بەشکردنی دابەشکردن) ئەو ڕێسایەیە کە سیاسەتی ئابووری نێوگروپی لەناو چوارچێوەی فۆرمی دەسەڵاتدارێتییەکەیان بەرهەمهیانهێناوە.

شۆڕشگێڕێتی دیاردەیەکی پێدراو نییە بە دەسەڵات، سیفەتێک نییە سیاسەتمەدار وەکو مەدالیای ئازایەتی بەخۆی ببەخشێت. دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی قۆناغێک نییە لە نێوان دیموکراسیو دیکتاتۆری. دەسەڵات هیچ کاتێک ناتوانێت شۆڕشگێڕبێت، هیچ سیاسەتمەدارێکیش تا سەر خەسڵەتی شۆڕشگێڕێتی بەسەر یەخەوە نامێنێت. لەو چرکەساتەی کە شۆڕشگێڕەکان دەسەڵات دەکەن بە فۆرمێک لە فۆرمەکانی مانەوەو بەردەوامیپێدانی دەسەڵاتدارێتی خۆیان، ئەوکاتە هەموو کارەکتەرەکانی شۆڕشگێڕێتی خۆیان لەدەستدەدەن. گرفتی دەسەڵاتی کوردی لەوەدایە کە شۆڕشگێڕێتی بەتەنیا وەک کارەکتەری حیزبو سەرکردەکانی خۆیان دەنوێنێت، کە لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی لەبەرەی دژ بەدەسەڵاتێکی دیکە بوون. ئیدی هەموو خەباتێکی تاکو گروپەکانی ئەم کۆمەڵگەی (پۆست شۆڕشگێڕییە) بۆ ئازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەبن بە ترسناکیەک بۆ دەسەڵاتدارێتی شۆڕشگێڕو ناکرێت هەڵگری خەسڵەتی شۆڕشگێڕانە بن، چونکە ناکۆکن بە دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانەی دوێنێ. بۆیە نازناوی دیکەیان بۆ دەدۆزرێتەوە، لە نموونەی ئاژاوەگێڕو دەستی دەرەکیو خائینو تابوری پێنجەم.

تێڕوانینی حیزب بۆ سیاسەت لە کوردستان لەژێر میکانیزمێکی داخراوو پرۆسەیەکی جەنجەڕئاسا کاردەکات. ئەم تێڕوانینە هەموو مێژووی کۆمەڵگەی ئێمەی لە دەوری خەرمانەی مێژووی سیاسی حیزبەکانو خێزانو خێڵە سیاسییەکاندا کۆکردووەتەوە. دیارە کۆکردنەوەو دورستکردنی هەستی دەستەجەمعێتیو پەیوەندارێتی بۆ گروپو لەویوە وێناکردنی ئەو خێڵە سیاسییەش وەکی نەتەوە، وەزیفەیەک بوو کە سیاسەت لە سەردەمانی خەبات بۆ بەرگری لە بوون بەرهەمیهێنابوو. سیاسەتمەدارە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ ئەوە نابینن کە لەم قۆناغەدا نەک تەنیا ماناکانی سیاسەت گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵکو وەزیفەکانیشی گۆڕانی جەوهەرییان بەسەردا هاتووە. گەر سیاسەتی حیزبی تاوەکو ساڵانی پێش ڕاپەڕین هێزی بەرهەمهێنانی هەبووبێتو کاری خۆی کردبێت، ئەوا لەڕاستیدا لەدوای ڕاپەڕینەوە گوتاری کۆبوونەوەو گرتبوون لەدەوری یەک یەکەی سیاسی دەگۆڕێت بۆ گوتاری جیاوازیو دۆزینەوەی یەکەیەکی گەورەتر لە حیزبو خێڵ بۆ کارکردن لە سیاسەت، ئەویش بیناکردنی کۆمەڵگەیەکی بان-حیزبیو بان-خێڵییە بۆ بیناسازی لە سیاسەت، واتە بیناکردنی ئیرادەی گشتی لەڕێگەی بە داموەدزگاییکردنو یاسایکردنی سیاسەت، دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سیاسییە کە مرۆڤەکان جارێکی دیکە شوناسە ڕاستەقینەکانی خۆیان وەدەستبهێننەوەو خەونی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆشیان بەرهەمبهێنن. ئەم خەونو فەنتازیا کۆمەڵایەتیانە لە جەوهەردا ناکۆکو ناتەبان بە خەونو فەنتازیای

دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانە هەمیشە مەیلێکی ستراتیژی تیایدا دەبزوێت کە دەیەوێت نرخی بەرهەمهێنانی ئازادی دیاریبکات. ئەم نرخە تێچوونێکی مێژوویی لە پشتییەوە کاردەکات کە تەنیا بکەرەکانی دوێنێ دەتوانن بیکڕن. هەموو ئەوانەی دی، کە گیرفانی مێژوویان پێ نییە بۆ کڕینی ئەم ڕابردووە، دەچنە دەرەوەی ئەم بازنەی هەڵسەنگاندنە بانمێژوویی چەمکی شۆڕشگێڕێتییەوە. واتە مێژوو دەبێتە مێژووی ڕابردووی ئەو کەسانەی کە لەناو پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەم ئازادییەدا کاریانکردووە

ـــــــــتی و مۆراڵی گۆڕان

چیایی نا مەدەنی و دوور لە شارستانیەت دەزانـــێـــت و پێیوایە پێویستە رامـی شارستانیەت و ژیانی کۆمەڵایەتی بکرێت. دوژمنانمان کە خوێندنەوەی بابەتیانەیان بۆ کلتووری خۆرئاوا هەیە بە گشتی سوودێکی گەورەیان لە وتە ناپرسەکانی بەرپرسانی ئێمە وەرگرتووە، لەوانە تورکیا بە ئاشکرا دەڵێت من ناچارم کوردەکان بکوژم، چونکە ئەوان چیایین و فێری ژیانی شارنشینی نابن و بە زۆر دەیانهێنینە ناو کۆمەڵەوە، بەڵام ئەوان ئازاریان دەدەن و دەیانکوژن و ژیانی شارەکانیش دەکەن بە ژیانی جەنگەڵ و چیاو بۆیە دەیانهێننە خوارەوە وەکو مرۆڤی سروشتی بژین، کاتێک سەرکردەیەکی کورد خوێندنەوەی بۆ زەمەنی قسەکردن و کلتووری شوێنی نییەو لەنێو هەمان کلتوورو هەمان زەمەندا دەڵێت کورد تەنیا چیاکان دۆستیبوو، نەک سوود، بەڵکو زیانێکی گەورەی لە دۆزی کورداو وتەی دوژمنەکانی کرد بە بەڵگەی سەلمێنراو.

بیست و هەشتەمین سـەرکـردەی ئەمریکی، ودرۆ وێلسن، پێیوابوو بەر لەوتن گوتار پێویستە ئامادەکراوو ڕاڤەکراو بێت بەشێوەیەک کە لای خەلک بمێنێتەوەو دەڵـێـت: «ئـەو گـوتـارەی بە سەعاتێک دەپێورێت بە سەعاتێکیش کۆتایی دێت» لای تۆماس جیرفرسۆنیش کە سێیەمین سەرکردەی ئەمریکا بوو، پێیوابوو دانایی وتـاری، سیاسیبوونی سیاسەتمەدار دەسەلمێنێت، پێشیوابوو «لە کوێدا گرنگی وتن کەوتە ریسکەوە، لەوێدا کێشەکان بە حوکمی پێناس دەبن بە کێشەی سیاسی، وشە مـرۆڤ دەکـات بە بوونەوەرێکی سیاسی»لەگەڵ ئەوەی لە زۆر ڕووەوە دەسـەلاتـدارانـی ئـەمـرۆی کوردستان لێهاتوویان نواندووە لە مامەلەکردن لەگەڵ ئەو دراوسێیانەی هەموو وتەو مامەلەیەکیان بۆ دۆڕان و لەناوبردنی ئەزموونی کوردی بـووە، لەهەمانکاتدا زۆرجـار سووکبینی خودیان پراکتیک کردووە کە جگە لە دۆڕان هیچ بەهایەکی دیکە بە گفتوگۆ وتنەکە نەبەخشیوە، لەم بارەدا تەنیا خودی دەسەلاتدارەکە ڕووبەڕووی ئەو تەنگەژەیە نەبووەتەوە، تەنگەژەی ڕاستەقینە ئەوەیە کە خودی دەسـەلاتـدارەکـە نوێنەرایەتی خودی دەستەجەمعی، گشتی دەکات. لەکاتێکدا خـودی گشتی کەمجار دەتوانێت ئەو بارخوارییەی بە سەریهاتووە ڕاستبکاتەوە، دەکرێت زۆر ڕووی سیاسی، ستراتیژی، مێژووی، دەروونی و مۆراڵی ڕێگربێت لە بەدیهێنانی خەونی گەورەی کورد، بەڵام نەپێوانی ئاستی وتن بۆ ئاستی ڕاگرتنی هەستی میللەتێکو بردنی میللەتێک بۆ ئاستی خود، نابووتی و هەڵدانی وشە لە پێناوی وتن، سازدانی گفتوگۆی بێگۆی بێ دەرئەنجام ئەوەی ناومان نا وتنێک وەکـو ئـەوەی بەرامبەر دەیەوێت نەک خۆت، تەنیا خەونی شاعیرانەمان بە با نادات، بەڵکو هەستی مرۆڤانەشمان دەباتە ئاستێک چاوەڕوانی مەرگی وتەبێژ بکەیت بۆ پێشگیری لەو جۆرە نەهامەتیە، هیچ دەسەلاتدارێک وەکو دەسەلاتداری کورد جورئەتی نەکردووە خـەون و خۆزگەی میللەتی بێبەهاو بێنرخ بکات، لەکاتی قسەکردندا تەنیا باوەڕی بە دبلۆماتیەتی یەک لایەنەبێت.

دبلۆماتیەتی یەک لایەنە پیشەی مرۆڤە تاکڕەوو دیدەبینیە کورتەکان بووە، ئەم تاکانە وتە لەپێناوی ڕەزامەندیەکی کاتی و یەک لایەنە هەڵدەڕژن، ژیری و لۆژیک بینی خۆیان پێ لە سەرو کۆمەڵەوەیەو باوەڕیان بە ڕاوێژو ئامادەکاری لە پێشینە نییە. بە کورتی ئەمانە کەسێتی سایکۆپاتی Psychopathic ن. کەسێتی سایکۆپاتیش ترسناکترین و پڕ مەترسیترین کەسێتین بۆ کۆمەڵ و مرۆڤایەتی، ئەم کەسێتیانە دەکرێت زیرەکو بە تواناو ژیربن، بەڵام بەتاڵن لە هەستی مرۆڤانە، ویژدانی زیندوو و هەڵکردن لەگەڵ ڕاستی و بەرژەوەندی گشتی. لێتەژین بە ڕۆچی خۆپەرستی و خود ـ ئامانجی، درۆو تەڵەو داوی نادۆستانە، دووفـاقـیـەت و دوورەپـەرێـز لـە پینتە مۆراڵیە دروستەکان. ئەم کەسێتیە زۆر هەر لە منداڵیەوە دەردەکەوێت بە دزی و درۆکردن و کرداری ئەگرێشن ـ توندوتیژ دەست پێدەکات و زۆربەی کات ئەم میتۆدە هاوتای چەمکی Sociopathic واتە ئەنتی کۆمەڵایەتی، بەهۆی ئـەو کاریگەریە ترسناکەی لەسەر کۆمەڵ هەیانە بەپێی زانستی دەروونی ئەم کەسێتیانە بەهۆی هەمەچەشنی کەسێتیانەو زۆرجار دەگەنە ئاستی فەرمانڕەوایی، بەڵام هەمیشە یەک ئاکامگیری چارەنووسی کۆتاییان بووە، ئەویش کوشتن و لەناوبردن و خوێنڕشتنی سەرەتا کۆمەڵو دوایی خۆیان.

ڕابـردووی کۆمەلی کـوردی و ئێستا تەژی و سخناخە بە فەرمانڕەوا، لێپرسراو، تاک، ڕۆژنامە، کەناڵو وتەبێژو پێنووس وەشێنی سایکۆپاتی، کۆمەلێکی تەژی بە بڕیارو نیەت و ئاکاری سایکۆپاتی، هەر بە هەمان ئاکاریش داوای داهاتووی ژیاندۆست دەکـات. ئـەوەی ئەمڕۆ بۆ کورد لە سەربەخۆیی خۆشی گرنگترە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و میتۆدیە لە هەموو ڕووەکانەوە، چۆن سەربەخۆش بەرگەی ئەو بارە سایپۆتێ ناگرێ و لە بچووکترین تـەگـەرەدا لە باردەچێت. ئەوەی جەماوەریەکی بێشومار ئومێدی و تێڕوانێکی جیاوازی پێهەڵسپاردووە، گۆڕانێکی گشتییە وەکـو دەستێکی ئەفسوناوی لە هەموو یەکە ژیانیەکانی کورددا، بە گلەیی نابین لەوەی میللەتانی پاش پۆست کۆلۆنیاڵ هەمیشە پێویستیان بە دروستکردنی هێزی فـریـادڕەس و پاڵەوانی فریادڕەسە، بـەڵام لەلایەک دڵسۆزی بۆ ئەو هێزە فریادڕەسەو لە لایەک دڵسۆزی خۆیان بۆ ئەو گۆڕانە چـاوەڕوانـکـراوەو لەلایەکی دیکەوە متمانەی هێزی فریادڕەسیش دەکەوێتە گومانەوە کاتێک بە هەمان کەرەستەی سایکۆپاتی مامەڵەو دەربڕینو لێدوانەکان دەگەن بە کۆمەڵ. لەکاتێکدا ئەو جۆرە سایکۆپاتیە لە هونەری وتندا دەرنەکەوێت هەموو گەلی کورد چاوەڕوانی هێزێکی ژیاندۆست و ئاشتی دۆستەو مرۆڤدۆستە لە کوردستاندا.

لەژێر هەر پەردەیەکدا هاندانی توندو تیژی و وتنی سایکۆپاتی جگە لە زیان گەیاندن بە ئامانجی لایەنی بەکارهێنەری ئەو زمانە بەرژەوەندیەکی دیکە لە خۆی ناگرێت. ئەزموونی ئەمڕۆ پێویستە بە توندی زمانی سایکۆپاتی دوێنێ ڕەتبکاتەوە، زمانێکی ژیاندۆست و مەدەنی لە شوێنیدا جێگیربکات، گۆڕانی ئەمڕۆی کوردی بەر لە هەر ئاکاریەک پێویستە بە گۆڕانێکی زمانەوانی دەستپێبکات، لـەڕووی زمانەوانیەوە ڕێز بۆ تاکەکان بگێڕێنێتەوە، زمـان ئـەو کەرەستە ترسناکەیە لە ململانێیەی شەڕی ناوخۆدا بە ئاقارێکدا برا، گەلێکی پڕاوپڕ لە توندو تیژی و چەکی زمـانـەوانـی ئەتککارو کۆنسێپتی سکێکشوالیزم بەرهەمهێنا. ئەو زمانە سەدان ژنی کردە خۆراکی مردن تەنیا وەکو قوربانی زمانی ئەتککارو دەیان کەسی لێهاتوی لە خزمەتی دۆزی کورد دەرخستەوەو هەزاران لاوی لە نیشتمان تۆران. بە هەمان زمان خەریکین یاداشتی ڕابردوو ڕەتدەکەینەوەو خەونی داهاتوو دەنووسینەوە.

لەگەڵ ئەوەی هەتا ئەمڕۆش ڕۆژنامەی زەردبوونیان لە جیهاندا هەیەو هونەری وتنیشیان تەنیا هونەری ئەتککارانەیە، بەڵام ئەم جۆرە کەنالانە نەبووە بە ئایدیای خەڵکانێک کە چەمکی پیرۆزی مرۆڤدۆستی کردبێت بە مەشخەڵ. کۆمەڵە مەدەنیەکان کە کۆمەلی خۆیان بـەرەو گـۆڕان برد، تەنیا هونەری زمانەوانی و گفتوگۆی نێوان ئۆپۆزسیۆنەکانیان بە لایەنی پۆزەتیڤ نـەگـۆڕی، بەلکو زمـانـی کـارو پیشە مرۆییەکانیشیان بەشێوەیەک گۆڕی کە ڕێزی تاکی لێوە ئاراستەبکرێت، بۆ نموونە کە پیاوی نامەیان گـۆڕی بە نامەبەر، خزمەتکار بۆ ماڵاگر، قەیرە بۆ سەلت، بشۆر بۆ کارگوزاری بشۆری، بەردەستی ناو فڕۆکە بۆ چاودێری ناو فڕۆکەو سەدان گـوزارەی دیکە بۆ نێو زمانی ڕۆژانـە لـەوەوە سەرچاوەی گرت کە کۆمەڵی مەدەنی ڕێزی تاک وەکو مرۆڤ دەگرێت بەبێ جیاوازی، زمانی ڕوشێنەربوو بە زمانێکی نەفرەتلێکراو چ لە ژیانی ڕۆژانەو چ لە بەکارهێنانی کێشەکاندا.

هـەروەهـا زمـان بە کارەکتەرێکی گرنگی کۆمەڵایەتی زانـرا بۆ گۆڕینی ئاکارو هەتا ئێستاش زۆربەی شارەزایانی بـواری کۆمەڵایەتی پێیانوایە لەڕێگەی زمانەوە ئاکار دەگۆڕێت، بۆیە زمانە زبرو ناشرینەکان سـزای یاسایی توندی بۆ دانراوەو بە هەزاران کەسێتی گشتی بوون بە خاوەنی سەرمایەیەکی زۆر کاتێک کەنالێک ناویان لە چوارچێوەی زمانێکی نەگونجاوو دوور لە بەها مرۆییەکان بەرامبەری بەکارهێناوە، سزای یاسایی قەرەبووی مادی کردونەتەوە، بەو شێوەیە ئێستابووە بە زمان و مامەڵەو کلتووری خۆرئاواییەکان.

کـورد ئەگەر بۆ مـۆراڵو هەلێکی مەدەنیانە دەگەڕێت، ئەرکی هەنوکەیی ئەوەیە زمانی توندوتیژو خوێن بەردەر بخرێتە مۆزەخانەی تاکو گروپە بێبەهرەو جاهل سایکۆپیەکانەوە، پێویستە زۆر وریایانەو ژیرانە هونەری وتنی بگۆڕێت بۆ هونەرێکی شایستە، ئەگەر ئەو کەسەیت مەشخەڵەکەت بەدەستگرتووە یان ئەوەیت کە چاوت لە ڕووناکیەکەی بڕیوەو ئومێدتە ڕووناکی مۆمێک بکەیت بە چرایەک، ئەو چرایە بەبێ مۆراڵی زمانەوانی نوێ زۆر بە سانایی دەکوژێتەوە. کەواتە با لە زمانی وتن و کەسێتی خۆمانەوە دەستپێبکەین، چوون گۆڕانی مۆراڵ گۆڕانی سیستمی گشتی دەگەیەنێت، وەلـێ تەنیا گۆڕانی سیستم گۆڕانی دەموچاوەکان دەگەیەنێت. گۆڕانیش لە بـاشـەوە بۆ باشترو لە باشترەوە بۆ تازیار بەو میتۆدەی ئەریک فرۆم دەکرێت کە پێیوایە «یەکەم ئەرکی مرۆڤ لە ژیاندا لە دایکبوونەوەی خۆیەتی بۆ ئەوەی ببێت بەوەی چاوەڕێی دەکرێت، بەنرختریـن بەرهەمی ڕەنجەکانیشی کەسێتی خۆیەتی».

ـــــــــتمانیی کوردستانەوە

خواستی جەماوەری گەل و... هتد لەگەڵ خاڵی چوارەمی ئـەرکـەکـانـی کـۆنـگـرەی نیشتمانیدا گونجاون.

هەڵبەت خاڵی ناکۆکیشمان لەگەڵ پەیامی گۆڕاندا هەیە، بە تایبەتی لەبارەی دۆزی کورد لە پارچەکانی دیکەی کـوردسـتـانـداو چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ دەسەلاتەکانی ئەو وڵاتـەدا، هەروەها لەبارەی چۆنێتی پەیوەندی هەرێمو حکومەتی ناوەندی عێراق و دەستووری عێراق و چۆنێتی گـەڕانـەوەی کـەرکـوک و ناوچە دابڕاوەکان و چۆنێتی ئەنجومەنی فیدراڵو دادگای فـیـدراڵو پابەندبوون بە دەستووری عێراق و هەندێک لایەنی دیکە، کە ئەوانەو ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم وتارە، دەبنە بابەتی وتارێکی دیکەمان لە هەلێکی دیکەدا، ئەوەی مەبەستی ئێستامانە: پێویستمان بەگۆڕانە.

بـەهـیـوایـن ڕەوتـــی گۆڕان، خۆیشی لە گۆڕاندا بێت بـەرەو سەربەخۆیی کـوردسـتـان و هەمیشە لە بۆسەدابێت بۆ قۆستنەوەی هەلێکی دیکە، یا دارشتنی بەرنامەیەکی زانستی بۆ ئەو مەبەستە، یا پەیڕەوکردنی هەر بەرنامەیەکی لەوجۆرە، سیاسەتی هـونـەری توانا نـیـیـە، بـەلـکـو هـونـەری دەستەبەرکردنی توانایە.

jeerkamil@yahoo.com

*** بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی زیانەکانی پارتایەتییەوە لەو کۆمەڵگەیانەدا کـە هێشتا دیموکراسییان تێدا نەخەملێوە یـا لـە قـۆنـاغـی خـەبـاتـی ڕزگـاریـدان بـڕوانـە وتـاری (خەزانی پارتایەتی و چەکەرەی گۆڕان) لاپەڕە (٨) ژمارە (٥٠٣) بەرواری ٢٠٠٩/٧/٢ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو وتاری (ڕەوتی گۆڕان بەرەو کوێ) لە هەمان ڕۆژنامەی ژمارە (٥٠٩) ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٢ لاپەڕە (٩).**

میتۆدی دەنگکڕین بە پارە

ئاری ئەبو بەکر

ئـــەوەی تـا ڕادەیـــەک لـە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەمجارە جـیـاوازە، جـۆری ئەو میتۆدەیە کە لیستەکان بەکاریدەهێنن بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن، بۆ ڕیکلامو پڕوپاگەندەی مسۆگەرکردنی زۆرتـریـن دەنـگ بـۆ لیستو لایەنەکانیان.

هەندێک لیستو قـەوارە بۆ مسۆگەرکردنی دەنـگ، پـارەو شیرینی دەبەخشنەوە بەسەر هـاوڵاتـیـانـدا، ئەمە هەرچەندە میتۆدێکی ناشرینو قێزەونە (ئەمە جگە لەوەی کە ئەسڵ وایە، حیزب خاوەنی سەرمایە نەبێتو پـارەدار نەبێت، جگە لـەو بڕە زۆرکەمەی کە بە پێی یاسا لەلایەن حکومەتەوە بۆی دابیندەکرێت، لەگەڵ ئابوونەی ئەندامەکانی)، کە لە وڵاتانی دیموکراسیدا ئەم جۆرە لە میتۆد نەک هەر بە تاوان، بەلکو ئەو لیستو لایەنەی بەم جۆرە بیەوێت دەنـگ بەدەستبهێنێت، سزای توندەدرێت تا ئەندازەی بێبەشکردن لە مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن، چونکە متمانەی هاوڵاتیان خەڵاتێکەو متمانەیەکە کە ناکرێت ببەخشرێتە کەسێک یان لایەنێک کە لە بێمتمانەییدا بێتو بە پارە دەنگی خەلک بکڕێت.

بەپێچەوانەی ئـەم میتۆدە، هەندێک لایەنو لیستی دیکە هەن، لە بری دەنگکڕینو دانی پارە بە هاوڵاتیان، داوای یارمەتیو کۆمەک لە هاوڵاتیان دەکەن، بۆ ئەوەی لە پڕوپاگەندەی لیستو قەوارەکەدا بەکاریبهێنن، کە ئەم میتۆدەیان لە وڵاتانی دیمۆکراتیدا بێسنوور بەربڵاوەو تاقە میتۆدە کە کۆی گشتی قـەوارەو لیستەکان پشتی پێدەبەستن، چونکە دواجار حیزب کۆمپانیای بازرگانی نییە تا خاوەنی سەرمایەو پارەبێت، لە وڵاتانی دیموکراتیدا لێپرسینەوە لەگەڵ حیزبو لیستەکاندا دەکرێت ئەگەر گومانی ئەوەی لێبکەن کە خاوەنی پارەیەکی زۆرە، بەپێچەوانەوە حیزب خاوەنی بیروڕاو فەلسەفەی حوکمڕانی جیاوازە، کە دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵگە بەو ئاقارەدا ببات کە بە سوودمەندی دەزانێت بۆ کۆمەڵگە.

نموونەی ئەم کۆکردنەوەی هاوکاریی و یارمەتیە بۆ کەمپەینی هەڵبژاردن زۆرن، نزیکترینیشیان کەمپەینی ئۆباما بۆ سەرۆکایەتی کردنی ئەمریکایە، ئۆباما لەکاتی یەکلاییبوونەوەی کاندیداتەکەیدا، ژمارەیەکی حیسابی بڵاوکردەوە بۆ کۆکرنەوەی یارمەتی و هاوکاری بۆ پڕوپاگەندەی هـەڵـبـژاردن، کۆی گشتی ئەو یارمەتیانەی کە بۆ ئۆباما کۆکرایەوە لەڕێگەی ژمـارە حیسابی بـانـقـەوە، دە قاتی ئەو پارەیەبوو، کە لەلایەن یاسای هەڵبژاردنی ئەمریکاوە بۆ هـەردوو کاندیدی سەرۆکایەتی دانرابوو، بۆیە وەک ئەخلاقێکی دیموکراتییانە، ئۆباما بە ئاشکرا ئیعلانی ئەوەی کرد کە ئەو بڕە پارەیـەی لەلایەن یاساوە بۆی دانراوە، وەرناگرێتو دەیگێڕێتەوە بۆ بودجەی گشتی وڵات، چونکە بڕی ئەو پارەیەی کە بۆ کەمپەینی هەڵبژاردن کۆی کردبووەوە دە هێندەو زیاتریشبوو، بەمەش ڕێزگرتنی خۆی بۆ بودجەی گشتی کە خەلکی ئەمریکا خاوەنیەتی، نیشانداو بەرنامەی change لە عەمەلی دا جێبەجێکرد.

لـەم ڕوانـگـەیـەوە دەبـێـت ئـەوە بزانین، دەنگکڕین بەرەو دواوەمـان دەبـاتو میتۆدێکی نایاساییو بێڕێزی کردنە بە مافی تـاکو گـەنـدەڵـی لیستو حیزبەکان دەردەخات بەوەی کە پێمان دەڵێت ئەو لیستانەی دەنگ دەکڕن خاوەنی پارەن، پارەکەش لەڕێگەی ناشەرعیو گەندەڵییەوە وەدەستهاتووە، ئەگینا حیزبو لیست پـارەی لە کوێ بـوو؟. لە کاتێکدا کۆمەک کۆکردنەوە لە خەلک بۆ لیستو قـەوارەکـان جوانترینو باشترین مۆدێلی دیموکراتی دونیایەو نیشاندەری ئـەو ڕاسـتـیـیـەیـە کـە لیستو حیزبەکان خاوەنی سەرمایەی ناشەرعی نین، بەلکو خاوەنی فەلسەفەو بەرنامەی سیاسیو ئابووری تایبەتین بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەو شێوەیەی کە بە سوودمەندی دەزانن.

Arei1976@hotmail.com

هونەری وتن، ئاکاری سایکۆپیـــ

کازیوە ساڵح

«ئەو گۆڕانە بە کە خوازیاری لە جیهاندا ببینی ـ گاندی»

هونەری وتن یەکێکە لە سەرەکیترینو گرنگترین پرەنسیپەکانی ناسینەوەی بەرامبەرو بنەماکانی ئاکارناسیو پێوەرە مۆرالیەکان ـ ئەخلاقناسی ـ

وتـن راهێنان «وەرزش»ی عەقڵە، وەکـو چـۆن لە لەشێکی دژە وەرزش چاوەڕوانی جوڵەو ئاوەزی سستدەکرێت، چـاوەڕوانـی لاوازیو بەرگەنەگرتنی کێشە تەندروستیەکان دەکرێت، ئاواش لە ناهۆشیارانی هونەری وتن چاوەڕوانی ئـاوەزو کـرداری نابەجێیو داڕوخانیان بەرامبەر کێشە دەرەکیەکان دەکرێت، ئـەم هـونـەرە هونەریەکی هاوبەشی نێوان مرۆڤە سەرکەوتووەکانی جیهانە، ئەوانەش هۆشیاری ئەم هونەرەیان هەیە بە سەرکەوتوون، واتە ئەوانەی خاوەنی ئەو چوار فاکتەرەن لەوتنیشدا هۆشیارن، ئەوانەش خاوەنی ئەو هۆشیاریەن لە سـەروی لیستی کۆمپانیو ڕێکخراوو حیزبو بەشەکانی کۆمیونیکەیشنی جیهان، دەژمێردرێن، چونکە هونەرێکە پێویستی بە ڕۆشنبیری، هۆشیاری، حیکمەتو متمانە بەخۆبوونە، چونکە ئەمانە دەتوانن متمانەو خۆشەویستیی بەرامبەر ئاسانتر بەرنەوە.

ئەم هونەرە باڵادەسترین دەسەڵاتە لەنێو کایەکانی ژیاندا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەیان سەرکردە دەخوێنینەوە بەهۆی ناهۆشیاری هونەری وتنەوە نەک تەنیا بەهۆی لاوازی ستراتیژو مۆراڵی سیاسیەوە زۆربەی دەنگی جەماوەرەکەی دۆڕانـدووەو ئەوەی بەرامبەریش هەمان هۆی پێچەوانەی یاریەکانی هێناوەتە مەیدانی بـەرژەوەنـدی خۆی. نموونەی نزیکیش هـەردوو سەرکردەی ئەمریکی بۆشو ئۆباما، ئەوەندەی گەلی ئەمریکی شەرمیان لە ناهۆشیاری لێدوانو گوتارو وتنەکانی بۆش دەکرد، ئەوەندەش شانازی بە هۆشیاری وتنو هەڵسوکەوتی ئۆباماوە دەکەن، ئەوەندە پەیمانەکانیانو کارەکانیان نەهاتووەتە نێو گفتوگۆکانی ڕۆژانەیان، گفتوگۆکانی ڕۆژانەش واتە ڕای خەڵک، ئەو خەڵکەی وشە ریزناکات، باوەڕی بە پاڵنەرە نەستیەکانی خۆی هەیەو لەوێوە بەدەنگ متمانەی دەنگ بەخشین دەبەخشن، نـەک تەنیا لە بـواری سیاسەتناسیو ئاکارناسی، لە بواری وێـژەو فیکریشدا ئەوانەی هونەری وتن بووە بە کەرەستەی هۆشیارییان، زۆرجار کارێکی ساکاریان هێندەی گەورەترین شاکار سەرسامیی بردووەتەوە. ڕێکەوتیش نییە، نەک تەنیا وەکو فاکتەرێکی بەهێزی سیاسەتناسیو ئاکارناسیو کلتوورناسی چوارچێوەی زێڕینی بایەخی بۆ کێشاوە، بەڵکو تەنانەت لە ئاستی بزنزێکی بچووکی کەسیش ئەو کەسانەی کە ڕووبـەڕوو نوێنەرایەتی ئـەو یەکەیە دەکـەن بە قسەو لێدوان پێویستە کەسانێکی پرۆفیشناڵو وانابن لە هونەری وتنداو لانیکەم بڕوانامەی بەشی کۆمیونەکەیشنیان هەبێت.

شارەزایانی کۆمیونیکەیشن پێیانوایە جۆرەکانی وتن دوانن. ئەوانیش یەکێکیان وتنە لە پێناوی وتنداو ئەوی دیکەشیان وتنە لە پێناوی مەبەستێکی دیاریکراودا. لە زۆربـەی بـاردا وتن لە پێناوی وتندا دوو ئامانج دەخەملێنێت ئەوانیش ناسینو گۆڕینەوەی بیروڕایە، بەڵام وتن لەپێناوی مەبەستێکی دیاریکراودا هێندەی ژمارەی مەبەستە جیاوازەکان ئامانجدارن. ئەو مەبەستانەش پێویستیان بە هونەری دەربڕینە: سەرنج ڕاکێشانی بەرامبەرە بە ئاقارێک یەکانگیربێت، لەگەڵ ئامانجی پێشینە، شوێن ڕێساو باوەڕکەوتن لە دەربڕیندا، پاراستنی بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاوبگرێت، درکـانـدن بە زیانی بەسەر هیچ لایەکدا چ خۆی یان ئەوی بەرامبەر نەکەوێتەوە، هاوسەنگی بکات لەتۆنی دەنـگ. ئەمانە پرەنسیپە هەرە سەرەتاییەکانی هونەری گفتوگۆو وتنن، تەنانەت مرۆڤێکی نەخوێندەواریش لە کۆمەڵە پێشکەوتووەکاندا بەهرەمەندە لێی.

قەیرانی هۆشیاریی وتـن بەشێکە لە قەیرانی هۆشیاری گشتی، کۆمەڵە دواکەوتووەکان بەرهەمهێنەری ئەم جۆرە ناهۆشیاریەن لە ژیانی گشتیدا، بەڵام ڕوو لە کارەساتکردنی کۆمەڵێک لەو زەمەنەدا دەستپێدەکات کە ژمارەیەکی زۆری سیاسەتمەدارو نووسەرو تاکە گشتییەکانی ئەو کۆمەڵە هەگبەیە بەتاڵن لەو هۆشیاریە. ئێمە وەکو کورد دووچاری نوێنەرە هەگبە بەتاڵەکانمان لە هونەری وتنو ئاکاری سایکۆپاتی بووینەتەوە. دووچار بوونیەک ژیانی گشتی حورمەتی دەرەکیشی شێواندووین. ژیانی گشتیمان لە ململانێیەی نێوان دەسـەڵاتو حیزبە جیاوازەکانەوە سەریهەڵدا، ئەو کاتەی هونەری وتنیان گۆڕی بە هونەری تانەو تۆمەت هۆنینەوەو هونەری دیالۆگو لێدواندانیش بۆ هونەری خۆدەرخستنو هەڕەشەو نابوتکردن، بەشێوەیەک ئەم نەریتە ناشرینە کرا بە خواردنی ڕۆژانە هەتا کرا بە کلتوورى گشتیو ئەمڕۆ بووە بە پاڵەوانی شۆڕشگێری. هەموو ئەوانەی لێهاتووی ئەو کلتوورە بێزەرەوەن سـەروەریـی و دەسـەڵاتـی سیاسی لە بەرامبەریدا دەخوازن.

لە زانستی کۆمەڵایەتیو دەروونیشدا دۆڕاوتـریـن وتن تـەژێ بە دوو فاکتەر ئەوانیش ئەوە نەڵێت کە خۆت دەتەوێتو ئەوە بڵێیت کە خەڵک یان ئەوی بەرامبەر دەیـەوێـت، لـەوتـنـدا سوکبینی خود بەرجەستەبکەیت، لەهەمانکاتدا مرۆڤی دەروون دروست لایان ئەوەیە لە وتندا ڕێزی بەرامبەر دەگرێت وەکو ئەوەی چۆن دەیەوێت ڕێزی خۆی بگیرێت، هەروەها متمانەبوونو حورمەتی خود دەپارێزێت. ئەگەر تەنانەت هەموو هونەرو فەلسەفەو گوتن پشتگوێ بخرێتو تەنیا ئەم چوار فاکتەرە بەهەند وەربگیرێت، ئەوا کورد هەڵگری هەژارترین هۆشیاری دەربڕینە، بە ئاشکرا دەسەڵاتەکانمان ئەوەیان وتووەو تەنیا ئەوە دەڵێن کە بەرامبەر دەیەوێت، لەکاتێکدا بەرامبەر لە زۆربەی کاتەکاندا دوژمنانبووە، بۆ ئەو وتنەش ئامادەبوون هەموو گەلی خۆیان زویربکەن بە مەرجێک ئەوی بەرامبەر ڕازیبکەن. ساکارترین سیاسی لەوە دەگات لە ئاخافتنو گفتوگۆو لێدوانەکانیدا یەکەم؛ لاوازییەکانی خۆی بزانێتو خـۆی بۆ ئامادەبکات، دوو؛ فاکتەرە بەهێزەکانی بەرامبەر بزانێت لەگەڵ خواستەکانیاندا، سێ؛ زانیاری باشو جیهانبینی بەرفراوان بێت، چوارەم؛ لەڕووی مـێـژووی کلتووریەوەو جوگرافیەوە ئاگاداری زەمەنو شوێنی گۆڕینی جۆری وتنو داڕشتنەوەی ئامانجبێت، بەهۆی ئەم خاڵانەو بەتایبەت خاڵی کۆتایی لە کۆمەڵە دیموکراتیەکاندا سیاسەتمەداران زۆر خۆیان لە قسەو زۆربڵێی دەپارێزن، هیچ سیاسەتمەدارێکیش وەڵامی پرسیارێک ناداتەوەو ناچێتە ناو گفتوگۆیەکەوە کە گفتوگۆی ئەو نییە، وەکو پیشەو وەکو ئەرکیش پرۆفیشناڵ نییەتێیدا، هەرگیز لێپرسراوێک لە دابینکردنی بۆ نموونە خانووبەرە بۆ هەژاران وەڵامی پرسیارێک ناداتەوە، سەبارەت بە چاکسازی بینا سـەبـارەت بە هەمان توێژ کە کاری هەمان فەرمانگەیە نـاداتـەوەو گەرچی وەڵامەکانیشی لابێت دەینێرێت بۆ لای ئەو کەسەی لەو فەرمانگەیەدا ئەو کارانە ڕادەپەڕێنێت، چونکە بوونی ئەوان لەو شوێنەدا بۆ ئەوەیە ناوبانگی ئەرێو متمانەو وتەی ڕاست بە بەشی ئەو یەکەیەبکەن، نەک گەندەڵیو بێباکی لە هیچ وڵاتێکی دیموکراسیدا لە هیچ پنتێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ژیانی بەگشتی ڕاو قسەی گشتگیر نییەو دابەشکرابێت بەسەر هەموو سیاسەتمەدارەکاندا، واتە سیاسییەک تەنیا لەبەرئەوەی سیاسییە بۆی نییە ڕا لەسەر هەموو کێشەو کایە سیاسییەکان بدات، جگە لەو یەکەیەی کە خۆی ئەکتیڤی تێدایە، بەڵام دەسەڵاتی گشتگیر هەیە، هەموو هاوڵاتیەکو سیاسییەک بۆی هەیە لە بڕیارە سیاسییەکاندا ڕاو بەشداربوونی هەبێت، لەکاتێکدا وڵاتی نادیموکراتیو نازانستی وەکو کوردستانو هاوشێوەکانی بڕیاردان تـاکـرەوەو وتنیش گشتگیر، گشتگیری نێوان دەسەڵاتدارەکانو تەنانەت ئەندام حیزبیەکانیشو سیاسیەکان لەگەڵ ئەوەی دەم لە هەموو شت وەردەدەنو وتنی ئامادەی خۆیان بەرامبەر بە هەموو کێشەو کایە جیاوازەکانی دیکە هەیەو ئەمەش دووفاقیەتی قسەکردنی دروستکردووە لەنێوان کەسە جیاوازەکاندا، هەروەها دووفاقیەتی نێوان کردارو وتنیش، بەڵام لە دەسەڵاتدا تاکرەون.

لە لایەکی دیکەوە ئەوەی لە خاڵەکانی پێشوودا لە میانەی گوتاروتنە دەرەکیەکاندا درکی پێکردووە تەنیا خواستی بەرامبەرە، لە فاکتەرەکانی دیکەدا بێ دیدگاو بێئاگا دەرکـەوتـوون، بـۆ نموونە جـیـاوازی خوێندنەوەی کلتووری نێوان عەرەبێکو ئەمریکیەک چەند پانو بەرینە شێوازی گوتاریشو وتنیش هەمان جیاوازی پێویستە، عـەرەب کە پێیوایە وروژانـی سۆزی بەرامبەر گرنگترین فاکتەرە لە هونەری وتندا، زۆر ئاساییە تۆی کوردیش بتەوێت وەکو عەقلی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکەیت، بڵێیت کورد جگە لە چیاکان هیچ دۆستی دیکەی نییە، بەڵام تاکێکی ئەمریکی کە ڕاستەوخۆ بەبێ پێچو پەناو پێشەکیەک دەچێتە ناو هەموو کێشەکانەوەو خاڵ دەخاتە سەر وشەکان ئەو وتەی لایان، نەک لەبری ئەوەی سۆزیان بەشێوەی پۆزەتیڤ بەلای تۆدا بشکێنێتەوە بەلای دوژمنەکەتدا دەشکێنێتەوە، چونکە تۆ بە مرۆڤێکی

هۆشیاریی نەتەوەیی‌و ڕەوتی گۆڕان لە دیدی کۆنگرەی نیشـــ

کامیل ژیر

سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان
سەرکردایەتیی باشوور

فرە لاوازی هۆشیاریی نەتەوەیی لەناو نەتەوەی کـوردا، لە دەوڵەتی مـــادەوە بـــەدی دەکـرێـت، بـــەوەی ئـەو دەوڵـەتـە بە جـۆرێـک دەرگـای بـۆ فـارسـەکـان والاکـردبـوو کـە لە کردەوەیەکی کودەتاییدا، فارسەکان لەگەڵ کەمیی ژمارەیاندا لەچاو کوردا، بە ئاسانی جڵەوی فەرمانڕەواییان گـرتـەدەسـتو کەوتنە کوشتاری کـوردەکـان. کوردەکانیش لە جیاتی ئەوەی لەناو شارەکاندا خۆیان ئامادە بکەن بۆ کودەتایەکی پێچەوانە، هەڵاتن بۆ ناو چیاکان!

ئەگەر کەمێک هۆشیاریی نەتەوەیی لـە سـەری سەڵاحەدینی ئەیوبیدا هەبوایە، ئـەو هێزو توانا زۆرەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەکاردەهێنا. ئەوەش هیچ پاساوێک نییە کە ئەو سـەردەمـە، هۆشیاریی نەتەوەیی، لەناو موسڵماناندا نەبووە. موسڵمانە عەرەبەکان، لە ڕۆژانـی ئەمەویییەکانەوە عەرەبایەتییان کردووە. موسڵمانە فارسەکان، شیعەگەرێتییان بۆ پاراستنی نەتەوایەتیی فارسی بەکارهێنا، موسڵمانە تورکەکانیش، بە گواستنەوەی ناوەندی خەلافەت بۆ بندەستی خۆیان، نەک هەر نەتەوایەتیی تورکیان پاراست، بەڵکو خۆیشیان کردە گەورەترین ئیمپراتۆریەت لە ناوچەکەدا.

ئـەوەی بە دەستی بەتاڵ مایەوە، تەنیا کوردەکە بـوو، وەنەبێ دوای ئەو ڕووداوانەش، هەلی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی نەرەخسابێت، ئەو هەلە بۆ کەریم خانی زەند هەلکەوتو لـە دەسـتـیـدا. ئـەگـەر میرنشینە کوردییەکانیش هۆشیاریی نەتەوەییان ببوایە، یەکیاندەگرتو سەربەخۆیی خۆیان ڕادەگەیاند. لەو ڕۆژگارەشدا هیچکام لە دەوڵەتەکانی دەوروبـەر، ئەو هێزەیان نەبوو بەسەر قەوارەیەکی لـەوجـۆرەی کـوردیـدا زاڵـبـن. هەر ئەو نەبوونی هۆشیاریو نەبوونی یەکێتییە بوو وایکرد شێخ مەحمود تەنیا باڵ بمێنێتەوەو دەرەقەت نەیەت. بەهەمانجۆر حکومەتی کوردستانیش لە مەهاباد. لە مێژووی نزیکیشیاندا. هەر نەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی بوو کە پارتە کوردییەکان کوێرانە ستراتیژی نـەتـەوەی کـوردیـان لە سەربەخۆییەوە گۆڕی بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ داگیرکەران‌و بوون بە دەهۆلکوت بۆ ئەو یەکێتی سۆڤیەتەی گەورەترین تاوانی بەرامبەر بە کورد ئەنجامدا، بەوەی هەمیشە پشتی تورکو فارسی دەگرت لە دژی کوردو بەوەی لەسەر داوای تورک کوردەکانی بندەستی خۆی لە زێدی خۆیان هەڵکەندو پەرشوبڵاوی کردنەوە. ئینجا پارتایەتی، هەر خۆی بەخۆی دیاردەیەکی دروست نییە لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریی نەتەوەییدا. ئـەوە ژەهـراوی پارتایەتی بـوو کە مێشکی پێشمەرگەی لە کوردایەتی شتەوەو وای لێکردن کە دەستیان بچێتە خوێنی یەکدییەوە. ئەگینا واتای پێشمەرگایەتی ئەوە بوو کە لە پێناوی نەتەوەکەیدا خۆی بدات بە کوشتن، نەک لە پێناوی پارتەکەیدا. لەدوای ڕاپـەڕیـن‌و لەکاتی کەوتنی ڕژێمی بەعسیشدا، هەلی سەربەخۆیی ڕەخسا، بەڵام پارتایەتی، نەک هەر بووە هۆی لەدەستدانی ئەو هەلە، بەڵکو بووە هەوێنی دروستکردنەوەی ڕژێمێکی دیکەی دژوار لە بەغدا، سەرباری ئەو گەندەلییەی بەهۆی پارتایەتیەوە لە هەرێمدا بەربڵاوە!

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەڕووی کردەییەوەو لەم قۆناغەدا پێنج ئەرکی سەرەکیی لەئەستۆ گرتووە:

١ـ ناساندنی کێشەی کورد لە بواری نێودەوڵەتیدا.

٢ـ یەکگرتنی باڵە سیاسییەکانی کـورد لە سەرتاسەری کوردستاندا لەژێر چەترێکی بەرەییدا لە جیاتی فـرە پارتایەتی لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریماندا.

٣ـ کۆششی نەتەوەیی بۆ ڕوونەدان‌و بۆ ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆ.

٤ـ بـڵاوکـردنـەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی کـوردیو بەرزنرخاندن‌و پشتگیریی هەر هەوڵێک لەوبارەیەوەو هـەر هەوڵێکی دیکە بۆ نەهێشتنی گەندەڵیو پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپـەڕیـن‌و گەشەپێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و چەسپاندنی حوکمی یـاسـاو دەستەبەرکردنی ئازادی‌و یەکسانی.

٥ـ ئـاڕاسـتـەکـردن بـــەرەو سەربەخۆیی.

کۆنگرە، پشتیبەست بـەو بنەما گشتیانە، هەوڵەکانی ڕەوت‌و لیستی گـۆڕان لە بـاشـووری کوردستاندا، بەرزدەنرخێنێت‌و پشتگیریی دەکات. هۆکاری ئەم هەڵوێستەش، لەم خاڵانەوە سەرچاوە دەگرن:

أ‌ـ ڕەوتی گۆڕان، خۆی لە بازنەی داخراوی پارتایەتی دەربازکردو بوو بە بزاڤێکی جەماوەریی گشتگیر کە دەشێت ئەم ڕەوت‌و بزاڤە ببێتە جێگرەوەی فرە پارتایەتی. ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکان، هاوڕاو هاوئامانجە لەگەڵ خواستەکانی کۆنگرەمان کە لە خاڵی دووەمی سەرەوەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

ب‌ـ هەرکات ئەم ڕەوتـە بوو بە جێگرەوەی فرە پارتی، ئیتر مەترسی شـەڕی پارتەکان لە گـۆڕ دەنرێت. ئەوەش خواستی جەماوەری کوردەو هاومەبەستە لەگەڵ خاڵی سێیەمی ئاماژە بۆکراومان لە سەرەوە.

ج‌ـ پەیامو بەرنامەی گـۆڕان بۆ لەناوبردنی گەندەڵی، بە گۆڕینی هەر دەسەڵاتێکی گەندەڵی هەرێمەو بە پەنجەخستنەسەر زامـەکـان، بە جوانکردنی ڕووی پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ڕوانین بۆ ئایندەیەکی گـەشـی شارستانی‌و دادپەروەری، بە بەهێزکردنی حکومەتی هەرێم بە جۆرێک کە بەرگەی هەڕەشە دەرەکییەکان بگرێت، بە ڕۆشنکاری‌و وەلانانی ژووڕە تاریکەکان، بە ئازادی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەسەر

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
هیئة انتخابات اقلیم کوردستان

((راگەیاندن))

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بڕیاری خۆی ژمارە(٦)ی کۆنوسی نائاسایی (٤٨)لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/١١ بەم شێوەی خوارەوە دەرکرد:

• رەتکردنەوەی سکاڵای پێشکەشکراو لەلایەن بەڕێز عبدالسلام بارزانی نوێنەری دەسەڵات پێدراوی بزوتنەوەی چاکسازی کوردستانی دژی بەڕێز مەسعود بارزانی بە هۆی پێشکەش نەکردنی بەڵگەی راستەقینە کە ناوەرۆکی رووداوی بابەتی سکاڵاکە بسەلمێنێت.

ئەم بڕیارە شیاوی تێهەڵچونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ رۆژ کە لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی بڕیارەکە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
هیئة انتخابات اقلیم کوردستان

((راگەیاندن))

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بڕیاری خۆی ژمارە(٥)لە کۆنوسی نائاسایی(٤٨) لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/١١ بەم شێوەی خوارەوە دەرکرد:

• غەرامەکردنی بەڕێز (د.کەمال میراودەلی) پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بە غەرامەیەکی دارایی بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠دینار)دوو ملیۆن دینار ئەمە بە پێی هەردوو بڕگەی پێنجەم و نۆزدەهەم لە بەشی سێیەم لە پەیرەوی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٩.

ئەم بڕیارە شیاوی تێهەڵچونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ رۆژ کە لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی بڕیارەکە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
هیئة انتخابات اقلیم کوردستان

((راگەیاندن))

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بڕیاری خۆی ژمارە(٤)ی کۆنوسی نائاسایی (٤٨)لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/١١ بەم شێوەی خوارەوە دەرکرد:

• رەتکردنەوەی سکاڵای پێشکەشکراو لەلایەن بەڕێز ئاکۆ عبدالکریم دەروێش لەبەرئەوەی لە ناوەرۆکی سکاڵاکەیدا کەسی سکاڵالێکراو و لایەنی تاوانباری دیاری نەکردووە بۆ هەڵسان بە کرداری سکاڵالێکراو.

ئەم بڕیارە شیاوی تێهەڵچونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ رۆژ کە لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی بڕیارەکە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
هیئة انتخابات اقلیم کوردستان

((راگەیاندن))

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بڕیاری خۆی ژمارە (11)ی بڕیاری نائاسایی خۆی (48) لە بەرواری 2009/7/11 بەم شێوەی خوارەوە دەرکرد:

سەپاندنی غەرامەی دارایی بە بڕی(1,000,000)دینار بەسەر ئەو قەوارە سیاسیانەی کە پێشێلی مەرجەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان کردووە کە لەم خشتەی خوارەوەدا هاتووە، بەهۆی دانانی بانگەشەی هەڵبژاردن لەو شوێنانەی کە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەکراوە و پابەندکردنیان بە لابردنی ئەو پێشێلکاریانە.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

ز	ناوی قەوارە سیاسیەکە	شوینی رووداو	بڕی غەرامە
1	گەنجانی سەربەخۆ (ژمارە 60)	هەولێر/ شوینی جوراوجۆر	1000000 یەك ملیون دینار
2	پارتی پارێزگارانی کوردستان (ژمارە 61)	هەولێر / قەلاّ	1000000 یەك ملیون دینار
3	لیستی تورکمانی هەولێر (ژمارە 70)	هەولێر / قەلاّ	1000000 یەك ملیون دینار
4	قائمه الاصلاح الترکمانی (ژمارە 72)	هەولێر / قەلا, قوتابخانەی سەلجوق 2- هەولێر / نەخۆشخانەی لەدایك بوون ,قوتابخانەی شەهید مامون دباغ	1000000 یەك ملیون دینار
5	یەکیەتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK (ژمارە 51)	هەولێر شوێنی جوراوجۆر	1000000 یەك ملیون دینار
6	گۆران (التغییر) ژمارە (57)	هەولێر / گەرەکی نوروز قوتابخانەی شرفکندی	1000000 یەك ملیون دینار

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی پشدەر

ژمارە: ٣٠٧/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٧/١٩

ئاگانامە

داواکار/ احمد حمه محمود لەبری کچە ناکامەکەی (هاین)
داوالێکراو/ راستگری تۆماری باری شارستانی پشدەر/ رێرای کارەکەی
داواکار (احمد حمه محمود) داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە کردۆتەوە لەسەر راستگری تۆماری شارستانی پشدەر/ وێرای کارەکەی بۆ گۆرینی ناوی کچی ناکامی لە هاین بۆ دەریا وە بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ناوگۆرینە، هەرکەسێ مافی رێگرتنی هەیە لەم ناو گۆرینە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) دە رۆژدا لە پاش رۆژی بڵاوکردنەوەی لەم رۆژنامەیەدا، وە بەپێچەوانەشەوە ئەم داوایە ئەبینرێ بە گوێرەی یاسا.

دادوەر
سرکوت عونی عمر

هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی لە رانیە

ژمارە/ ٢٠٤/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/١٢

ئاگاداری

بۆ داوالێکراو/ محمد امین علی - حاجیاوا - راپەرین - شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا

داواکار (عبدالله حمه عبدالله) داوای ژمارە (٢٠٤/ب/٢٠٠٩) لەم دادگایە لەسەری تۆمار کردووی کە تیایدا داوای تۆمارکردنی مولکی ژمارە (١/٥٤٣٩)م ٣٦ میرەبگ بە ناوی خۆیەوە دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی نووسراوی بنکەی پۆلیسی حاجیاوا بە ژمارە (٢٧٢٣) رۆژی ٢٠٠٩/٧/٨ وە ئەشعاری ئەنجومەنی شارەوانی حاجیاوا ژمارە (١٣٩٢) لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٦، بۆیە دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان بەهۆی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیەوە کە لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٣٠ دانرا بۆ دادبینی لەم دادگایە کە خۆتان یان بریکارێکی یاساییتان ئامادە بێ بە پێچەوانەوە داواکە ئەبینرێت بەپێی یاسا.

دادوەر
کمال عبدالله رفیق

ئاگاداری

ئاگاداری سەرجەم خوێنەرانی بەڕێز دەکەینەوە کە رۆژنامەی ساندیدە بەم زوانە دەکەوێتە بەردەستی سەرجەم خوێنەرانی کوردستان.

ساندیدە نیوەمانگێکی فیکری ئەهلی گشتییە لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی سەربەخۆوە دەردەچێت لە شاری سلێمانی، بڵاودەکرێتەوە بە گشتی شارەکانی کوردستاندا. ساندیدە بە زمانی کوردی - سۆرانی بڵاودەبێتەوە.

خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر: ئەرسەلان ئەردەڵانی

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران

سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

شەقامی سەهۆڵەکە، شوێنێک بۆ خەوبینین، شوێنێک بۆ بیرکردنەوە..

ئیسماعیل حەمە ئەمین

چیرۆکی شەقامی سەهۆڵەکە، چیرۆکی شوێنی کۆمەڵێک رۆشنبیری خەوبینەربوو کە ئێواران لەگەڵ داوکەتنی خۆرئاوادا لەبەردەم چایخانەیەکی سەفەریی‌و وەجاخێکی بچووکدا یەکیاندەگرتەوە. لە باخچەیەکی بچووکی بەردەم یەکەم دوکانی ریزە دوکانەکە دادەنیشتن‌و تا درەنگانێک، باسیان، چاکترو‌ایە بڵێم باسمان لەبونیەوییەت‌و وجودیەت‌و مارکسیەت‌و ئەدەب‌و سوریالیەت دەکرد.. چۆن هەمووان لێرە کۆبووینەوە، چۆن یەکمانگرت لەو شەقامە!، چۆن بە چاوی گومانەوە وەک کۆمەڵێک (وجـودی) لات‌و پـات، بێگومان سەربازی هەڵاتوو لە جەنگە بەردەوامەکانی سەدام سەیر دەکراین!، چۆن ئاوەها لەدواییدا هەمووان بەرەو مەنفاکان کۆچمان کرد بە چایچیەکەی هاوڕێمانەوە، کە دوای کۆچی ئێمە تەنیا کەوتبۆوەو ئەویش لە تاراوگەکاندا گیرسایەوە. چۆن هەمووان لەدوای راپەڕین لەبەر هۆکاری سیاسی لەگەڵ یەکتر بەشەڕ دەهاتین‌و ئێوارانیش ئەگەر پارەمان پێبووایە دەچووین لە یانەی بازرگانی، بەتایبەت لە پایزدا لەگەڵ هەڵدانی پێکی ئەرەقی هەرزاندا شیعر یان چیرۆکمان بۆ یەکتری دەخوێندەوە. ئەو زەمەنە نە رۆژنامە هەبوو، نە گۆڤار، نە دەزگایەک هەبوو پێی بڵێن کورسییەکی هەیە بۆ ئەدەب، بۆ هونەر‌و خەوبینەرەکان.

نـــەوەی ئێمە، نـــەوەیـــەک بووین لەنێو جەنگەکانەوە، وەک کۆمەڵێک ریشۆڵەی کۆچەریی‌و تێکشکاو لەو شوێنە (لە چایخانەی سەناعە‌و پاشان‌لەسەهۆڵەکە)یەکماندەگرتەوە. ئەم هاوڕێیەمان لە بەرەکانی جەنگی کوەیت هەڵاتبوو، ئەوی دیکە ساڵەهابوو ناسنامەی ساختەی پێبوو، ئەمیش چیرۆکنووسێکی خەیاڵیی بوو وەک هەڵاتوویەک لە بەرەکانی جەنگ لەگەڵ ئێمەدا هونەرمەندە لەبەردەم باخچە بچووکەکە هەمووان دەگیرسایەوە. ئەو باخچە بچووکە ناومان نابوو (باخچەی وجـود). جلەکانمان‌و ریشهێشتنەوەمان‌و جینزی (کـاوبـۆ) کـۆن لەبەرکردنمان، جێگەی سەرنجی رێبوارانی کۆنزەرفاتیڤ‌و کۆنەخوازەکانبوو، لەهەمانکاتیشدا داوێکی جـوان بوو بۆ یەکترناسینمان لەگەڵ ئەو کیژانەی بەوێدا تێپەڕدەبوون‌و بەلاچاو لە هێماکانیان تێدەگەیشتین. لەنێو ئەو دۆزەخی جەنگەدا، سەهۆڵەکە بۆ ئێمە بوو بە شوێنێک دەمانتوانی زەمەنی خەونی خۆمانی تێدا درێژبکەینەوە. (باخچەی وجود) بۆ ئێمە ئەو لەو باخە خەیالییەی دەکرد غەزەلنووس لە رۆمانی غەزەلنووس‌و باخەکانی خەیالدا پێیدا تێپەڕدەبو. شوێنێک بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە سەختیی دنیای ریالیستی خۆمان کە خۆی لە داخرانی هەموو ئاسۆگەیەک دەبینییەوە لەبەردەممانداا. ترسێک بـەوەی رۆژێـک دەمانگرن‌و لە سووچێکی زیندان یان لە کەلاوەیەکدا وەک سەربازی هەڵاتوو بۆ تەمێکردن‌و ترساندن گوللەبارانمان دەکەن، ترسێک بوو بەردەوام هەموو هەڵاتوویەکی وەک ئێمەی ختوکە دەدا. ئێمە بۆ هەڵاتن لەو ترسەو پرتەو بۆڵەی باوکانمان بەوەی بەم سەرکێشیەمان مالیان وێرانەدەکەین، ئێواران یەکماندەگرتەوە، لە سەهۆڵەکە باسمان لەو ترسەو شەڕە جەرگبڕانە نە دەکرد لە ماڵەکانماندا هەناوی دەخواردین، باسمان لەو بێپارەییە سەیرە نە دەکرد کە سەرەڕای ئەوەی خاوەنی بڕوانامەی بالابووین، کەچی پارەی چایەک لە هەندێک ئێواراندا دەچووە سەر لیستی قەرزارییەکانمان. باسمان لەو چارەنووسە نادیارە نەدەکرد کە چاوەڕێ دەکردین، نەخێر باسی هەموو ئەوانەمان نەدەکرد، بەڵکو باس تەنیا باسی شیعر‌و ئەدەب‌و کتێب گۆڕینەوەبوو کە ئەو زەمەنە زۆربەیان بە زمانی عەرەبی بـوون. خـەون بە پاشە رۆژێک کە بتوانین پێشانگاکانی شێوەکارانی هاوڕێمان لە پێشانگای تایبەتدا نمایش بکەین، خەونێک بوو تائێستا بەدینەهاتووە. ئێمەو زۆری دیکە کە لە سەهۆڵەکە دەگیرسانەوە، خەونمان دەبینی بە دنیایەک دوای رووخانی سەدام، ئەم خەونە بەو شێوەیەی ئێمە بیرمان لە بوونی دەزگاکانی رۆشنبیری دەکردەوە، تاوەکو ئێستاش وەک خۆی لە زەمەنی ئەو شوێنەدا باڵەفڕەیەتی.

گاڵتەجارییەکانی قەدەر لەوەدابوو ئەگەر هێزەکانی ئاسایشی بەعس بەوێدا تێپەڕانایە لە ئێمەیان نەدەپرسی، دەبێت ئەم کۆمەڵە گەنجە سەرلێشواوە، خەوبینەرە چ توانایەکیان هەبێت، لەبەرئەوە ئەمەیان تێپەڕ دەکردو دەچـوون داوای ناسنامەیان لەوانە دەکرد سمێلیان رەشترو ئەستووترەو جلی کوردییان لەبەردایە. ئێمە ئەو کۆمەڵە ریشۆڵەیە بووین لەنێو هەڵۆکاندا بە خەوبینەریی مابووینەوە. بەعسییەکان نەپاندەزانی کە هەندێک لە ئێمە ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەران‌و شیوعی‌و پـارتـە سیاسییەکان بـووین، لـە رۆژی راپەڕینیشدا یەکەم کەس کە جارجارە دەهات بۆ ناومان‌و باسی پرۆژەی ئۆپێرایەکی دەکرد بە ناوی (هاملێت)، لە بەرەبەیانی راپەڕیندا شەهیدبوو. هاملێت لە پرۆژە ئۆپێرایەکەی ئـەودا جیاوازی ئەوە بوو کە دوو ئۆڤیلیا بوونیان هەبوو، یەکێکیان رەش‌و ئەوی دیکە سپی. ئەم ئۆپێرایە خەونی هاوڕێی شەهیدمان (مەریوانی مامۆستا عومەر دەوڵەت) بوو کە تەواوی تێکستەکە لەلایەن شاعیری ئازیز (ئەحمەد رەزا) ئامادەکرابوو، مەریوان کە دەهات بۆ لامان بە جگەرەیەکی لالێویەوە کە لە ئەکتەرێکی تەمومژاوی نێو فلیمە رەش‌و سپیەکان دەچوو، باسی لەو ئۆپێرایە دەکرد، باسی لە ئاڵۆزیی ئۆپێرا دەکرد لەنێو خەلکانێکدا هێشتا ترسی مانەوەی جەستەیان، ترسیان لەوەی سبەی بەر گوللەو زیندانی ئەبەدی بەعس نـەکـەون، کارێکی گرانە. ترسی ئەوەی خەڵکێک نەبێت چێژ لە ئۆپێرا وەرگرێت، بێگومان ئەمە ئیشکالییەتێکی هونەری سیاسی‌و فەلسەفی بوو کە جارجارە لەگەڵ مەریواندا باسمان دەکـرد، مەریوان لە بەرەبەیانی رۆژی راپەڕیندابوو بە یەکەم شەهیدی هونەرمەند...من دوای ئەم هەموو ساڵە، هەمیشە وا هەستدەکەم رۆحی ئەو ئۆپێرایە لەوێدایە، هێشتا کە دەگەمە شوێنی باخچە بچووکەکەمان (باخچەی وجود) بیر لە هەردوو ئۆڤیلیای رەش‌و سپی دەکەمەوە، پێکەوە بە گوێچکەی هاملێتدا دەچرپێنن، هاملێتی خومار بە توڵەسەندنەوەی کوشتنی باوکی بە دەستی مامی، سەرمەست بە تۆڵەو رق لە دایک کە شووی کردووەتەوە بە مامی بۆ ئەوەی تەختی پادشاهی بـەردەوام بێت، لە یارییە پیشەکانی دەسەڵات. هاملێت بێئاگا لە دنیا، سەرمەست بە خەونەکانی، ئاگای لە ئەشقی ئۆڤیلیا نییە، بەڵام مەریوان ئەمجارە ئۆڤیلیای کردبوو بە دوو کاراکتەرو تەواوی تۆبۆگرافیای شانۆیەکەی گۆڕیبوو..هێشتا لە سەهۆڵەکە رۆحی ئەو ئۆپێرایە باڵە فڕێیەتی... ئاوەها سەهۆڵەکە شوێنی ئێمەی ونبووبوو، ئێمە کە لەنێو جەنگو خەونی بە دینە هاتوودا خەوبینەری ئەبەدی بووین. ئەمە سەرەڕای ئەوەی فیکرو ئەدەب‌و هونەر کۆیدەکردینەوە، لە زۆر بواری دیکەی ژیاندا ئەزموونی خۆمان هەبووبوو، تێماندابوو چەندەها ساڵ بوو پێشمەرگەبوو، زیندانی سیاسی بوو، بەڵام شێوەمان، ئێستاشی پێوەبێت لە قارەمان‌و پاڵەوان‌و پرۆتاگۆنیست ناچین، لەبەرئەوە ئێمە لە دەرەوەی ئەو هاوکێشەیە مامەڵەمان لەگەڵدا دەکرا، ئێمە قارەمان نەبووین، پەڵکو خەوبینەربووین بە گۆڕانی ئەم واقیعە تاڵە.

لـــەدوای راپەڕینەوە بە هەمان شێوە دەسەڵاتی کـوردی هەمان روانینی هەبوو بۆ ئێمەی هەڵنیشتووی ئێوارانی باخچەی وجود. ئیدی سەهۆڵەکە لەدوای کۆڕەوەکە بووە شوێنی پرسینی هەواڵی یەکتری، تاوەکو جارێکی دیکەو بە ئەزموونێکی دیکەوەو لە زەمەنێکی دیکەدا کە ئازادییەکی وەحشەتگەری میللیشیایی هەبوو، یەکمانگرتەوە، دەمو چاوەکان یەکیانگرتەوە، ئەم باوکی لە کۆڕەودا گیانی لە دەستدابوو، ئەم بریندار بوو، ئەوی دیکە لە ئێرانەوە نە هاتبووەوە، ئاوەها لە ئەزموونی سەربازی هەڵاتوویەوە بۆ بەرەڵلاییەک کە میللیشیای پارتی‌و یەکێتی بە چەکەکانیەوە بە بەردەماندا تێدەپەڕین، خەونی ئەوان‌و ئێمە دیسانەوە یەکینەدەگرتەوە. یەکێتییەکانی نووسەران‌و هونەرمەندان، خەونیان لە شەڕی لیستی سـەوزو زەردا گیری خواردبوو. سـەرەڕای پەیدابوونی رۆژنامەی حیزبی، هێشتا رووبەر نەبوو بۆ ئەدەبی راستەقینە، بۆ خەون، بۆ رەخنە، سەرەڕای بوونی هۆڵی نمایش، تەختەیەکی شانۆ نەبوو بۆ ئەو شانۆکارانەی ئێوارە لەگەڵ چا خواردنەوە باسیان لە بیکێت، ئارتۆ، ستانسلاڤسکی، دەکردو لە هەموو شوێنێکی هونەری فەرامۆش دەکران. بۆ من‌و هاوڕێکانیشم گۆڤارێک نەبوو، رۆژنامەیەک نەبوو رووبەرێکی باش بێت بۆ بڵاوکردنەوە. ئیدی وەک جاران هەر ئێواران لەوێ، لە شوێنی خەونەکەنمان باسمان لە ئەدەب‌و دالی‌و کامۆو فۆکۆو بونیەوییەت‌و مۆدێرنەو تیۆرەکانی فرۆید دەکرد، سەیر لەوەدابوو زۆربەمان لەو بواری شێوەکاریی‌و شانۆو سایکۆلۆژیاو کۆمەڵناسیدا، دەرچووی زانکۆکانی سەڵاحەدین‌و بەغدابووین.. لە دەرەوەی هەموو دەزگاکان، ئێواران لەوێ خەونمان دەبینی بە دواڕۆژەوە.

ئـەم گـردبـوونـەوەیـە لـە شوێنێکدا، (ئاماژەکارییەی شوێن) زیندوودەکاتەوە، شوێن ئاماژەکاییەکانی خۆی بەرهەمدێنێت، بـەوەی شوێن رەمزییەتی خۆی، سمبوڵە نادیارەکانی خۆی، ئاماژەگارییەکانی خۆی، بۆ مێژوویەک، شێوازێک لە ژیان دەکاتەوە. شوێن دەبێتە تەعبیر لە بیروڕاکان بێئەوەی بوترێن، بێئەوەی بە زەقی ئاماژەی بۆ بکرێت. شوێن وەک پارکێک، شەقامێک، فولکەیەکی تایبەت، تەلاسازییەک، گۆڕپانێک دەبێتە ئاماژەیەک بۆ ئاماژە بۆکراوێک، بۆ بیرەوەرییەک، بۆ رووداوێـــک، بیروڕایەک، بزووتنەوەیەکی هونەریی، یان ئەدەبی‌و فیکری..هتد. شوێن لەم خوێندنەوە سەرەتاییەدا تەعبیرە لە زەمەنێک کە زەمەنی واقیعی خۆی نییە، بەڵکو زەمەنێکە تەعبیرە لە خەونی مرۆڤەکان لە بەرامبەر دنیادا. لەوانەیە گۆڕەپانی رزگاری لە بەغداو مۆنومێنتی ئازادیی (جەواد سەلیم) باشترین نموونە بێت کە لە دەرەوەی زەمەنی سیاسی هەموو حکومەت‌و نەتەوەچێتییەکی عەرەبی، هەڵگری ماناکانی ئازادیی‌و ئیستاتیکایە. ئازادییەک کە زەمەنی هونەر بەخشیویەتی بە گۆڕەپانەکە. لێرەوە هونەر تێکەڵی زەمەنی تایبەتی شوێن دەبێت، نەک زەمەنی حکومەت‌و سیاسەتەکان.. سەهۆڵەکە لەم گۆشەنیگایەوە ئەو شوێنە بووە لە سلێمانی کە تەعبیربووە لە خەونی نەوەیەکی دلشکاوو رۆح بریندار. نەوەیەک لە جەنگەکانەوە بۆ مەنفاکانی دەرەوەی وڵات‌و مەنفاکانی ژیان، بۆ نێو زۆنگاوی پارتی‌و یەکێتی کە جگە لە نائومێدیی چیتریان پێنەبەخشراوە. شەڕی ناوخۆی پارتی‌و یەکێتی ئەو گردبوونەوە جوانەی لەو شەقامەدا کوشت، ئیدی یەک لەدوای یەک لە هیچ شوێنێک ئۆقرەمان نەدەگرت، ئەمجارە دوژمن لە دەرەوەی ئێمە نەبوو، بەڵکو لەنێو خۆماندا، ماناکانی هاوڕێیەتی‌و دراوسێیەتی‌و هاوشاریی‌و کوردبوونی راپێچی شەڕێکی بێمانا کردبوو، لەگەڵ رووخانی ئەو مۆراڵە ساکارانەی ژیاندا، سەهۆڵەکە بوو بە شوێنی چـاوەڕوانـی سەفەرێک بۆ بەجێهێشتنی نیشتمان، ئیدی ریشۆڵەکان یەک لەدوای یەک، وەک تەیب سالحی، رۆماننووسی سودانی، دەڵێت: «بەرەو باکوور کۆچیان کرد...زۆربەی هونەرمەندو ئەدیبەکان، وجودییەکانی نێو باخچەکە سەهۆڵەکەیان چۆڵکرد، سەیر لەوەدایە چایچیەکەی هاوڕێمان، خاوەن چایخانە بچووکەکەمان، ئەویش دوای کۆچی ئێمە چانتای پێچایەوەو کۆچی کرد». ئیدی سەهۆڵەکە وەک شوێن لە سمبولەکانی رووتدەبووەوە، ئەوەی کە مابووەوە تەنیا ئەو ناوبانگەی بوو وەک شوێنێک بۆ خەوبینینی نەوە خەوبینەرەکانی جەنگ...

ئەم بیۆگرافیای شوێنە جارێکی دیکە سمبولەکانی خۆی بەرهەمدێنێتەوە، کاتێک لەوبەر جادەکە (سەروەت ئەحمەد سەوز)ی هونەرمەند بە رووداوی ئۆتۆمبێل لەبەردەم سەهۆڵەکە گیان لە دەسـتـدەدات. ئیدی سەهۆڵەکە لە ساڵانی دوایدا دەبێتە شوێنی ساڵیادی سـەرەوەت سەوزی هونەرمەند، دەبێتە شوێنی ئەو نووسەرو رۆژنامەنووسانە ئازادانەی لەوێ، ئەمجارەیان بەپێچەوانەی زەمەنی ئێمەی کۆچکردوو، لەوسەری ئەوسەر کۆدەبوونەوە.

کـاتـێـک مـن‌و هـاوڕێـکـانـم لـە مەنفا دەگەڕێینەوە، دەزانین لەوێ یەکتری دەبینین، تاوەکو جارێکی دیکە ئێواران لەگەڵ نووسەرو شاعیرو رۆژنامەنووسە خەوبینەرە بە تەمەن گەنجەکان گفتوگۆ بکەین. دەبێت ئاماژە بە (گەلەری ئـارام) بکەم، کە ژێر زەمینێکی کلتوورییەو ئێستا بووەتە جێگای سازدانی چەندەها کۆڕو پێشانگای تایبەت. گەلەری ئارام شوێنێکە بەدەر لە هۆڵەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی دوورەپەرێز لە کلتوور، جێگای ئەو خەوبینەرانەیە کە خاوەنی تێزی رەخنەی جیدین لە دەســەڵات‌و کۆمەڵگە. بەم شێوەیە شەقامی سەهۆڵەکە هەمیشە ئەو بوارەبووە کە لە دەرەوەی کایەکانی دەسەڵاتی حکومیەوە، شوێنی ئۆپۆزسیۆنێکی رۆشنبیریی بووە، کە تەمەنی لە ئۆپۆزسیۆنی هەنووکەیی درێژترە، بەڵام خۆشبەختانە ئەم جارە ئەم دووئۆپۆزسیۆنە، رۆشنبیریی‌و سیاسی، شوێنێک بۆ خۆیان‌و هەواداراەکانیان دەدۆزنەوە، کە شەقامی سەهۆڵەکەیە..

ئێستا سەهۆڵەکە لە شوێنی قسەکردن لەسەر هونەرو سینەماو شانۆو رەخنەی فیکرییەوە بووەتە شوێنەک کە لایەنگرانی بزواتی بیرکردنەوەی لەخۆگرتووە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی سەهۆڵەکە لەم ماوەیەی دوایەدا جێگای گفتوگۆبوو لەسەر پرۆژەی رەهەندو رۆشنبیرانی، جێگەی گفتوگۆ بووە لەسەر تێزی رەخنەیی‌و قسەکردن لەسەر چیرۆک‌و رۆمان‌و وەرگێران. هەموو پرۆژەی کتێبەکان لەوێ تاووتوێدەکران‌و قسەیان لەسەر دەکرا، ئەمانە هەموو لە دەرەوەی وەزارەت‌و دەزگا بەنێو رۆشنبیرەکانی حیزب رووویدەدا.کاتێکیش گفتوگۆ لە گەلەری ئارام یان هەر هۆڵێکی دیکە کۆتایی پێدەهات، دوایی لە سەهۆڵەکەو لەگەڵ چایی خواردنەوەدا درێژەی پێدەدرا.

هەڵبژاردنی ئەم شوێنە بەو عەفەویەتەوە، ئاماژەیە بۆ قورساییەی ئەم شوێنە کە بەخۆی‌و ئەو بیۆگرافیایە نە نووسراوەیەوە دەپخاتە سەرشانی ئەو رەوتە، بەوەی دەبێتە هەڵگری پەیامێک بۆ خەونبینین بە دواڕۆژەوە. پێویستە ئاماژەش بەوەبکەین کە لە هەڵبژاردنی یەکەم‌و هەڵبژاردنەکانی دیکەدا، شوێنێک نەبوو ئاوەها عەفەویانە ببێتە جێگایەک بۆ کۆبوونەوەی لایەنگرانی لیستێک‌و پارتێکی تایبەت. لەوەی بتوانن شوێنێک بێتۆبزی‌و زۆرکردن‌و بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆیان، بۆ خۆیان بکەن بەرووبەرێک بۆ تەعبیرکردن لە بیروڕاکانیان، گەواهی ئەو دوورکەوتنەوە گەوەرەیەی ئەو دوو حیزبەیە لە شوێن‌و خەڵکانی ئەم کۆمەڵگەیە. ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەموو ئەو هەوڵانەی دەسەڵات شکستی هێنا بۆ قۆرغکردنی شوێنەکان، بۆ کردنی بە شانۆیی سەروەرییەکانیان، بۆ ئەوەی ببێت بە شوێنێک هەڵگری سۆزدارییەک بێت بۆ ئەوان، لە سەرەتای دەسەڵاتیانەوە هەردوو پارتی دەســەڵاتـدار هەوڵیاندا شوێنەکان بە زۆرو هێزی پارەبکەن بە شوێنێک بۆ رەمزەکانی خۆیان، تەنانەت لەناولێنانی فولکەو تەرخانکردنی پەیکەر بۆ شەهیدەکان، زۆر ناعادیل‌و ستەمکارانە هەڵسوکەوتیان کرد، ئەمیان کرد بە شەهیدی سەنگەرو ئەو بەهی سەرجێگاو ئەوی دیکە بە سەرکردەو ئەوی دیکە بە شتێکی دیکە، هەڵبژاردەیەکی گاڵتەجارانەیان لەنێو ریزی شەهیدەکان‌و هەڵاویێردەی یادەوەریەکانییانداکرد، بەجۆرێک رەنگدانەوەی ترسناکی هەبوو لەسەر رووبەری شارەکان. شوێنەکان لە یادەوەری خەڵکیدا چپتر پابەند نەمابوون بە مێژووی خۆیانەوە، بەڵکو ناسنامەی پەلەو ساختەیان بە بەرۆکدا دەکرا. لە هەموو لایەکەوە ئەو بەرەبەرییەتەی بیرکردنەوەو ئەقڵە کاڵفامە سیاسییە گاڵتەی بە شوێنە گشتییەکان، بە فولکەکان، بە جادە کۆنەکان شارو نەخشەکانی شاری کۆن، هەولێری کۆن، سلێمانی کۆن‌و سینەماو جادەو شەقام‌و کۆڵانە کۆنەکانی دەکرد. قەڵای هەولێر لە خەڵکە دێرینەکانی بێبەشکراو ئیدی شارەکان لەڕووی ئارخیتەکتۆرو بیناسازیەوە بەر هێرشی گەندەڵی دەسەڵات کەوت. ئیدی پەیکەری (نالی) دەخرێتە نێو باخچەی گشتیی‌و (جەواهیری) لەبەر خواستی سەرۆک دەبێتە پەیکەرێکی دیارو زەق‌و ئاشکرا لە شارەکەمان. فولکە بۆ قەزافی دیکتاتۆر دادەنرێت تەنیا لەبەرئەوەی دانـی بە کـوردا نـاوە، بەبێ رەچاوکردنی ئەو توخمە ستەمکاریەی ئەو زاتە کە وڵاتی خۆی پێبەرێوەدەبات. هێرشکردنی پارتی‌و یەکێتی بۆ سەر شوێن، لەڕووخانی سینەماکانی شارەوە بیگرە، تاوەکو تێکدانی سیمای شارو قەڵاکانمان‌و هەوڵدان بوو بۆ کردنیان بە رووخسارێک بۆ تەعبیرکردن لە خواستی حیزب‌و دەسەڵات..

هێرشکردنە لەسەر یادەوەرییەک کە ئەز بە (یادەوەریی شوێن) ناوی دەبەم، هەوڵدانێکە بۆ لەناوبردنی (زەمەنی شوێن) کە دەرئەنجامی پەیوەندییەکی قوڵە، لەنێوان مرۆڤ‌و شوێندا دروستبووە. دەسەڵات وەک خۆی کار لەسەر هەموو توخمەکانی کۆمەڵگە دەکات، بەڵام دەسەڵاتی بێئاگاو مۆنۆپۆڵخوازی کوردی نەک گرنگی بە مێژووی شوێنەکان نادات، بەڵکو دەیەوێت شوێن بکاتە شانۆیەک بۆ کاڵفامیەت‌و بەڕبەڕیەتی حیزبیانەی خۆی. ئیدی ترۆپکی رقی خەڵک لەو هێرشەی دەسەڵاتی کوردی بۆ سەر شوێن، لە سوتاندنی عەفەویانە مۆنۆمێنتی هەلەبجەدا وەڵامی دەدرێتەوە. ئەگەر بە وردی تێبینی ئەو پەیوەندیە ئاڵۆزە بکەین لەنێوان شوێن‌و دەسەڵاتی کوردیدا، ئەو ستەمکاریە هەستپێدەکەین کە دەسەڵاتی کـوردی لە بەرامبەر شوێن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پیادەی کـردووە. گۆڕینی سیمای شارەکان بەبێ رەچاوکردنی هیچ پرنسیبێکی مێژوویی‌و پلانسازی شارەکان، دروستکردنی پردی ناشرین لە ناوەڕاستی شارەکاندا، دروستکردنی بەنداو کە بە یەکەم لێزمە باران دەڕووخێت، تەواونەکردنی کارکردن لەسەر شەقام‌و شوێنە گشتییەکان، کە بووەتە هۆی تێکدانی شوێنەکان‌و بەجێهێشتنی لەنیوەدا بۆ چارەنووسی خۆی. ئەمەو زۆر نموونەی دیکە ئەقڵی ئیداری گەندەڵ لە پەلاماردانیدا بۆ شوێن ئەو نشوستییە گەورەیە نیشاندەدات کە دەسەڵات بەسەر شوێندا دەیسەپێنێت، ئەم ئاماژەگارییەی شوێن وەهای کردووە کە رووبـــەری شـارەکـان ببن بە جێگەی زۆرانـبـازیـی‌و نمایشکردنی ئاماژەکانی دەسەڵات بۆ سەر شوێن، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵانەدا لەگەڵ کردنەوەی پارکی ئازادی‌و شەهیدەکانەوە بیگرە، تا وەکو دەگاتە ناولێنانی شوێنەکان بەناوی سەروەرییەکانی خۆیانەوە. ئەو دووپارتە نەیەنانتوانیوە قەناعەت بە هاوڵاتیەک بکەن لە خۆرا رەمزو هێماکاریەکانی ئەو شوێنایە بە هەند وەربگرێت. نەیتوانیووە شوێنێکیان هەبێت خەڵک لە خۆیەوە، لە خۆراو عەفەویانەو لە سۆزدارییەوە، نەک بەزۆر، رووی تێبکات‌و هەست بەوەبکات لەم شوێنەدا ئەم هێمایانەی دەسەڵات زیندوون. بەپێچەوانەوە خەڵکی لەو شوێنانە دووردەکەوێتەوە کە هێمان بۆ دەسەڵاتی کوردی، لەو رەمزانە بێزارن کە ئەو شانازییان پێوە دەکات، لە هەندێک بۆنەشدا بەر تورەیی خەڵک دەکەون، بەڵام کاتێک شەقامی سەهۆڵەکە بەو ئاماژانەی خۆیەوە، بەو یادەوەریەی شوێنەوە عەفەویانە دەبێتە شوێنی بزوتنەوەی گۆڕان‌و گەنجانی نـامـورادی شـارو خوێندنەوەی شیعرو هەڵچوونی گەنجان، کاتێک سەهۆڵەکە دەبێتە شوێنێک بۆ کەرنەڤاڵێکی هەڵبژاردن. کاتێک شەقامێک دەبێتە شوێنایەک بۆ تەعبیرکردن لە ئازادیی بیروڕاو ئـازادی قسەکردن‌و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا، کاتێگ بزواتێکی تایبەت توانای ئـەوەی دەبێت، ئاشنابێت بە یادەوەریی‌و زەمەنی شوێنێک کە خاوەنی میژوویەکی نەنووسراوی خۆیەتی، کۆدەکانی شوێنێکی ئاوەها بدۆزێتەوە کە ئاماژەکارییە بۆ یادەوەریی‌و چەندەها چیرۆکی خەون‌و پرۆژەی ناتەواوی نەوەکان، کاتێک بزواتێک لەگەڵ ئەو ئاماژانەدا ئاشتدەبێتەوەو دیالۆگی لەگەڵدا دەکات، یاخود ئەو شوێنە لەگەڵ بزواتێکدا یەکدەگرێتەوەو کۆدەکانی خۆی تێکەڵی رەمزە دیارەکانی ئەو دەکات. ئەوسا پێویستە پرسیار لەو شوێنە بکەین کە دەبێت ئەو شوێنە، شوێنای کۆبوونەوەی چ توێژێکی کۆمەڵایەتی‌و نەوەیەکە لە کۆمەڵگەدا!، ئەوسا دەتوانین لەو ئاشنایەتییە تێبگەین کە لەنێوان شوێنێکی دیاریکراو و بزواتێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی دیاریکراودا خۆی رایـەڵـکـردووە. سەهۆڵەکە هەمیشە شوێنێک بووە بۆ خەوبینینی گەنجان بەو کیژانەی بە بەردەمیاندا تێدەپەڕن، هەمیشە شوێنێک بـووە بۆ خەونبینین بە هونەرو ئەدەبێکی بالاوە، شوێنێک بووە بۆ هەموو ئەو نائومێدانەی دەسەڵاتی کوردی نائومێدی کـردوون.. لێرەوە شەقامی سەهۆڵەکە بەو هەموو قورساییە مێژوویەی خۆیەوە، دەبێتە شانۆیەک بۆ نمایشکردنی کەرنەڤاڵی بیرکردنەوە. لەهەمانکاتیشدا هەموو ئەو ئومێدانە نیشاندەدات کە لەو بیرکردنەوانەدا چـاوەڕوانـدەکـرێـت، شەقامی سەهۆڵەکە ســەرەڕای هەموو ئـەو ئاهەنگسازییەی هەڵبژاردن لەسەری نمایشدەکرێت، هەمیشە شوێنایەکە بۆ خەونی نەوەکان، شوێنێکە بۆ خەوبینەرەکان....

پرۆژەی ڕۆژ ستی .
کۆمپانیای ڕۆژی نوێ بۆ دەبەرەنگانی خانوو بەرە
www.rozhinwe.net
هەلێکی زێڕین
جوانی ، ئاسوودەیی ، هێمنی ... سیمای ڕۆژ ستی بە .
+ رۆژ ستی - لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیك مەحموود (نزیك سەنتەری بۆڵینگ) .
+ (ژووری میوان ، چێشتخانە ، (3) نوستن ، حەمام ، توالیت ، شوێنی غەسالە و مەغسەل ، بالکون) .
+ هیچ مانگانەیەکی خزمەت گوزاری نادەیت .
+ نرخی یەکەیەك (50 000 $) پەنجا هەزار دۆلارە ، (25000 $) لە لایەن سندوقی نیشتەجێ بوونەوە دەدرێت بۆ هەموو هاوڵاتیەك ، تەنها بری (25000$) دەدرێت بە چوار قیست - پێشەکی 6500$.
تۆفیسی کۆمپانیا - فرۆشتنی یەکەکان : تووی مەلیك - بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال تایەر - ت (0750 152 1717 - 0770 152 93932 - 0771 016 5555)

گروپی کۆمپانیاکانی دیوان
diwan
مۆبیلیات
دیوان
کەوانتەر
PVC
فرۆشتن بە شێوازی قیستی مانگانە بەبێ زیادکردنی نرخەکان بۆ :
- فەرمانبەران بەگشتی و قوتابیان و مامۆستای زانکۆو پەیمانگاکان ٨ هەشت قیست
- کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و بوك و زاوا ١١ یانزە قیست
- سلێمانی - شەقامی پیرەمێرد ٣١٣٧٣٢٥ - سلێمانی - سی مەتری هەواری تازە ٣٢٣٢٣٥٨
- سلێمانی - کۆتایی شەقامی چوارتای کۆن ٣٢٨٨٢٢٠
- هەولێر - شەقامی شۆرش ٠٦٦٢٥٣٣١٠١ - هەولێر - شەقامی شەستی ٠٦٦٢٥٠٦٠٧٤
- دهۆك - حی عەسکەری - ٠٦٢٧٦٣٠٦١٢
- کەلار - شەقامی سەرەکی سلیمانی ٠٧٤٨٠٢٢٤٩٠٧ - کەلار شەقامی شەهیدان ٠٧٤٨٠٢٧٣٥٧٧
- دەربەندیخان - بەرامبەر یاریگای داخراو ٠٧٤٨٠٢٣٨٠٣٠
www.diwanhome.com diwanhome@yahoo.co.uk

لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق
چـــۆن دەنگ دەدەیت ؟
دوو کارتی دەنگدان هەیە
ناکـــادار بە
● تەنها یەك نیشانەی (✓) لە کارتی دەنگدان لە بەردەم ناوی نەو قەوارە یان پێکهاتە یان پاڵێوراو بۆ سەرۆکی هەرێم دابنێ کە هەڵیدەبژێری.
● لە کاتی دانانی زیاتر لە یەك نیشانەی (✓) لە هەردوو کارتەکەی دەنگدان یان پێشکەشکردنی بەبێ نیشانەکردنیان کارتەکە بە پوچەڵ دادەندرێت و دەنگەکەی هەژمار ناکرێت.
● لە حاڵەتی دەنگدان بۆ قەوارەیەکی سیاسی دیاریکراو نیشانەی (✓) لە خانەی بەتاڵی بەردەم ناوی نەو قەوارە سیاسیە دابنێ کە هەڵیدەبژێری.
● لە حاڵەتی دەنگدان بۆ قەوارەیەکی سیاسی کە نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی کلدان سریان ناشوور و تورکمان و نەرمەن دەکات نیشانەی (✓) لە خانەی بەتاڵی بەردەم ناوی نەو قەوارەیە دابنێ کە نوێنەرایەتی ئەو پێکهاتەیە دەکات.
● بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نیشانەی (✓) لە خانەی بەتاڵی بەردەم ناوی نەو پاڵێوراوە دابنێ کە هەڵیدەبژێری بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارە خۆراییانەوە بکە: اسیاسیل ٧٧٧٧ کورەك ٢٠٢٠
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
www.ihec.iq

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩